WWW.RUDAW.NET

رووداو RÛDAW

خوێنەری رووداو زۆرتر دەزانێت

ژمارە (366) دووشەممە 2015/7/6 15ی پووشپەڕی 2715 (750) دینار

یەکگرتووی ئیسلامی:

# مانەوەی بارزانی لە پۆستەکەی تەحسیل حاسڵە

**رووداو- هەولێر**

ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامی لەبارەی ناوەڕۆکی کۆبوونەوەیان لەگەڵ شاندی پارتی کە نێچیرڤان بارزانی سەرۆکایەتی دەکات و دەستی بە جەولەیەکی گفتوگۆ کردووە لەگەڵ لایەنەکانی دیکە بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، رایگەیاند کە ئەوان رازین بە مانەوەی بارزانی لە پۆستەکەی تاوەکو کۆتایی خولی چوارەمی پەرلەمان، بەڵام بە چەند مەرجێک.

ئەو بەرپرسەی یەکگرتوو کە بەباشی نەزانی ناوی بڵاوبکرێتەوە، گوتی "دەبێ مەسەلەی دەستوور و سیستەمی حوکمڕانی یەکلابکرێتەوە کە چۆنە و سەرۆکی هەرێمی کوردستان چۆن هەڵدەبژێرن".

هەر لەوبارەوە خەلیل ئیبراهیم، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکگرتوو روونتر قسەی کرد و رایگەیاند "ئەو پێشنیازەی پارتی لەگەڵ حیزبەکان لە سلێمانی کردی هەمان پێشنیازی لەگەڵ ئێمەش باسکردووە کە ویلایەتی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ خولی پەرلەمانی کوردستان کۆتایی بێت". دەربارەی رای حیزبەکەشی لەسەر ئەو پێشنیازە گوتی "هەموو لایەنەکان باسی سیستەمی حوکمڕانی دەکەن، کەس باسی کاک مەسعود ناکات، چونکە مادام هەڵبژاردن نییە و هیچ لایەنێک کاندیدی نییە بەرامبەر بە بارزانی، ئیدی مانەوەی کاک مەسعود تەحسیل حاسڵە".

« 3



قەناسێکی ئەمریکی بۆ (رووداو):

## نێربازی لەنێو سوپای عێراق بەربڵاوە

17



## هەڤپەیڤینێکی بڵاونەکراوەی تاڵەبانی دەکرێتە کتێب

4

## 12 ژن لەسەر کێشانی ماددەی هۆشبەر دەستگیر دەکرێن

14

(رووداو) بەڵگەکان بڵاودەکاتەوە

# بە فەرمانی وەزیری دارایی 3760 کادیری یەکێتی و گۆڕان دەکرێنە فەرمانبەری حکومەت

« 3












## لە کفری سێ برا دەچنە نێو داعش

**رووداو- کفری**

لە شارۆچکەی کفری سێ برا پەیوەندی بە رێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی (داعش)ەوە دەکەن. عوسمان عەبدولکریم، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی گەرمیان لە لێدوانێکدا بە (رووداو)ی راگەیاند پێشتر کوڕێکی ئەو خێزانە چووەتە ناو داعش، دواتر دوو برای لە رێگای ئەو برایەیانەوە پەیوەندی لەگەڵ داعش دروستدەکەن و ئەوانیش لە سەرەتای ئەم مانگەوە کفریان جێهێشتووە". گوتیشی "ئەوانە تاوەکو نزیک چەند گوندێکی سنووری کەرکووک کە لەژێر دەستی داعشدایە رۆیشتوون، بەڵام تائێستا یەکلایی نەبووەتەوە ئەوانیش وەک براکەی دیکەیان بوونەتە داعش، یاخود لە ترسی ئەوەی براکەیان داعشە، کفریان جێهێشتووە".



# شوێنگرەوەی بابەکر زێباری تۆمەتی "ئەنفالچی" دەدرێتە پاڵ

## فەریق ئەنوەر حەمەئەمین: ئامادەم بچمە بەردەم دادگا

**مەحموود یاسین کوردی**
**رووداو- هەولێر**





دوای 12 ساڵ مانەوەی لە پۆستی سوپاسالاری عێراق، دواجار فەریق بابەکر زێباری، لە مەراسیمێکدا لە باڵەخانەی وەزارەتی بەرگری، بەغدای بەجێهێشت و بڕیارە کوردێک شوێنی بگرێتەوە، بەڵام جێگرەوەکەی بەوە تۆمەتبار دەکرێ کە بەشداریی پرۆسەی ئەنفالی کردووە.

بابەکر بەدرخان شەوکەت زێباری، لە ساڵی 2003وە دوای رووخانی رژێمی سەددام حوسێن، لەسەر پشکی کورد و لەنێو کوردیش لەسەر پشکی پارتی بووە سەرۆکی ئەرکانی سوپای عێراق. رۆژی 29ی حوزەیرانی 2015 تەلەڤزیۆنی عێراقییە بڵاویکردەوە کە حەیدەر عەبادی، سەرۆک وەزیران و فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکانی عێراق، بڕیاری خانەنشینکردنی بابەکر زێباری، سوپاسالاری عێراقی واژۆکردووە.

شاخەوان عەبدوڵڵا، بڕیاردەری لیژنەی ئاسایش و بەرگری لە پەرلەمانی عێراق بە (رووداو)ی گوت "پۆستی سوپاسالاری عێراق پشکی کوردە و بۆ شوێنەکەی بابەکرزێباریش، فەریق ئەنوەر حەمەئەمین، فەرماندەی هێزی ئاسمانیی عێراق کاندید کراوە".

بەڵام پەرلەمانتارێکی یەکێتی لە بەغدا رەتیکردەوە ئەو پۆستە بۆ کەسێک یەکلاکرابێتەوە و ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە پۆستەکانی بەغدا بەپێی تەوافوق لە نێوان لایەنە کوردستانییەکان دابەش دەکرێت.

د.بەختیار شاوێس، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی سەوز لە پەرلەمانی عێراق بە (رووداو)ی گوت "پۆستی سەرۆکی ئەرکانی سوپای عێراق پشکی کوردە، پێشتر ئەو پۆستە لای برادەرانی پارتی بوو، بەڵام هێشتا فراکسیۆنە کوردستانییەکان کەسێکیان بۆ ئەو پۆستە دەستنیشان نەکردووە، لە سوپای عێراقدا پۆستی سەرۆکی ئەرکان و فەرماندەی هێزی ئاسمانی پشکی کوردە، ئەم پۆستانەش بە تەوافوق دابەش دەکرێن".

دوای بڵاوبوونەوەی هەواڵی کاندیدکردنی فەریق ئەنوەر حەمەئەمین بۆ پۆستی سوپالاری عێراق، چەند بەیاننامەیەک لە دژی ناوبراو بڵاوکرانەوە کە گوایە بەشداریی پرۆسەی ئەنفالی گەلی کوردی کردووە و لەلایەن دادگای باڵای تاوانەکانی عێراقەوە داواکراوە.

فەریق ئەنوەر حەمەئەمین بە (رووداو)ی گوت "بۆ من جێگای شانازییە لەلایەن جەنابی سەرۆک مەسعود بارزانییەوە بۆ ئەو پۆستە کاندید بکرێم، بەڵام بەشێوەیەکی فەرمی هیچم لەگەڵ باس نەکراوە".

سەبارەت بەو تۆمەتانەی خراونەتە پاڵی، فەریق ئەنوەر گوتی "ئەوانەی ئەم بابەتانە دەوروژێنن دەیانەوێ نێوماڵی کوردی پەرت بکەن، من نزیکەی 12 ساڵە لە بەغدا خزمەت دەکەم، بۆچی پێشتر کەس تۆمەتێکی ئاراستە نەکردووم لە کاتێکدا من دوو پۆستی گرنگ و هەستیارم لە وەزارەتی بەرگری وەرگرتووە: یەکێکیان پشکنەری گشتی بوو، ئەوی دیکەیان فەرماندەی هێزی ئاسمانی بوو". گوتیشی "من بێ منەتم لە هەر تۆمەت و قسەیەکی هەڵبەستراو کە لە دژم دەکرێت و ئامادەم لە دادگا رووبەڕووی ئەو کەسانە ببمەوە".

بەپێی لیستێک کە لەلایەن دادگای باڵای تاوانەکانی عێراقەوە بڵاوکراوەتەوە و داوا کراوە ئیجرائاتی یاسایییان لەگەڵدا بکرێ، ناوی فڕۆکەوانێک لە ریزبەندی 21 دا هاتووە کە وا دیارە کوردە و لە لیستەکەدا وەکو رائیدی فڕۆکەوان (ئەنوەر حەمەد ئەمین) ناوی هاتووە.

شاخەوان عەبدوڵڵا سەبارەت بە تۆمەتبارکردنی کاندیدی سوپاسالاری عێراق دەڵێ "پلەی فەریق وەکو پلەی وەزیر و پەرلەمانتارە، ئەگەر پێشتر کاک فەریق ئەنوەر تۆمەتبار بووایە یاخود بەعسی بووایە، چۆن قبوڵ دەکرا پلەی بکرێتە فەریق یان پۆستی فەرماندەی هێزی ئاسمانی وەربگرێت. ئەگەر کوردیش قبوڵی کردبێ شیعەکان قبوڵیان نەدەکرد".

پێشتر وا بڵاوکرایەوە کە دلێر ماوەتی، ئەندامی لیژنەی شەهیدان و قوربانیانی جینۆساید لە پەرلەمانی کوردستان تۆمەتی خستووەتە پاڵ فەریق ئەنوەر. بەڵام ماوەتی رەتیکردەوە هیچ لێدوانێکی بە ناوی کەسوکاری شەهیدان لە دژی فەریق ئەنوەر حەمەئەمین دابێت و گوتی "ناوی کەسم نەهێناوە. ئەو بابەتەشمان لەگەڵ وەزارەتی پێشمەرگە باس نەکردووە، بەڵکو تەنیا ئەوەمان گوتووە کە نابێت هیچ تۆمەتبار و داواکراوێک لە هەرێمی کوردستان و بەغدا پۆستی باڵا وەربگرێت و هیچ بەڵگەیەکیشمان لەبەردەستدا نییە کە ئەو بەڕێزەی کاندیدە بۆ پۆستی سوپاسالار، لە تاوانی ئەنفالدا بەشداریی کردبێت".

## ئاسایشی سلێمانی:

# تائێستا 30 ئەندام و چەکداری داعش لە نێو ئاوارەکاندا دەستگیرکراون

**پشتیوان جەمال**
**رووداو- سلێمانی**



(فۆتۆ: فەرزین حەسەن)

لەماوەی ئەمساڵدا ئاسایشی رۆژئاوای سلێمانی 30 ئاوارەی عەرەبی دەستگیر کردوون کە پێشتر لە ناوچەکانی خۆیان بەیعەتیان بە خەلیفەی داعش داوە و هەندێکیشیان چەکداری ئەو رێکخراوە بوون.

بەهۆی هاتنی داعشەوە بۆ مووسڵ و تکریت و ئەنبار، بە هەزاران خێزانی عەرەب روویان لە شارەکانی هەرێمی کوردستان کردووە کە بەشێکیان لە کەمپەکان نیشتەجێکراون، هەندێکیشیان لە نێو شار و شارۆچکەکانی کوردستان خانوویان بە کرێ گرتووە.

عەمید ئەحمەد نادر، بەڕێوەبەری ئاسایشی رۆژئاوای سلێمانی لە چەمچەماڵ بە (رووداو)ی راگەیاند، لە ماوەی شەش مانگی رابردوودا 30 ئاوارەی عەرەبیان لە شارۆچکەی چەمچەماڵ و ناحیەکانی بازیان و تەکیە و شۆڕش بەپێی مادە 4ی تیرۆر دەستگیر کردووە کە سەرجەمیان خەڵکی پارێزگای ئەنبار بوون.

بەپێی ئەو زانیاریانەی لەلای ئاسایشە، هەندێک لەو دەستگیرکراوانە پێشتر بەیعەتیان بە داعش داوە و تەنانەت چەکداری داعشیش بوون، بەشێکی دیکەشیان شایەتیان لەسەرە و هەندێکیشیان هێشتا لە ژێر لێکۆڵینەوەدان.

ئەو بەرپرسەی ئاسایش رەتیکردەوە کە ئەو کەسانە بەنیازی کاری توندوتیژی و تەقینەوە بووبن لە کوردستان و گوتی "ئەو کەسانە بەنیازی هیچ کردەوەیەکی تیرۆریستی نەبوون، بەڵام پێشتر بەیعەتیان بە داعش داوە و هەندێکیشیان چەکداری داعش بوونە بۆیە دەستگیرکراون".

سەبارەت بەوەی گومانیان لەو خێزانە عەرەبانەی دیکە نییە کە ئێستا لە سنوورەکەیاندان، عەمید ئەحمەد نادر گوتی "بەپێی ئەو رێنماییانەی لەلایەن دەزگای ئاسایشی هەرێمی کوردستانەوە بۆمان دێت، پێویستە هەر کەسێکی عەرەب کە دێتە سنوورەکەمانەوە فۆرمێک پڕ بکەنەوە و هەندێکیان کەفالەت و ناسنامەشیان لێ وەرگیراوە و بە تەواوی خراونەتە ژێر چاودێرییەوە، بەڵام هەمووشیان خەڵکانی خراپ نین".

سەبارەت بە پەیوەندیی ئەو کەسانە بە داعشەوە لە کاتی دەستگیرکردنیان، عەمید ئەحمەد گوتی "خۆیان لە کاتی لێکۆڵینەوەدا دانیان بەوەدا نەناوە کە پەیوەندییان ماوە یاخود نا، بەڵام ئێمە زانیاریمان هەیە کە ژێر بەژێر و لەڕێگەی تەلەفۆنەوە پەیوەندییان هەبووە". گوتیشی "ئەو کەسانە زیاتر ویستوویانە لە چەمچەماڵ و دەوروبەری خۆیان حەشار بدەن".

بەپێی ئامارەکانی فەرمانگەی ئاماری شارۆچکەی چەمچەماڵ، ژمارەی دانیشتووانی شارۆچکەی چەمچەماڵ و دەوروبەری نزیکەی 250 هەزار کەسن و زیاتر لە 25 هەزار عەرەب لەو سنوورەدا نیشتەجێن.

ئامانج محەممەد، قایمقامی شارۆچکەی چەمچەماڵ، لەبارەی نیشتەجێبوونی ئەو ژمارە زۆرە لە ئاوارەی عەرەب لە سنوورەکەیاندا، گوتی کە لەگەڵ نیشتەجێبوونی ئەو هەموو ئاوارەیەدا نەبووە لە سنوورەکەیان، یەکەم بەهۆی دروستکردنی گرفتی نیشتەجێبوون و دووەمیش سنوورەکەیان کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوی لێیە و ئەو عەرەبانەشی هاتوون سوننەن و لەچاوی خەڵکی کوردستاندا وەک پشتیوانی رژێمی پێشووی سەدام حوسێن دەبینرێن. بۆیە دەڵێت "ئەگەر وەکو لیژنەی ئەمنی کۆنترۆڵی بارودۆخەکەمان نەکردایە، دوور نەبوو خەڵکی چەمچەماڵ و ئەو ئاوارە عەرەبانە تووشی کێشە ببن".

ناحیەی بازیانیش کە لەڕووی کارگێڕییەوە سەر بە قەزای ناوەندی سلێمانییە، ژمارەی دانیشتووانەکەی نزیکەی 55 هەزار کەسە، بەڵام شەش هەزار ئاوارەی عەرەب لەو ناحیە و ناوچەی بەردە قارەمان نیشتەجێن.

لوقمان رەئوف، بەڕێوەبەری ناحیەی بازیان گوتی "سوننەکان رێژەیەکی بەرچاویان هەواداری داعشن، بەڵام لەڕووی ئەمنییەوە کۆنترۆڵ کراون". گوتیشی کە جگە لەو عەرەبانەی بەهۆی گومانی پەیوەندییان بە داعشەوە دەستگیر کراون، لە ماوەی رابردووشدا لە کۆمەڵگەی ئەڵڵایی سەر بە ناحیەکەیان چەند خێزانێک چوونەتە ریزەکانی داعشەوە.



# (رووداو) بەشداریی بەخشینی خەڵاتێکی جیهانی دەکات

**رووداو- نیویۆرک**

مەجید نیزامەدین گلی، بەرپرسی نووسینگەی (رووداو) لە شاری نیویۆرک، دەستنیشان دەکرێ بۆ ئەوەی هەڵسەنگاندن بکات بۆ باشترین کارە تەلەفزیۆنییەکانی جیهان تاوەکو بۆ خەڵاتی ئێمیی جیهانی کاندید بکرێن.

زۆربەی رۆژنامەوان و ئەکتەرانی هۆڵیوود لە ئەمریکا و جیهان خەون بەوەوە دەبینن رۆژێک خەڵاتی ئێمی Emmy Awardsی جیهانی وەربگرن. لە کاتێکدا خەڵاتی ئۆسکار بۆ باشترین کاری سینەماییە، ئێمی بەناوبانگترین خەڵاتی بواری تەلەفزیۆن و دۆکیۆمێنتەرییە لە هۆڵیوودی ئەمریکا. ساڵانە ئەکادیمیای تەلەفزیۆنی ئەمریکی لیستی باشترین بەرنامە و بڕگەی هەواڵی تەلەفزیۆنی کاندید دەکات بۆ خەڵاتی ئێمی. بۆ ئەم کارەش چەند ئەندامێکی بە ئەزموون و شارەزا دیاری دەکات تاوەکو هەڵسەنگاندن بکەن و ئەو کارانە هەڵبژێرن کە شایستەی ئەو خەڵاتە جیهانیەن.

مەجید گلی کە ئەندامی هەمیشەیی ئەکادیمیای تەلەفزیۆنی ئەمریکیە، بە (رووداو)ی گوت "زۆر خۆشحاڵم کە وەکو رۆژنامەوانێکی کورد دیاری کراوم بۆئەوەی هەڵسەنگاندن بۆ باشترین کار و بەرنامە تەلەفزیۆنییەکانی ئەمریکا و جیهان بکەم". هەموو ئەندامانی ئەکادیمیا لەسەر ئاستی لۆکاڵی دەتوانن دەنگ بە بەرنامە لۆکاڵییەکان بدەن، بەڵام لەسەر ئاستی نیشتمانی کە هەموو ئەمریکا دەگرێتەوە، تەنیا کۆمەڵێک ئەندام هەڵدەبژێردرێن بۆ دەنگدان. مەجید گلی دەڵێت "کۆمپانیا گەورەکانی بەرهەمهێنانی کاری تەلەفزیۆنی و زنجیرە دراما و دۆکیۆمێنتاری وەکو Netflix و HBO و PBS بانگێشتی بۆنەی تایبەتیان کردووم و سی دی ئۆرجیناڵی دەیان بەرهەم و کاری خۆیان بە خۆڕایی بۆ ناردووم بۆ ئەوەی تەماشایان بکەم و دەنگ بە کارەکەی ئەوان بدەم. زۆربەی کۆمپانیاکانی هۆڵیوود و نیویۆرک زۆر گرنگە لایان کە بەرهەمەکانیان بۆ ئێمی کاندید بکرێت".

مەجید گلی خۆی بەهۆی کارەکانی وەکو پرۆدیوسەرێکی پێشووی کەناڵی ABC NEWSی ئەمریکی لە ساڵی 2014 دوو جار کاندید کراوە بۆ خەڵاتی ئێمی. بەهۆی کاندیدبوونی بۆ ئەو خەڵاتە جیهانیە، ئێستا ئەندامی بەردەوامی ئەکادیمیای تەلەفزیۆنی ئەمریکییە.

**رووداو- هەولێر**

رێبوار حەمەد، گوتەبێژی کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان رایگەیاند ئەمڕۆ (دووشەممە) لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان کۆدەبنەوە و لە کۆبوونەوەکە باسی ئەو کادیرانەشیان دەکەن کە لەلایەن ئاسایشەوە دەستگیرکراون. رێبوار بە (رووداو)ی گوت "لە دوای دانیشتنەکەی پەرلەمان لە 23ی حوزەیراندا، ژمارەیەک ئەندام و کادیرمان دەستگیرکران و تۆمەتی تیرۆر خرایە پاڵیان. هەندێکیان لە ماوەیەکی کەمدا ئازاد کران و ژمارەیەکیشیان تاوەکو ئێستا ئازاد نەکراون". یەکێک لەوانەی دەستگیرکرابوو زاوای عەلی باپیر بوو کە دوای چەند کاژێرێک ئازاد کرا.

رووداو
راپۆرت
ژمارە (366) دووشەممە 2015/7/6

(رووداو) بەڵگەکان بڵاودەکاتەوە

# بە فەرمانی وەزیری دارایی 3760 کادیری یەکێتی و گۆڕان دەکرێنە فەرمانبەری حکومەت






**میڤیدار ئەحمەد**
**رووداو- هەولێر**

بە فەرمانی رێباز محەممەد حەملان، وەزیری دارایی و ئابووریی حکومەتی هەرێمی کوردستان، 3760 کەس کە پێشتر لە رێکخراوەکانی سەر یەکێتی نیشتیمانی کوردستان کاریان کردووە، راژەکانیان دەگوازرێتەوە سەر میلاکی حکومەت و بەسەر فەرمانگە و وەزارەتەکاندا دابەش دەکرێن.

بەگوێرەی فەرمانەکانی وەزیری دارایی، ئەو هەموو کەسە تەنیا بە دوو فەرمان گواستراونەتەوە سەر فەرمانگەکانی گەنجینەکانی وەزارەتی دارایی بەبێ ئەوەی هیچ دۆسیەی دامەزراندنیان هەبێ.

فەرمانەکەی یەکەم لە 2015/4/12 دەرچووە و بڕیاری گواستنەوەی راژەی 1882 کەسی تێدا دراوە، فەرمانی دووەمیش لە 2015/6/21 دەرچووە و ناوی 1878 کەسی تێدایە.

لە فەرمانەکانی وەزیردا هاتووە کە "بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە، بڕیارمان دا بە گواستنەوەی راژەی ئەو فەرمانبەرانە لە لیستی هاوپێچدا ناو و ناونیشان و شوێنی نیشتەجێبوونیان دیاری کراوە، لەسەر میلاکی بەڕێوەبەرایەتی کاروباری رێکخراوەکانی سلێمانی بۆ سەر میلاکی بەڕێوەبەرایەتی گەنجینەکان".

وەزیری دارایی 14 فەرمانی وەزاری بۆ گواستنەوەی ئەو کەسانە دەرکردووە کە بەسەر بەڕێوەبەرایەتییەکانی (دهۆک، هەولێر، سلێمانی، چەمچەماڵ، راپەڕین و گەرمیان)دا دابەش کراون، زۆرترینیان لەسەر گەنجینەی یەک و دووی سلێمانی (1574) کەس، دواتر گەنجینەی هەولێر یەک و دوو (799) کەس، گەنجینەی چەمچەماڵیش (680) کەس دابەش کراون.

بەرپرسێکی ئاگادار و نزیک لە وەزیری دارایی بە (رووداو)ی راگەیاند "دوای نزیکبوونەوەی گۆڕان و یەکێتی، ئەم هەنگاوە بە هەماهەنگیی نێوان جێگری سەرۆک وەزیران و وەزیری دارایی نراوە". گوتیشی "هەندێ بەرپرسی باڵای یەکێتیش لە رێگەی ئەو رێکخراوە مووچەیان وەردەگرت، بەڵام ناوی ئەوان لەو لیستانەدا نییە و جیایانکردووەتەوە بۆ ئەوەی ئاشکرا نەبن".

ئەو بەرپرسە کە بۆ ئەوەی لە وەزارەتەکەی کێشەی بۆ دروست نەبێت، ئامادە نەبوو ناوی بڵاوبکرێتەوە، ئەوەشی ئاشکرا کرد کە "ئەم (3760) کەسە ئەندامی رێکخراوەکانی یەکێتی بوون، یان لە مەڵبەندەکان دەوامیان دەکرد، هەندێکیان مووچەیان هەبوو دەوامیان نەدەکرد، وەزیری دارایی لەگەڵ کاک قوباد (قوباد تاڵەبانی، جێگری سەرۆک وەزیران) رێککەوتوون کە بەو شێوەیە کێشەکەیان چارەسەر بکەن، چونکە بڕیار دراوە بەڕێوەبەرایەتی رێکخراوەکانی سلێمانی نەمێنێ".

دەرچوونی ئەم فەرمانەی وەزیری دارایی و ئابووری لەکاتێکدایە کە لەبەر قەیرانی دارایی، حکومەتی هەرێمی کوردستان دامەزراندنی فەرمانبەری راگرتووە.

وەزارەتی دارایی و ئابووری وەکو مینحە مانگانە بڕی دوو ملیار و 400 ملیۆن دیناری بۆ بەڕێوەبەرایەتی رێکخراوەکانی سلێمانی خەرج دەکرد. فەرمانبەرانی ئەو بەڕێوەبەرایەتییە بەبێ رەچاوکردنی بڕوانامە، پلەی وەزیفییان دراوەتێ، بەڵام تەنیا مووچەی بنەڕەتییان بۆ خەرج دەکرا و دەرماڵەی بڕوانامە، خێزان و منداڵ، هاتوچۆ و مەترسییان بۆ هەژمار نەدەکرا. هەروەها پلەیان بەرز نەدەکرایەوە.

بەرپرسەکەی وەزارەتی دارایی دەڵێ "ئێستا دەبێ عەلاوەو بەرزکردنەوەی پلەی فەرمانبەرایەتی و سەرجەم ئەو دەرماڵانەی شمولیان دەکات بۆیان خەرج بکرێ". گوتیشی "لەکاتێکدا حکومەت سەرقاڵی تەقەشوفە، کەچی مووچەی ئەو 3760 کادیرەی یەکێتی و بەشێکی کەمی گۆڕان کە پێشتر دوو ملیار و 400 ملیۆن دینار بوو، بەهۆی گواستنەوەی راژەیان دەبێتە پێنج ملیار و 500 ملیۆن دینار".

بەپێی زانیارییەکانی (رووداو)، پارتیش مووچەی ژمارەیەکی زۆر لە کادیرانی لە رێگەی حکومەتەوە دەدا، بەڵام لە دوای ساڵی 2007 راژەی سەرجەم ئەو کادیرانەی گواستەوە بۆ سەر حکومەت.

## وەزیر دەسەڵاتەکانی خۆی زیاد دەکات

وەزیری دارایی لەو کابینەیەی حکومەت بەوە ناسراوە کە لەلایەن نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی حکومەتەوە زۆر پاڵپشتی دەکرێ و تەواوی دەسەڵاتەکانی پێدراوە.

لە رێکەوتی 2015/4/2 وەزیری دارایی و ئابووری فەرمانێکی وەزاری بە ژمارە (2891) دەرکردووە و تێیدا وەزیر بۆ خۆی دەسەڵاتی زیاتر دەداتە خۆی. بەگوێرەی ئەو دەسەڵاتانەی وەزیر بە خۆی داوە، رێژەی خەرجیی دیوانی وەزارەتی دارایی لە 10% ەوە کراوەتەوە بە 20%، بەوجۆرە ئێستا نزیکەی 500 ملیۆن دینار دەبێ و تەنیا وەزیر دەسەڵاتی خەرجکردنی ئەو پارەیەی هەیە.

بەرپرسەکەی وەزارەتی دارایی لەوبارەیەوە بە (رووداو)ی گوت "پێشتر بۆ خەرجکردنی ئەو پارەیە دەبووایە ئیمزای بریکار و بەڕێوەبەری گشتیی دیوان و بەڕێوەبەری دارایی وەزارەتیشی لەگەڵ بووایە، کەچی وەزیر ئێستا ئەو دەسەڵاتەی تەنیا بەخۆی داوە".

(رووداو) پەیوەندی بە راوێژکاری یاسایی وەزیری داراییەوە کرد و ئەویش بەڵێنی دا دواتر لەو بارەیەوە قسە بکات، بەڵام دواتر وەڵامی پەیوەندییەکانی نەدایەوە. هەروەها گوتەبێژی وەزارەتی داراییش بە بیانووی ئەوەی ئەو بەڵگەنامانەی (رووداو)ی لەبەردەست نییە، ئامادە نەبوو قسە بکات.

یەکگرتووی ئیسلامی:

# مانەوەی بارزانی لە پۆستەکەی تەحسیل حاسڵە

## هەڵسوڕاوێکی دیاری بزووتنەوەی گۆڕان:
## کاک نەوشیروان چاوەڕێی یەک تەلەفۆنی بارزانییە

**میڤیدار ئەحمەد**
**رووداو- هەولێر**

سەردانەکەی نێچیرڤان بارزانی بۆ سلێمانی دەرگای گفتوگۆی جددی کردەوە لەسەر پرسی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان. پارتی لە گفتوگۆکانیدا لەگەڵ لایەنەکان تەنیا یەک داوای هەبوو "ویلایەتی بارزانی لەگەڵ خولی چوارەمی پەرلەمان کۆتایی بێت". بەڵام بزووتنەوەی گۆڕان دەڵێ "سوورین لەسەر هەڵوێستی خۆمان کە سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەنێو پەرلەماندا هەڵبژێردرێ". هەرچی یەکگرتووی ئیسلامییە، دەڵێ "بەمانەوەی بارزانی رازین، بەڵام مەرجمان هەیە".

### قسەی گۆڕان بە دڵی پارتی نەبوو

پارتی دیموکراتی کوردستان دەستیکردووە بە دانوستاندن لەگەڵ لایەنەکان و دەیەوێ کێشەی پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان یەکلایی بکاتەوە، ئەندامێکی شاندی دانوستاندنکاری پارتی کە لەلایەن نێچیرڤان بارزانییەوە سەرۆکایەتی دەکرێ، بە (رووداو)ی گوت "ئەرکەکە ئاسان نییە و سەفەرەکەی سلێمانی هەموو شتی یەکلایی نەکردەوە".

بزووتنەوەی گۆڕان کە لە 23ی حوزەیراندا بووە لایەنی سەرەکیی بەرەی دژ بە پارتی بۆ تێپەڕاندنی ئەو پرۆژە یاسایانەی لایەنەکان پێشکەشیان کردبوون سەبارەت بە هەموارکردنەوەی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، دوای کۆبوونەوەی لەگەڵ شاندی پارتی گوتیان کە سوورن لەسەر هەڵوێستی خۆیان.

محەممەد توفیق رەحیم، رێکخەری ژووری پەیوەندییە دیبلۆماسییەکانی بزووتنەوەی گۆڕان بە (رووداو)ی راگەیاند "هەم پارتی و هەم گۆڕان لەو کۆبوونەوەیەدا کە زۆر راشکاوانە بوو، داواکاریی خۆیان بۆ یەکتر خستەڕوو، پارتیش داوای خۆی هەبوو".

نێچیرڤان بارزانی، دوای کۆبوونەوەی لەگەڵ نەوشیروان مستەفا رایگەیاند کە کۆبوونەوەکە "زۆر باش" بوو.

### پەیوەندییەکی بارزانیی پێویستە

هەڵسوڕاوێکی بزووتنەوەی گۆڕان کە بەشداریی کۆبوونەوەی نێوان حیزبەکەی و شاندی پارتی کردووە، لەبارەی ئەو دانیشتنەی رۆژی یەکشەممە بە (رووداو)ی گوت "بە ناڕاستەوخۆ بە پارتیمان گوت مەسەلەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان پەیوەندی بە خودی کاک مەسعودەوە هەیە و چارەسەرکردنیشی ئاسانە".

ئەو هەڵسوڕاوە ئەوەشی باسکرد کە "پارتی لەوە ئاگادار کراوەتەوە ئەگەر بیانەوێ کێشەکە چارەسەر بکەن، دەبێ کاک مەسعود لەگەڵ کاک نەوشیروان قسە بکات". ئەندامەکەی شاندی پارتیش دەڵێ "بەڵێ پەیامەکەی گۆڕان لە کۆبوونەوەکە گەیشت".

نێچیرڤان بارزانی لەو کۆبوونەوەیەدا داوای کردووە بزووتنەوەی گۆڕان لەو ماوەیەی ماوە لە ویلایەتی بارزانی "رازی ببێ". بەرامبەر ئەوە نەوشیروان مستەفا بە شاندی پارتی گوتووە "لەنێوان خۆمان دیراسەی داواکەی ئێوە دەکەین و وەڵامتان دەبێ".

بەڵام بزووتنەوەی گۆڕان داوا دەکات سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەنێو پەرلەماندا هەڵبژێردرێ و ئەمەش پێچەوانەی خواستی پارتییە. محەممەد توفیق رەحیم دەڵێ "ئێستاش هەڵوێستمان نەگۆڕاوە و هەمان شتە".

### یەکێتی نە لەگەڵە و نە دژە

پارتی لە سلێمانی پێش ئەوەی لەگەڵ بزووتنەوەی گۆڕان کۆببێتەوە، لەگەڵ هاوپەیمانە ستراتیژییەکەی کە یەکێتی نیشتمانیی کوردستانە کۆبووەوە. ئەوەی پارتی لە یەکێتی ویستی، وەڵامی یەکێتی "نیوە بە نیوە بووە".

ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی یەکێتی کە بەشداریی کۆبوونەوەکەی کردووە، بە (رووداو)ی گوت "نێچیرڤان بارزانی داوای کرد مەسعود بارزانی بە تەواوی دەسەڵاتەکانی بمێنێتەوە، بەرامبەر ئەوەی ئامادەن گوێ لە داواکانی یەکێتیش بگرن".

عیماد ئەحمەد، ئەندام و گوتەبێژی مەکتەبی سیاسی یەکێتی لەبارەی نێوەڕۆکی کۆبوونەوەکە بە (رووداو)ی راگەیاند "لەگەڵ پارتی نەگەیشتینە ئەنجام و رای جیاوازمان هەبوو". عیماد ئەحمەد لەبارەی دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان هەندێ نەرمیی حیزبەکەی پێشاندا "پێمان باش نییە سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەسەڵاتی نەبێ، یاخود تەواوی دەسەڵاتی هەبێ". گوتیشی "بۆ یەکەمجارە دەزانین پارتی چی دەوێ و داوای چی دەکات".

پێشتر چوار لایەنەکە رەخنەی ئەوەیان لە پارتی هەبوو کە هیچ قسە و پرۆژەیەکی بۆ چارەسەرکردنی ئەو قەیرانە نییە.

پێش دەستپێکردنەوەی کۆبوونەوەی پارتی و یەکێتی، سەعدی پیرە، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی سێ مەرجی حیزبەکەی بۆ مانەوەی بارزانی لە پۆستەکەی ئاشکرا کرد و گوتی "کێشەکە مانەوەی کاک مەسعود نییە لە پۆستەکەی، بەڵکو زۆر لەوە قووڵترە". سەعدی پیرە دەڵێ "یەکێتی دەیەوێ لە مەلەفی سیاسەتی هەرێمی کوردستان، ئابووری، ئەمنی لە ورد و درشتی ئاگادار و شەریک بێ". گوتیشی "ئەگەر ئەمە چارەسەر بوو، ئەوا مانەوەی بارزانی لە پۆستەکەی شتێکی ئاسانە".

گوتەبێژی یەکێتی دەڵێ "دەمانەوێ وەکو یەکێتی شەریکی راستەقینە بین لە بڕیارداندا لە هەولێر".

حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەنجوومەنی باڵای نەوت و غازی هەیە کە بڕیار لەسەر دۆسیەی نەوت دەدات. هەریەک لە سەرۆک وەزیران و جێگرەکەی، وەزیری دارایی، سامانە سروشتییەکان و پلاندانان ئەندامی ئەنجوومەنەکەن.

## عیماد ئەحمەد، گوتەبێژ و ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی:
## بۆ یەکەمجارە دەزانین پارتی چی دەوێ و داوای چی دەکات

ئەندامەکەی شاندی دانوستاندنکاری پارتی سەری لەوە سوڕما کە یەکێتی داوای روونکردنەوە لەبارەی مەلەفی نەوت دەکات و گوتی "دەبێ ئەو داوایە لە کاک قوباد بکەن کە بەشدار و ئاگادارە". گوتیشی "ئێ خۆناکرێ حکومەتی هەرێمی کوردستان مەلەفی نەوت بۆ مەکتەبی سیاسی یەکێتی روونبکاتەوە".

### یەکگرتوو مەرجی هەیە بۆ مانەوەی بارزانی

یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان رەنگە لە هەموو لایەنەکان زیاتر نزیکی بۆچوونەکەی پارتی بێ سەبارەت بە مانەوەی بارزانی لە پۆستەکەی، بەڵام مەرجی هەیە.

ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامی بەشێک لە نێوەڕۆکی کۆبوونەوەی نێوان حیزبەکەی و شاندی پارتی ئاشکرا دەکات و دەڵێ "بە پارتیمان گوت بە مانەوەی بارزانی لە پۆستەکەی تاوەکو کۆتایی خولی چواری پەرلەمان رازین، بەڵام ئەوەش مەرجی خۆی هەیە". سەبارەت بە مەرجەکە ئەو ئەندامەی مەکتەبی سیاسی یەکگرتوو کە بەباشی نەزانی ناوی بڵاوبکرێتەوە، گوتی "دەبێ مەسەلەی دەستوور و سیستەمی حوکمڕانی یەکلابکرێتەوە کە چۆنە و سەرۆکی هەرێمی کوردستان چۆن هەڵدەبژێرێن".

خەلیل ئیبراهیم، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامی روونتر قسەدەکات و دەڵێ "ئەو پێشنیازەی پارتی لەگەڵ حیزبەکان لە سلێمانی کردی هەمان پێشنیازی لەگەڵ ئێمە باسکردووە کە ویلایەتی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ خولی پەرلەمانی کوردستان کۆتایی بێت".

خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان بڕیارە لە تەموزی ساڵی 2017 واتە دوو ساڵی دیکە کۆتایی بێت. ئەندامەکەی مەکتەبی سیاسی یەکگرتوو ئەوەشی ئاشکرا کرد کە داوایان لە پارتی کردووە دوای کۆبوونەوەیان لەگەڵ لایەنەکان کۆبوونەوەی "پێنج قۆڵی" بەسەرپەرشتی یەکگرتوو بکرێ و لەوێ پرسەکە یەکلایی بکرێتەوە.

خەلیل ئیبراهیم دەڵێ "ئەسڵی کێشەکە مەسەلەی دەستوورە و دەبێ چارەسەر بکرێ و سیستەمی حوکمڕانی بکرێ بە پەرلەمانی. لە مەسەلەی سیستەمی پەرلەمانیش هەندێ وردەکاری هەیە، چونکە ناکۆکییەکان لەسەر ئەوەن کە چۆن پەرلەمانی بێ، سەرۆک لەنێو پەرلەمان یان لەنێو خەڵکدا هەڵبژێردرێ، دەبێ سازان لەسەر ئەمە بکرێ".

دەربارەی هەڵوێستی یەکگرتوو لە مانەوەی بارزانی لە پۆستەکەی، خەلیل ئیبراهیم دەڵێ "هەموو لایەنەکان باسی سیستەمی حوکمڕانی دەکەن، کەس باسی کاک مەسعود ناکات، چونکە مادام هەڵبژاردن نییە، مادام هیچ لایەنێک کاندیدی نییە بەرامبەر بە بارزانی، ئیدی مانەوەی کاک مەسعود تەحسیل حاسڵە".

## پشکی کورد لە باڵیۆزخانەکانی عێراق 17% کەمترە


**ڕووداو- بەغداد**

د.موسەننا ئەمین، ئەندامی لیژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، هەتا ئێستاش پشکی کورد لە باڵیۆزخانەکانی عێراق لە وڵاتانی دەرەوە 17% کەمترە و گوتی "پێویستە کورد ستراتیژییەتێکی ڕوونی بۆ وەزارەتی دەرەوە هەبێت، چونکە دانانی نوێنەرانی عێراق لە دەرەوە ئەگەر کورد بێت ئەوا بە ناڕاستەوخۆ نوێنەرایەتی کوردیش دەکات". ناوبراو ڕەخنەی لە سەرکردایەتی کوردیش گرت و گوتی "بۆ ڕێژەی کەمتر 17% خەتای کوردیشی تێدایە، چونکە پێشتریش وەزیری دەرەوە کورد بووە و دەکرا کاری باشتر بکردایە".




ڕووداو
ڕاپۆرت
ژمارە (366) دووشەممە 2015/7/6

# هەڤپەیڤینێکی بڵاونەکراوەی تاڵەبانی دەکرێتە کتێب



**مەحموود یاسین کوردی**
**ڕووداو- هەولێر**

دوای زیاتر لە نیو سەدە لە سیاسەتکردن، جەلال تاڵەبانی، سکرتێری گشتیی یەکێتی نیشتمانی کوردستان فریای نووسینەوەی یاداشتەکانی نەکەوت، بەڵام ئەندامێکی سەرکردایەتی حیزبەکەی ئاشکرای دەکات کە هەڤپەیڤینێکی بڵاونەکراوەی هەیە لە شێوەی یاداشتە و بە کتێب بڵاودەکرێتەوە.

جەلال تاڵەبانی، سەرۆک کۆماری پێشووی عێراق و سکرتێری گشتیی یەکێتی لە ڕۆژی 2012/12/17 لە بەغدا بەهۆی جەڵتەی مێشکەوە باری تەندروستیی تێکچوو، دواتر ڕەوانەی نەخۆشخانەیەکی ئەڵمانیا کرا و دوای وەرگرتنی چارەسەری پزیشکی، ڕۆژی 2014/7/19، گەڕایەوە سلێمانی.

تاڵەبانی لە ماوەی زیاتر لە نیو سەدەی ڕابردوودا ناوێکی دیاری نێو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد بووە، دوای 2 ساڵ لە دامەزراندنی پارتی، تاڵەبانی دەبێتە ئەندامی ئەو حیزبە و لە ئەندامێکی ئاساییەوە تاوەکو ئاستی مەکتەبی سیاسی دەڕوات، بەڵام دواتر لە پارتی جیادەبێتەوە و حیزبێک دامەزرێنێ کە بە بەردەوامی ڕکابەری پارتی بووە.

فەرید ئەسەسەرد، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "بڕیاربوو دوای تەواوبوونی خولی دووەمی سەرۆکایەتی کۆمار، مام جەلال بگەڕێتەوە سلێمانی و یاداشتەکانی بنووسێتەوە، بەڵام بەداخەوە ئەو نەخۆشییە ڕێگەی پێنەدا".

### یاداشتی ڕۆژانەی هەبووە

ئەوەی تاوەکو ئێستا بە یاداشتەکانی تاڵەبانی دادەنرێ، ئەو هەڤپەیڤینانەیە کە تاڵەبانی کردوونی، یان ئەو یادەوەریانەن کە تاڵەبانی لە یادی دامەزراندنی حیزبی بەبیری هێناونەتەوە.

فەرید ئەسەسەرد دەڵێ "مام جەلال دەفتەری یاداشتی ڕۆژانەی هەبوو کە هەموو سەردان و دیدارەکانی خۆی تێدا نووسیوەتەوە، ئەم دەفتەرانەش لە لای خێزانەکەیەتی، بەڵام ئەم دەفتەرانە زیاتر یارمەتی نووسەری یاداشتەکە دەدات بۆ بەبیرهێنانەوە و نووسینی کات و شوێنی ڕووداوەکان، نەک کەسێکی دیکە یاداشتەکانی بنووسێتەوە".

فەخری کەریم، گەورە ڕاوێژکاری پێشووی سەرۆک کۆماری عێراق و دۆستی نزیکی مام جەلال دەڵێت ئاگاداری ئەوە نییە کە مام جەلال یاداشتەکانی نووسیبێتەوە، بەڵام دەڵێت "گرنگە مێژووی سیاسیی کەسایەتییەکان بنووسرێتەوە یاخود خۆیان یاداشتیان بکەن".

### هەڤپەیڤینێکی بڵاونەکراوەی تاڵەبانی

فەرید ئەسەسەرد سەبارەت بە یاداشتەکانی تاڵەبانی زانیاری نوێ ئاشکرا دەکات و دەڵێ "یاداشتەکانی مام جەلال بەشێوەی هەڤپەیڤین بە دەنگ و ڕەنگ تۆمارکراوە و بەشێوەی پرسیار و وەڵام یاداشتەکانی خۆی باسکردووە. بەتایبەتی یەکێکیان هەڤپەیڤینێکی دوور و درێژە کە لەسەر کاسێت تۆمارکراوە، باسی سەردەمی منداڵیی خۆی تاوەکو ساڵی 2000 دەکات".

ئەسەسەرد کە خۆی یاداشتەکانی خوێندووەتەوە و ئامادە نەبوو ناوی ئەو کەسە ئاشکرا بکات کە هەڤپەیڤینەکەی لەگەڵ تاڵەبانی کردووە، گوتی "هەموو یاداشتەکانم خوێندووەتەوە و شتی مێژوویی گرنگی زۆر تێدایە، یاداشتەکە کتێبێکی قەبارە گەورەی لێدەردەچێت و دەبێتە سەرچاوەیەکی باش بۆ مێژووی نوێی کورد".

### "مام جەلال هەندێک نووسینی هەبووە"

د.مەحموود عوسمان، سیاسەتمەداری ناسراوی کورد کە یەکێک بووە لە ئەندامە دیارەکانی مەکتەبی سیاسی پارتی لەسەردەمی شۆڕشی ئەیلول، جگە لە کاری سیاسی وەکو پزیشک و وەرگێڕی نزیکی مەلا مستەفا سەبارەت بە یاداشتەکانی تاڵەبانی بە (ڕووداو)ی گوت "بەداخەوە مام جەلال بەهۆی نەخۆشکەوتنیەوە نەیتوانی یاداشتەکانی بنووسێتەوە، بەس ئەوەی من بیزانم ئەو چەند دەستنووس و شتی هەیە کە ڕەنگە لەلای بنەماڵەکەی بێت".

د.مەحموود بەپێویستی دەزانێت سیاسەتمەداران یاداشتەکانیان بنووسنەوە و گوتی "ئێمە بە حوکمی کاری سیاسیمان بووینەتە موڵکی گشتی، زۆربەی ئەو کارانەی کردوومانە لە ڕابردوودا لە پێناوی میللەکەتەکەمان بووە و حەقە یاداشتەکانی خۆمان بنووسینەوە بۆ نەوەی داهاتوو". سەبارەت بە یاداشتەکانی خۆشی گوتی "نەمنووسیوەتەوە، ئینشائەڵڵا دەست بە نووسینەوەی دەکەم".

### دوو کتێبی چاپکراوی تاڵەبانی ونن

فەرید ئەسەسەرد کە بە نووسەرێکی دیاری نێو ئەو حیزبە دەناسرێت، دەڵێ "مام جەلال پێشتر دوو کتێبی نووسیون کە یەکێکیان لەسەر کوردایەتییە، ئەوی دیکەیان لەسەر پەروەردەکردنی کادیری حیزبە، بەڵام هەردوو کتێبەکە ونن، مەگەر کەسێک بە دانسقە لەلای مابێت. کتێبێکی دیکەشی بە ناوی (کردستان والحركة القومية الكردية) بە زمانی عەرەبی نووسیوە کە دوای ڕێککەوتننامەی 11ی ئازار دووبارە لە لوبنان چاپی کردەوە، بەڵام هەندێک دەستکاری کردووە، چونکە مێژووی ئەم کتێبە بۆ سەردەمی ململانێی جەلالی و مەلایی دەگەڕێتەوە".

### تاڵەبانی کێیە؟

مام جەلال کوڕی شێخ حیسامەدین کوڕی شێخ نوری کوڕی شێخ غەفووری تاڵەبانییە. هاوینی ساڵی 1933 لە گوندی کەلکانی قەدپاڵی چیای کۆسرەت لەدایک بووە.

یەکەمین دەرکەوتنی توانا و لێهاتوویی تاڵەبانی لە تەمەنی 12 ساڵی بووە کاتێک لە ساڵی 1945 ئاهەنگێکی میللی لە کۆیە بۆ نەورۆز سازکرا، تاڵەبانی بەشداری تێدا کرد و وتارێکی خوێندەوە و بووە مایەی سەرسوڕمانی مامۆستا و بەشداربووان. لەساڵی 1948 بووەتە ئەندامی پارتی و لە کۆنگرەی دووەمی ئەو حیزبە لەساڵی 1951 بە ئەندامی لیژنەی ناوەندی هەڵبژێردراوە.

لە شوباتی 1953 سەرپەشتی هەردوو کۆنگرەی یەکێتی قوتابیان و لاوانی دیموکراتی کوردستانی کردووە و بە سکرتێری ئەو ڕێکخراوە هەڵبژێردراوە. جگە لە فەرماندەیی هێزی پێشمەرگە لە چەمی ڕەزان لە سەروەختی شۆڕشی ئەیلول، تاڵەبانی سەرۆکی ئەو لیژنە کوردییەش بووە کە ساڵی 1963 چووەتە بەغدا بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ بەرپرسانی ئەوکاتی عێراق.

لە 1ی حوزەیرانی 1975 لە دیمەشق یەکێتی نیشتمانی ڕاگەیاند و وەکو کەسێکی تەوافوقی لە نێوان سێ باڵەکەی یەکێتی بە سکرتێری ئەو حیزبە هەڵبژێردرا.

لە 6 نیسانی 2005، مام جەلال 227 دەنگی لە کۆی 248 دەنگی ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانی عێراقی بەدەستهێنا و بە یەکەمین سەرۆکی هەڵبژێردراوی عێراق دەستنیشان کرا. لە 2010/11/11 دووبارە بە سەرۆک کۆماری عێراق هەڵبژێردرایەوە.

## بەڵگە هەیە

# پاسەوانە ڕفێنراوەکانی فوئاد مەعسووم هێشتا زیندوون

**بەهرۆز فەرەیدوون و نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو- خورماتوو**

دایکی کەنعان هێشتا هیوای بەوەیە کوڕەکەی لە ژیاندا مابێت، ڕاستییەکەی ئەو لەوە دڵنیاش نییە و نازانێ ئاخۆ ئەوانەی ڕفاندوویانە پابەند دەبن بە یاسا و ڕێسا ئاسمانی و زەمینییەکانەوە یان نا "ئەگەر بزانم کوڕەکەم ماوە، مەولوودێک دەکەم و خێری زۆر دەکەم، بەس تەنیا بۆ ئەوەی بزانم ماوە یان نا. قەیناکا ئەگەر 6 مانگی دیکەش لەلای ئەوان بێت بەس نەیکوژن".

چیرۆکی دیارنەمانی چوار پاسەوانەکەی د.فوئاد مەعسوم، سەرۆک کۆماری عێراق هەروا بە ناڕوونی ماوەتەوە و هێشتا کەسوکارەکەی لە هەوڵ و کۆششی خۆیان نەوەستاون، بەڵام ئەنجامی ئەو جۆرە کۆششانە لە وڵاتێکدا کە کەس ناتوانێ گرەو لەسەر ئاسایش و سەقامگیری بکات، زۆرجار جگە لە بەفیڕۆدانی پارە هیچی دیکەی لێ شین نابێ. چونکە وەک دایکی کەنعان دەڵێ، نزیکەی دوو مانگە ئەوان بەهەموو شێوەیەک هەوڵدەدەن و ئێستا تەنیا هیوایان ئەوەیە کوڕەکەیان مابێ.

ئەو ڕۆژەی کەنعان و 3 هاوڕێکەی دیکەی ویستوویانە بگەڕێنەوە بۆ کاری خۆیان بۆ بەغدا، ڕێگای کەرکووک-بەغدا، لەسەر ئاژاوەیەکی گەورە بووە، وەک دایکی دەیگێڕێتەوە، کاژێر 8 ی بەیانی ڕۆژی 2015/5/9 کەنعان چای بەیانی خواردووەتەوە و ڕۆیشتووەتەوە بۆ بەغدا "گوتم کەنعان لە کوێوە دەڕۆیتەوە بۆ بەغدا؟ گوتی خۆشم نازانم لە کوێوە دەڕۆمەوە. ئیدی لەماڵ دەرچوو".

دایکی کەنعان بە ڕۆڵەکەی دەڵێت کە گەیشتیتە خالس تەلەفۆنێک بکە، بۆ ئەوەی لە سەلامەتی ئەو دڵنیابن، بەڵام کەنعان تەلەفۆن ناکات، تەلەفۆنکردنیش بۆ کەنعان لەلایەن کەسوکارەکەیەوە بەردەوام بووە، بەڵام هەموو پەیوەندییەکان بێ وەڵام ماونەتەوە تاوەکو چوار ڕۆژ بەسەر دیارنەمانیدا تێپەڕیوە "عەرەبێک وەڵامی دایەوە و گوتی قوزەڵقورت، ئینجا دایخستەوە".

محەممەد، برای کەنعان دەڵێ پاشان هەمان دەنگ بە مۆبایلی کەنعان تەلەفۆنی بۆکردوونەتەوە و پێیگوتوون دەتانەوێ لەگەڵ براکەتان قسە بکەن "گوێم لە دەنگی کەنعان بوو قسەی دەکرد، یەک بەیەک ناوی هەموو براکانی خۆی هێنا و گوتی ئەوانەی منیان ڕفاندووە چییان پێویستە و چییان دەوێ بۆیان بکەن با ڕزگار بم".

بەڵام ئێستا محەممەد دڵنیا بووە لەوەی ئەو دەنگەی کەنعانی برای ڕاستەوخۆ نەبووە و پێشتر ریکۆردیان کردووە، هەر بۆیە گومانی ئەوەشی بۆ دروستکردووە کوژرابێت و بیانەوێ بە دەنگەکەی پارە پەیدا بکەن.

کاتێک کەنعان لەماڵ دەرچووە، لەگەڵ 3 هاوڕێکەی دیکەی خۆی کە ئەوانیش پاسەوانی سەرۆک کۆمار بوون، بە ئۆپڵێک بەڕێکەوتوون و لە سلێمان بەگەوە بەرەو خالس ڕۆیشتوون، لە بازگەی سلێمان بەگ کەسێک لە ئاسایشەکانی بازگەکە کەنعانی ناسیوەتەوە و پێیگوتوون بەهۆی ئەوەی زیندانییەک لە زیندان هەڵاتووە و شەڕ هەیە، پشکنینی توند لە سلێمان بەگ و ئەو ناوە هەیە و دۆخەکە باش نییە و لێرەوە مەڕۆن، بەڵام کەنعان و هاوڕێکانی پێیانگوتووە ئێمە پاسەوانی سەرۆکایەتی کۆمارین و کێشەمان نییە. ئەمە بەگوێرەی گێڕانەوەی براکەی.

15 خولەک دوای جێهێشتنی بازگەکە، کارمەندەکەی ئاسایش تەلەفۆنی بۆ کەنعان کردووە تاوەکو بزانێ چییان بەسەر هاتووە "گوێم لە دەنگی ژاوەژاو بوو، دەنگە دەنگی زۆر دەهات و لێیان تێنەدەگەیشتم، ئینجا کەنعان گوتی دواتر قسەت لەگەڵ دەکەمەوە لە قەرەباڵخییەکی زۆردام، ئیدی تەلەفۆنەکەی داخرایەوە". کارمەندەکەی ئاسایش وای بۆ خێزانی کەنعان گێڕاوەتەوە.

ڕفێنەرەکان ئەو چوار پاسەوانەیان دەستگیر کردووە و بردوویانن، پاش چەند ڕۆژێک پەیوەندییان بە ماڵی کەنعانەوە کردووە و داوای 250 هەزار دۆلاریان کردووە "بە تکا و پاڕانەوەی زۆر هاتینە سەر 60 هەزار دۆلار، کەچی گوتیان نابێ قسەی لەگەڵ بکەن تاوەکو پارەکە دەهێنن".

محەممەد دەڵێ ئێمە دەزانین ئەوانە کێن "دەنگیان دەناسمەوە، عەرەبن و خەڵکی دووزخورماتوون و ساڵانێکە بەهۆی کاری ڕفاندن و کوشتنەوە چوونەتە بەغدا، لەنێو حەشدی شەعبین".

ئەندامێکی فراکسیۆنی یەکێتی لە پەرلەمانی عێراق دەڵێ هەنگاو بە هەنگاو ئاگاداری جموجوڵەکانی سەرۆک کۆمارن بۆ سۆراخی ئەو بابەتە و لەگەڵ زۆربەی سەرکردە و بەرپرسە عێراقییەکان گفتوگۆی کردووە "بەداخەوە دۆخی ئەمنی عێراق وای لێهاتووە خەریکە نەتوانی چاک و خراپ لەیەک جیابکەیتەوە، ئاشکرا نییە لای چ لایەنێکە، بەڵام هەندێک بەڵگە دەستکەوتوون". ڕێبوار تەها گوتیشی "بەڵگەکان هی ئەوە نین باس بکرێن، بەڵگەش نییە کە بەدەست حەشدی شەعبیەوە بن، بەڵام وادەردەکەوێ هێشتا لە ژیاندا ماون".

ئێستا خێزانەکەی دەیانەوێ وەڵامی پرسیارێکیان دەستبکەوێ، ئایا کوڕەکەیان ماوە یان نا؟ بەڕێوەبەری پۆلیسی قەزا و ناحیەکانی کەرکووک، باسی باندەکانی ڕفاندن دەکات و دەڵێ "پێشتر بەشێک لەو باندانەی لەو ناوچەیە کاریان دەکرد پارەیان بۆ قاعیدە و ئەنسارولسوننە پەیدا دەکرد و بە پارەکەی ئۆتۆمبیلیان دەکڕی و بۆمبڕێژیان دەکرد، بەڵام بەشێکیشیان دز و جەردەکان بوون.

عەمید سەرحەد قادر گوتی "تاوەکو ئێستا دەیان باندی وامان دەستگیرکردووە و 6 کەسیشمان ڕزگارکردووە لە دەستیان". گوتیشی "هەڵەی گەورە ئەوەیە کەسوکارەکانیان بەبێ ئاگاداری حکومەت پارەیان بدەنێ، چونکە پارەکە دەبەن و دواتر ڕفێنراوەکەشت نادەنەوە".



رووداو
ژمارە (366) دووشەممە 2015/7/6

بیرمەند و کۆمەڵناسی ناسراوی تورکیا ئیسماعیل بێشکچی لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (تۆڕی میدیایی رووداو) باس لە سەربەخۆیی کوردستان دەکات و دەڵێت "مەرجی بنەڕەتی بۆ سەربەخۆیی دامەزراندنی سوپای کوردستانە". هەروەها دەڵێت "کورد خۆی لایەنی یەکلاکەرەوەیە لە بابەتی بڕیاردان بۆ سەربەخۆیی". بە بڕوای ئەو نەک کاتی گشتپرسی هاتووە بۆ ئەوە "بەڵکو درەنگیش کەوتووە".
سەبارەت بە کاردانەوەی ئێران و عێراق و تورکیا ئەگەر کورد سەربەخۆیی راگەیاند، بێشکچی دەڵێت "دیارە ئەوان ئەوەیان ناوێ کە کوردستان سەربەخۆ بێ، بەڵام پێویستە بە زووترین کات لە باشووری کوردستان گشتپرسی بکرێت. ئەگەر لە ریفراندۆمێکدا 95% داوای سەربەخۆیی بکەن، ئەوکاتە هیچ هێزێک ناتوانێ رێگا لە کورد بگرێت".
هەروەها لەبارەی بڕیاری گۆڕانی هەدەپە بۆ حیزبێکی تورکیایی، بێشکچی رایگەیاند کە ئەوە خزمەت بە دۆزی کورد ناکات و پێویستە کار لەسەر کوردستانیبوون بکرێت، نەک تورکیاییبوون.
بێشکچی کە بەڕەچەڵەک تورکە و بە داکۆکیکارێکی سەرسەختی دۆزی کورد ناسراوە، 17 ساڵی تەمەنی لە زینداندا بەسەر بردووە بەهۆی ئەو کارە ئەکادیمیانەی لەسەر کورد کردوونی.

رووداو – ئیستەنبوڵ



(فۆتۆ: فەرزین حەسەن)

## ئیسماعیل بێشکچی بۆ (رووداو):

# تورکیا ناچار دەبێت دان بە رۆژئاوای کوردستاندا بنێت

**رووداو: بە بۆچوونی ئێوە پرسی کورد چییە و چۆن سەریهەڵداوە؟**

**بێشکچی:** لە ساڵانی 1920 لە سەردەمی "کۆمەڵـەی گەلان"دا، کاتێک کە رۆژهەڵاتی نزیک و رۆژهەڵاتی ناوین دادەمەزران، پێگەیەکیان بە کوردستان نەدا. عێراق و ئوردن و فەلەستینی سەر بە بەریتانیا هاوکات سووریا و لوبنانی سەر بە فەرەنسا دامەزرێنران، بەڵام کوردستان هیچ پێگەیەکی پێنەدرا. لە ئەنجامی هاوئاهەنگی نێوان دەوڵەتانی ئیمپریالی ئەو سەردەمە کە بریتی بوون لە دەسەڵاتەکانی بەریتانیا، فەرەنسا، ناوچەکە دابەشکرا، کەرت کەرت کراو بەشیان کرد. کوردستان تەنانەت داگیرکراویش نییە، کە تەماشای وڵاتانی داگیرکراو دەکەیت هەموویان سنوورەکانی پێش داگیرکردنیان وەک خۆی ماوەتەوە. دەوڵەتانی ئیمپریالی نەک کوردستانی سەربەخۆ تەنانەت کوردستانی داگیرکراویشیان پێ رەوا نەبینین.

لە پاش جەنگی دووەمی جیهانی، بەریتانیا بە هاوکاریی عێراق و فەرەنسا و سووریا و تورکیا و ئێران دەست لەناودەست کوردیان هەڵسەنگاند و ئاستەنگیان خستە پێش خەباتی نیشتمانییان و سەرکوتیان کردن. بەردەوام داهاتووی کورد لەلایەن ئەم هێزانەوە دەستنیشانکراوە.

لە جیهاندا لە کۆی 210 دەوڵەت، ژمارەی دانیشتووانی زیاتر لە 40یان کەمترە لە ملیۆنێک و لە رووی جوگرافییەوە خاوەنی زەوییەکی زۆر کەمن. بەڵام کورد 50 ملیۆنن و جوگرافیایەکی فراوانیان هەیە. بەمە دەگوترێت "کێشەی کورد و کوردستان".

**رووداو: بەبۆچوونی ئێوە سەربەخۆبوونی باشووری کوردستان نزیکە؟**

**بێشکچی:** پێویستە بە زووترین کات لە باشووری کوردستان ریفراندۆمێک بکرێت. ئەگەر لە ریفراندۆمێکدا 95% داوای سەربەخۆیی بکەن، ئەمە دەبێتە گەورەترین پاڵپشت. لێرەدا پێویستە ئاگاداری بۆچوونی تورکیا و ئێران و هێزەکانی دیکە بین کە سەربەخۆییان ناوێت. گرنگ ئەوەیە کە کورد کوردستانی سەربەخۆیان بووێت. ئەگەر ئەوان بیانەوێت کەس ناتوانێت رێگرییان لێ بکات.

**رووداو: هەڵوێستی وڵاتانی ناوچەکە و هێزە نێودەوڵەتییەکان گرنگە؟**

**بێشکچی:** دیاریکردنی داهاتووی عێراق و سووریا زۆر ئەستەمە. دەوڵەتێک نەماوە بە ناوی عێراق و سووریاوە، چیتر مومکین نییە عێراق و سووریا بگەڕێنەوە سەر هەمان دۆخی پێشوویان. چەرخی سایکس پیکۆ و ئەوەی کە لە 1920دا لە سەردەمی کۆمەڵەی گەلان دامەزرا، ئیفلاسی کردووە. بەڵام تورکیا و ئێران بەردەوام رۆڵیان دەبێت لە دیاریکردنی داهاتووی کورد. وتەکانی سەرۆک بارزانی دەربارەی سەربەخۆیی بە تایبەتی ئێرانی زۆر نیگەران کردووە. ئێران سیاسەتەکانی خستووەتەگەڕ بۆ رێگریکردن لە بارزانی.

**رووداو: هێزی بنەڕەتی بۆ سەربەخۆیی چییە؟**

**بێشکچی:** مەرجی سەرەکی دامەزراندنی سوپایەکی مەرکەزییە. یەک سوپا، سوپای کوردستان. لەسەر دەستی هێزەکانی سەر بە پارتە سیاسییەکان سەربەخۆیی بە دەست نایەت. دیموکراسیش بەرجەستە نابێت. سوپایەکی پڕچەککراو بە چەکی قورس هێزێکی تەحەدداکەرە. عێراق و وڵاتانی دیکە کە نایەنەوێت چەکی قورس بگاتە کورد، بۆ رێگریکرنە لە گەیشتنی بە دەوڵەت. لەسەر کوردیش پێویستە بەردەوام هەوڵ بدەن بۆ دەستخستنی چەکی قورس، چونکە بۆ دامەزراندنی دەوڵەت مەرجە.

لە پاڵ ئەمەدا پێویستە سیستمی باج و بانک برەویان پێ بدرێ. بەرەنگاری گەندەڵی و بەرتیل ببنەوە. کشتوکاڵ و ئاژەڵداری و گەشتوگوزاریش پێشبخرێت. گرنگە لەگەڵ یەکێتی ئەورووپا و وڵاتانی دیموکراتی وەک ئەمریکا و ئوسترالیا و نیوزیلاندا پەیوەندییەکان برەویان پێ بدرێت. ئەمانە وا دەخوازن کە ماوەی سەرۆک بارزانی خولێکی دیکە درێژ بکرێتەوە. جگە لەوەش لەگەڵ رووسیا و چین و ژاپۆن و کۆریای باشوور پەیوەندی باش ببەسترێ.

**رووداو: ئەمە بۆ رۆژئاوای کوردستانیش بە هەمانشێوەیە؟**

**بێشکچی:** بە رزگارکردنی گرێسپی لە رۆژئاواش، لە ئەنجامی یەکگرتنی کانتۆنەکان هەرێمێک دێتە ئاراوە، ئەو ناوچانەی کە رژێمەکەی ئەسەد دابەشی کردبوون وردە وردە یەکدەگرنەوە. مەرجەکانی بوون بە دەوڵەت بۆ رۆژئاواش جێی باسە. پێویستە ببن بە خاوەنی چەکی قورس و بەرەو دامەزراندنی دەوڵەت هەنگاو بنێن.

**رووداو: هەندێک لەو هێزانەی پێیان دەگوترێت ئیمپریالی، کوردستانی سەربەخۆیان دەوێت. ئایا چ گۆڕانکارییەک هاتووەتە ئاراوە؟**

**بێشکچی:** داعش ئێستا بە تەنیا لە عێراق و سووریا هەڕەشە نییە. لە هەمانکاتدا مەترسییە بۆ سەر جیهان. ئێستا کورد رووبەڕووی داعش بووەتەوە، ئەم رووبەڕووبوونەوەیە بەشێوەیەکی زۆر بەرفراوان و لەخۆبوردووانە بەڕێوەدەچێ. ئەمڕۆ ئیتر کە باسی فیدراسیۆن و دەوڵەتی کوردی دەکرێت بەشێوەیەکی گونجاوتر هەڵسوکەوت دەکەن. هەموو ئەمانە لە ئەنجامی خەباتی کورد هاتوونەتە ئاراوە.

**رووداو: کەواتە ئێوە دەڵێن کە هاتنی داعش بووە هۆی ئەوەی کورد لە گۆڕەپانی نێودەوڵەتیدا پێشبکەون؟**

**بێشکچی:** بەشێوەیەک داعش بووە هۆی ئەوەی کە کورد لە گۆڕەپانی نێودەوڵەتیدا پێشبکەوێت. لەگەڵ پەلامارەکانی داعشدا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی زیاتر لە نزیکەوە ئاشنای پرسی کورد بوون. بینییان کە کورد بە تەنیا خۆی هێزێکە. لە دوای پەلامارەکانی داعش ناوچەکە بە فیعلی کەوتە ژێر کۆنترۆڵی کوردەوە.

**رووداو: ئەو وێنەیە چۆن هەڵدەسەنگێنن کە پاش هەڵبژاردنەکەی 7ی حوزەیران لە تورکیادا هاتووەتە ئاراوە؟**

**بێشکچی:** تاوەکو ئەمڕۆ پارتی گەلی کۆماری (جەهەپە) و پارتی کرێکاران و پارتەکانی دیکە لە کوردستاندا سڕابوونەوە. دوای هەڵبژاردن نیشانی داین کە پارتی داد و گەشەپێدانیش خەریکە دەسڕێتەوە. تەواوی شارەوانییەکانی باکووری کوردستان لە دەستی پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە) دایە. لە ناوچەکەدا گرنگە پاڵپشتی لە دەسەڵاتی خۆجێیی بکرێت و تێیاندا بەهێز بن.

**رووداو: بۆچوونێک هەیە پێیوایە "لەگەڵ پڕۆژەی بە تورکیاییبوونی هەدەپە هۆشیاری نەتەوەیی کوردیش زیادی کردووە" بۆچوونی ئێوە چۆنە؟**

**بێشکچی:** "بە تورکیاییبوون" لەناو کورداندا هۆشیاریی نەتەوەیی کەم دەکاتەوە. ئاکپارتی، جەهەپە و مەهەپە هەموو پارتی تورکیان. ئەم پارتانە چییان دەوێت؟ بۆ نموونە سەربەخۆییان دەوێت بۆ فەلەستین، بەڵام نایانەوێت کورد دەوڵەتی سەربەخۆ دامەزرێنن. کە تۆ وەک کوردێک گوتت منیش "پارتێکی تورکیاییم" ناچاری وەکو ئەوان هەڵسوکەوت بکەیت. هەر بۆیە ئەم بڕیارەی هەدەپە لە بەرژەوەندیی کورد نییە، بوون بە حیزبێکی تورکیایی واتا جیابوونەوە لە کوردبوون، جیابوونەوە لە بەها کوردییەکان، هاوتابوونە لەگەڵ بەها تورکییەکان، بۆیە ئەو هەنگاوە لە روانگەی کوردییەوە دروست نییە، تۆ دەبێ پارتێکی کوردستانی بیت، کێشە سەرەکییەکەت ئەوەیە. ئەگەر هەدەپە دەیەوێت با پارتی کوردان بێت.

پێویستە کورد و کوردستانی بن. لەوە بپێچڕێتەوە کە کاتێک وشەی "تیرۆر" دەگوترێت بۆچی ناوی کوردان دێت، بەڵام کە وشەکانی راستی و ئازادی و یاسا دەگوترێن باسی کورد ناکرێ؟

**رووداو: باس لە دەستتێوەردانی تورکیا دەکرێت لە سووریا، لەم بارەیەوە چی دەڵێن؟**

**بێشکچی:** من لەو باوەڕەدا نیم کە تورکیا دەستتێوەردانێکی لەو شێوەیە بکات. تورکیا بۆ قەتیسکردنی کورد لە رۆژئاوا کوردستانی باشوور ئەم جموجۆڵە دەکات. تورکیا دەڵێت من رێگر دەبم لە بەردەم گۆڕینی دیمۆگرافی، لە کاتێکدا کە رژێمی سووریا لە 1960ەوە خەریکی گۆڕینی دیمۆگرافیایە. رزگارکردنی گرێسپی بە واتای دووبارە گەڕاندنەوەی ناوچەکەیە بۆ دۆخی ئاسایی جارانی.

**رووداو: تۆ شەڕی پێشمەرگە و یەکینەکانی پاراستنی گەل لە رۆژئاوای کوردستان پێکەوە لەدژی داعش چۆن دەبینی؟**

**بێشکچی:** بێگومان خەباتکردنی پێشمەرگە و یەپەگە پێکەوە لە دژی داعش راستترینە. پێویستە کورد ململانێی نێوخۆیان وەلابنێن. واتا ئەگەر کورد لەبری تورک و عەرەب لە نێوان خۆیاندا پەیوەندی برایەتی دامەزرێنن هەنگاوێکی زۆر گرنگ دەبێت.

**رووداو: لەم بارەدا هەڵوێستی تورکیا بەرامبەر باشووری کوردستان چۆن دەبێ؟**

**بێشکچی:** لە ساڵانی هەشتاکانەوە تاوەکو دوو هەزاریش باسکردنی باشووری کوردستان هێڵی سوور بوو. ئێستا ئەو هێڵە سوورە تێپەڕێنرا. بە بۆچوونی من لە رۆژئاواش قۆناغێکی هاوشێوە دەگوزەرێت. تورکیا هەروەک کوردستانی باشوور ناچار دەبێت دان بە رۆژئاواشدا بنێت.

**رووداو: پێگەی کوردستان لە رۆژهەڵاتی ناوین لە کوێدایە؟**

**بێشکچی:** لە دوای پەلامارەکانی داعشەوە پرسی کورد لەنێو مەیدانی نێودەوڵەتیدا بەرەوپێش چوو. لە چەند ساڵی داهاتوودا داخوازییەکانی کورد زیاتر دەبێت هاوکات هێزە نێودەوڵەتییەکانیش جددیتر دەبن لە بەدەمەوەهاتنی پرسەکەدا.

**رووداو: بانگەشەی ئەوە دەکرێت کە ئێران لە رێی هەندێ هێزی ناوخۆی کوردستانەوە دەیەوێ رێگری لە بارزانی بکات، ئایا بەڕاستی بارزانی لە نێو رکابەرەکانیدا تەنیا ماوەتەوە؟**

**بێشکچی:** بانگهێشتکردنی نوێنەری کۆنسوڵگەریی ئێران بۆ دانیشتنی پەرلەمان نەک لەڕووی سیاسییەوە، بەڵکو لەڕووی ئەخلاقییەوە زۆر هەڵەیە. بانگهێشتکردنی نوێنەری دەسەڵاتێک بۆ دانیشتنێکی تایبەت بە سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان کە لە رۆژهەڵات رۆژانە ئەو گەنجانەی داوای ماف و ئازادییەکانیان دەکەن بە کرێنەوە هەڵدەواسێ، زۆر زۆر هەڵەیە. چۆن ئێران بانگهێشت دەکەیت کە ئەمە هەڵوێستی بێت؟ ئەمە لە کاتێکدایە کە گرنگترین بابەتی تایبەت بە کورد قسەی لەسەر دەکرێت.



- پێویستە رۆژئاوای کوردستان بەرەو راگەیاندنی دەوڵەت هەنگاو بنێ
- داعش بووە هۆی پێشکەوتنی کورد لە گۆڕەپانی نێودەوڵەتی
- گۆڕانی هەدەپە بۆ حیزبێکی تورکیایی لە بەرژەوەندیی کورد نییە
- ئێران سیاسەتەکانی خستووەتەگەڕ بۆ رێگریکردن لە بارزانی
- پێویستە بە زووترین کات لە باشووری کوردستان گشتپرسی بکرێت

- دەوڵەتێک نەماوە بە ناوی عێراق و سووریا
- 40 دەوڵەت ژمارەی دانیشتووانیان لە کورد کەمترە
- لەمەودوا هێزە نێودەوڵەتییەکان جددیتر دەبن لە بەدەمەوەهاتنی داواکاریی کورد
- بانگهێشتکردنی نوێنەری کونسوڵگەریی ئێران بۆ پەرلەمان کارێکی هەڵە بوو



## شووراکانی ئامەد چوونە نێو میراتی کولتووری جیهانییەوە

**رووداو- ئامەد**

ڕێکخراوی کولتوور و هونەر و میراتی جیهانی UNESCO بڕیاریدا کە شــووراکانی ئامەد و باخچەکانی هەوســەل، بچنە نێو تۆماری میراتە جیهانییەکان. ئەو بڕیارەی یونسکۆ لە 39یەمین کۆبوونەوەی ڕێکخراوەکەدابوو، کە ڕۆژی شەممە 2015/7/5 لە شاری بۆن لە ئەڵمانیا ئەنجامدرا. لە کۆبوونەوەکەدا 39 دۆســیەیان تاوتوێکرد، دۆســیەی بە میراتکردنی شــوراکانی ئامەد31ـەمین دۆسییە بوو بۆ ئەوەی وەک میراتێکی جیهانی بناسرێن، دوای پرۆسەیەکی دەنگدان شوراکانی ئامەد بە دەنگی 21 ئەندام بووە میراتی جیهانی. شوراکانی ئامەد درێژییان 5700 مەترە و 21 مەتریش بەرزن.

رووداو
راپۆرت
ژمارە (366) دووشەممە 2015/7/6

عەبدولڕەحمان کورت، پەرلەمانتاری پێشووی ئاکەپە بۆ (رووداو):

# گوتاری ئەردۆغان کاریگەریی زۆر خراپی لەسەر دەنگدەری کورد بەجێهێشت

## لەگەڵ سیاسەتمەدارە کوردەکانی نێو ئاکەپە بە جددی گفتوگۆ دەکەین

**رووداو- هەولێر**

عەبدولڕەحمان کــورت، یەکێکە لــەو پەرلەمانتــارە کوردانەی کــە ڕۆڵیان هەبووە لە دەستپێکردنی پرۆســەی چارەسەریی کێشەی کورد لە تورکیا. ســاڵی 2007 لەســەر لیستی پارتی دادوگەشــەپێدان دەبێتــە پەرلەمانتاری شــاری ئامــەد. لەبــەر ئــەوەی زۆر نزیک بووە لــە ڕەجــەب تەیب ئەردۆغــان، لە مەســەلەی چارەســەری کێشــەی کورد بە دەستە ڕاستی ئــەو وەســف دەکرا، بــەڵام لەگــەڵ بادانەوەی ئاکەپە و پشتکردنە چارەسەری کێشەی کورد، کەســانی وەکو عەبدولڕەحمان فەرامۆش کران. پەتــی نێوان عەبدولڕەحمان کورت و ئاکەپە لە کاتی ئاشکراکردنی ناوی کاندیدانی ئاکپارتی بە یەکجاری پسا. چونکە ناوی کورت لە لیستەکەی ئاکەپەدا لە ئامەد شەشــەمین ناو بوو، ئەویش ئەوەی شایانی پێگەی خۆی نەزانی و وازی لەو پارتە هێنا.

کورت دەربارەی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن و لە کورتیدانی دەنگی ئاکەپە بەتایبەتی لە باکووری کوردستان و هەروەها داهاتووی سیاسیی خۆی وەڵامی پرسیارەکانی (رووداو)ی دایەوە.

**رووداو: لە هەڵبژاردنەکانی 7ی حوزەیراندا لە هەموو تورکیا دەنگەکانی ئاکەپە لە کورتیی دا، بە تایبەتی لە باکووری کوردستان، هۆکارەکەی چی بوو؟**

**کورت:** چەنــد هۆکارێکی هەبــوون، لەوانە: نزمیــی ئاســتی پرۆفایلــی کاندیــدەکان و بێ تواناییان، دیارینەکردنی کاندیدی پێویســت لە شوێنی پێویست، هەروەها هەستکردنی کۆمەڵگا بە نادادپەروەری لەو ڕووەوە و بەکارهێنانی ئەو زمانە ڕاڕایە لەبارەی پرۆسەی چارەسەری.

ئــەم هەڵانە لەدوای ســاڵی 2009 بەردەوام دووبــارە دەبنــەوە. لەوکاتــەی هەنــگاوەکان بــەرەو چارەســەری کێشــەی کــورد دەنــران، خوێندنەوەیەکــی ڕاســت بــۆ بــاری دەروونیی گەلی کــورد و بەتایبەتی قۆناغی دوای کۆبانی و لەبەرچاونەگرتنی هەستیاریی کورد نەکرا. بە پێچەوانەوە لەم پرۆسەیەدا تووڕەبوونی خۆیان لە پەکەکە/ هەدەپە وەکو تووڕەبوون لە هەموو کورد نیشاندا.

دەتوانیــن ئەو ئەنجامــە بەچەندین هۆکاری دیکەشەوە ببەستینەوە، وەکو بۆ ئەوەی تورکیا رابکێشنە ناو زەلکاوی ســووریاوە، ڕای گشتی پروپاگەنــدەی ئەوەی کرد کە تورکیا هاوکاریی داعــش دەکات، ئۆپۆزیســیۆنی ناوخــۆش بــۆ دوورخستنەوەی کورد لە ئاکەپە ئەو مەسەلەیەی بە باشی قۆستەوە.

**رووداو: بەرلەوەی ئاکەپە بگاتە دەســەڵات، جەهەپــە لــە کوردســتان تا ڕادەیــەک دەنگی دەهێنــا، بــەڵام بەهاتنــی ئاکپارتــی ڕێــژەی دەنگەکانی جەهەپە لە کوردســتان ســفر بوو. ئایا ئەو پێشــڕەویە بەهێزەی هەدەپە بە واتای سفربوونی ئاکەپەش نایەت؟**

**کــورت:** نەخێر جەهەپــە وەکــو هەدەپەی نەدەکــرد کــە هەمــوو عەشــیرەتەکان قبووڵ بــکات، تەنیا هەندێک سیاســەتمەداری لە نێو عەشــیرەتەکان هەڵدەبژارد و بۆ بەدەستهێنانی دەنگ کاندیدی دەکردن. بەڵام بە جیابوونەوەی هێڵــی هــەپ — هەدەپە لەدوای ســاڵی 1991 دەنگی جەهەپە لە ناوچەکە سفر بوو.

بــەڵام ئاکپارتــی لــە ناوچەکــەدا وەکــو بەردەوامیدان بە دەنگەکانی پارتی ڕەفا دەستی پێکــرد. بە تێپەڕبوونی کات و دەســتپێکردنی پرۆسەی چارەسەری، دەنگی جەماوەری پارتی نیشتمانی دایک (ئاناپ)ی لەسەردەمی ئۆزال بۆ خۆی برد. دواتر دەنگی موسوڵمانە نارازییەکان و پاشــان دەنگی لیبراڵەکانیشــی خستە سەر دەنگەکانی خۆی. جگە لە دەنگەکانی پەکەکە، دەنگی چەپەکانی کوردیشی بۆ خۆی مسۆگەر کرد. بەمشــێوەیە لە ســاڵی 2007 دەنگەکانی ئاکپارتی لە باکووری کوردستان گەیشتە 55%.

**رووداو: قســەکانی ئەردۆغان "کێشەی کورد نییە، مێزی گفتوگــۆ نییە" تا چەند کاریگەری لەسەر دەنگدەری کورد هەبوو؟**

**کــورت:** هەڵبەتــە زۆر کاریگــەری خراپــی لەسەر دەنگدەری کورد بەجێهێشت، گرنگترین هۆکاریــش بوو بــۆ کەمبوونــەوەی دەنگەکانی ئاکپارتی، پێویســتە ئاکپارتی لــەو ڕاوێژکارانە بپرسێتەوە کە ئەو بیرۆکەیەیان دانا.

**رووداو: لــە دوای ســاڵی 2008 هیچی دیکە ئاکپارتــی پارتی دەنگدەر نییە. ئیتر ئەو پارتە بووەتە پارتی گرووپێکی بەرتەسک. تۆش وای دەبینی؟**

**کورت:** ئەگــەر بە تەواوەتیش بەمشــێوەیە نەبێــت، دەتوانین باســی بەرتەســکبوونەوەی بکەین.

**رووداو: ئەردۆغــان بــە قســەکانیدا کــە بۆنــی نەتەوەپەرســتی لێدەهــات، پێتوانییــە ویســتبێتی دەنگی کورد بکاتە قوربانی دەنگی نەتەوەپەرستان؟**

**کورت:** لەوانەیە بەمشێوەیە بیری کردبێتەوە، وای دانابــێ کە دەنگدەری کورد لەو هەڵبژاردنە زۆر لێــی دوورناکەوێتەوە و زیاتر حیســابی بۆ بردنی دەنگی جەماوەری مەهەپە کردبێت.

**رووداو: ئاکپارتی بۆ ئەوەی ئەو بارودۆخە لە کوردستان ڕاست بکاتەوە پێویستە چی بکات؟**

**کورت:** بەو پێیەی کێشــەی کورد کێشــەی یەکســانییە، دەبێــت هەوڵێــک بــدات تاوەکو هەموو پێداویستیەکانی ئەو یەکسانییە بەرقەرار دەکات.

**رووداو: بۆچــی ئێوەیــان لــە ڕیزبەنــدی شەشــەمین کاندید کرد؟ کێ لەپشت ئەو کارە بوو؟**

**کــورت:** مومکین نییە بتوانین لەوە تێبگەین کە بۆچی من لە ڕیزبەندی شەشەم کاندید کرام، هەموو ئەو بەرپرســانەی پارتی کە گفتوگۆیان لەگەڵ کردووم دەڵێن ئەوە ناحەقییەکی گەورەیە و تکایــان لێکردم دەســت لەکار نەکێشــمەوە. بەڵام کاندیدکردنێکی هەرزانی بەمشــێوەیە بۆ من کە ڕۆڵی کاریگەرم لە پرۆسەی چارەسەری گێڕاوە مایەی قەبوڵکردن نەبوو. کێ لە پشــت ئەوە بــوو، ئەوە تەنیا دەزگاکانی ناو ئاکپارتی دەزانن و ئەم نهێنییە دەشارنەوە.

**رووداو: بەردەوام دەبیت لە سیاسەت؟**

**کورت:** درێژەدان بە سیاسەت وەکو کارێکی مرۆڤایەتی دەبینم. بەڵام ئەمە شێوازی جیاوازی هەیە. لەوانەیە پێویست نەکات لەناو پارتێکدا بم و پۆستم هەبێت. ئەوەی ماوە بڵێم من لە ساڵی 2012 بەدواوە بەمشێوەیە سیاسەت دەکەم.

**رووداو: لەگەڵ سیاسەتمەدارە کوردەکانی ناو ئاکپارتی ئەوانەی وەکو ئێوەن، هیچ گفتوگۆتان لەســەر پێشــهاتەکانی ئەمدواییە کردووە؟ یان گفتوگۆ دەکەن؟**

**کــورت:** ئەو شــتێکە بــەردەوام کردوومانە. بەڵام دەتوانم بڵێم بەتایبەتی لەدوای هەڵبژاردنی 2015 ئەم گفتوگۆیە بەشێوەیەکی زۆر جددیتر دەکەین.

**رووداو: ئایا هەڵوێستێکی وەکو دەنگیر میر محەممەد فورات دەگرنەبــەر؟ یان دەگەڕێنەوە نــاو ئاکپارتی یان هەوڵــدەدەن ڕێگایەکی دیکە بدۆزنەوە؟**

**کــورت:** کاک دەنگیــر، ئــەو هەڵوێســتەی گرتەبەر کە پێی ڕاست بوو. هەڵوێستی ئێمەش لەنــاو قۆناغەکــە دیــاری دەکرێت. تاکە شــت کــە لەناو سیاســەت ناگۆڕێت، بەشــداریکردنە لــە بەدەســتهێنانی یەکســانی، دادپــەروەری، هاووڵاتی ئازاد و مافە سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان بۆ میللەتەکەمان.



# سەلەفیەت لە باکووری کوردستان داعش بەهێز دەکات

**رووداو- هەولێر**

لەگــەڵ بەهێزبوونــی داعــش لــە عێراق و ســووریا، لە باکووری کوردســتان بە گشــتی و ئامــەد بە تایبەتــی گرووپە ســەلەفیەکان بەهێزتر دەبن. بەشێک لە چاودێران پێشبینی دەکەن داعش لە سایەی ئەو گرووپانەوە هێز بەدەســتدێنێ و شــانەی چەکداری دروســت دەکات. بــەڵام بەشــێکی دیکە ئــەوە بەدوور دەزانــن و پێیانوایــە ســەلەفیەکان ڕێگــرن لەبەردەم گەورەبوونی داعش.

هەرچەنــدە کۆمەڵگەی کوردی لە باکووری کوردســتان کۆمەڵگەیەکــی پابەنــدە بــە ئاینــی ئیســلام، بەڵام بیری ســەلەفیەت لەو جوگرافیایــەدا پێگەیەکــی نەبــووە، ئەوەش بەهۆی ســۆفیگەری و تەریقەتــە ئاینییەکان کە توندوتیژی ڕەتدەکەنەوە و ناکۆکن لەگەڵ سەلەفیەت، بەڵام لە دوای ساڵانی نەوەتەکان و پەیدابوونی حیزبوڵڵا، سۆفیگەری و باوەڕی نەریتی بــەرەوڕووی ڕکابەرێکی نوێ بووەوە، ئەگەرچی توانی مانەوەی خۆی بپارێزێ.

بەهێزبوونــی ڕێکخــراوی قاعیــدە لــە عێــراق و ناوچەکــە لــە دوای ســاڵی 2003 و پاشــانیش پەیدابوونــی داعــش، زەمینەی بــۆ بەرفراوانبوونی ســەلەفیەت لــە باکووری کوردستان خۆشــکرد. زتکی زیلان، ئەندامی بزووتنــەوەی دەستپێشــخەریی ئیســلامی پێیوایــە زەمینەی ســەلەفیەت لــە باکووری کوردســتان زۆر بەهێز نییــە، بەڵام نکۆڵیش لــەوە ناکات کە "ڕەوتە ســەلەفیەکان لەگەڵ پەیدابوونی داعش زیاتر بوون".

بزووتنەوەکــەی زتکی لە ســاڵی 2011 لە باکووری کوردستان دامەزراوە و هەوڵ دەدات مەســەلەی نەتەوەیــی و ئیســلامی بەیەکەوە ببەســتێتەوە. زتکــی بــە (رووداو)ی گــوت "کاریگەریی شــەڕی ئەفغانســتان، سووریا و عێراق لەســەر کورســتان هەبووە. بەڵام ئەو کاریگەرییە کاتییە".

تەشــەنەکردنی ســەلەفیەت بــە زەمینەخۆشــکردن بــۆ فراوانبوونــی داعــش دادەنــرێ. داعــش لە عێــراق و ســووریا لەو شــوێنانە بەهێــز دەبێت کە ڕەوتی ســەلەفی تێیاندا بەهێزە.

ئوفوق جۆشکون، گۆشەنووسی ڕۆژنامەی یەنی سۆز، بە (رووداو)ی گوت "ڕێکخراوێکی تیرۆریســتی وەکــو داعــش دەتوانــێ لــەو شــوێنانە بــە ســوود وەرگرتــن لــەو زەمینە کۆمەڵایەتییــە جێگای خــۆی بکاتەوە، بەڵام داعش لە شوێنێکی وەکو ئیستانبوڵیش خۆی ڕێکخستووە".

بــەڵام حوســێن یڵمــاز جێگری ســەرۆکی گشــتی هودا-پــار، پێیوایــە گەورەتریــن ئاســتەنگی بــەردەم داعــش لــە باکــووری کوردســتان سەلەفیەکانن. یڵماز بە (رووداو)ی گــوت "ســەلەفیەکان ڕێگــرن لەبــەردەم گەورەبوونــی داعــش. جەماعەتــە ئاینییــە میانــڕەوەکان هــەوڵ دەدەن گەنجــەکان لــە بیــری داعــش دووربخەنــەوە. ئیخوانەکانیش سەلەفین، بەڵام لەژێر کاریگەری داعشدا نین. کەواتە سەلەفیەت هاوتا نییە بە داعش".

هــەر لەوبــارەوە ســەردار بوڵەنــد یڵماز، سەرۆکی پێشووی ڕێکخراوی ئۆزگور — دەر، بۆچوونەکانــی یڵماز پشتڕاســت دەکاتەوە و دەڵێــت "داعــش لوتکەی ســەلەفیەتە. بەڵام جگــە لــە بەشــێکی بچووکی ســەلەفیەکان، زۆربەیــان لــەدژی گــەورەبوونــی داعشــن. سەلەفیەکانی باکووری کوردستان پشتیوانی لــە گرووپەکانــی دیکەی ناو ســووریا دەکەن جگە لە داعش".

ڕاغیــب ئەنســاری ئۆغڵــو، پەلەمانتــاری پێشــووی ئامەد لەسەر لیســتی ئاکپارتی لە چەنــد ڕۆژی ڕابــردوودا لــە چاوپێکەوتنێکی تەلەفزیۆنیدا، باســی بەهێزبوونی داعشــی لە ناوچەکە و بوونی شــانەی چەکداری و شەڕی نێوان پەکەکە و داعشــی کرد. ئەو بە دووری نەزانــی کە داعــش بەرەیەکی نوێی شــەڕ لە باکووری کوردستان بکاتەوە.

هەر لــەو بەرنامەیــەدا، ئەنســاری ئۆغڵو باســی ڕێــژەی دەنگەکانی هودا—پــاری کرد لــە هــەردوو هەڵبژاردنی شــارەوانی 2014 و پەرلەمانی تورکیا لە ٧ی حوەزیرانی ئەمساڵ. ئەو گوتی "لە هەڵبژاردنی شــارەوانییەکاندا، هودا—پــار لە ئامەد 33 هــەزار دەنگی هێنا، بــەڵام لە هەڵبژاردنــی پەرلەمانی تورکیا 24 هەزار دەنگــی هێنا. ئــەو دەنگانەی کەمیان کردووە، ســەنگەرەکانیان لەناو هودا—پارەوە بۆ ناو داعش گواستووەتەوە".


بەڵام ســەردار بوڵەند یڵماز، ئەو قسانەی ئەنساری ئۆغڵو ڕەتدەکاتەوە و بە "ناواقیعی" وەســفیان دەکات و دەڵێت "ئەنساری ئۆغڵو هیچ لەبارەی فیکری ئیســلامی نازانێ، پشت بــە لێکدانــەوەی زانســتی نابەســتێ. بۆیــە زێدەڕۆیی لە قسەکانیدا هەیە".

ســەبارەت بە چوونــی ئەندامانی هودا+پار بــۆ ناو داعش، یڵماز دەڵێت "زانیارییەکان لە قەبــارەی خۆیان گەورەتر دەکرێن. بۆ نموونە دەڵێن لــە چەولیک 600 کەس پەیوەندی بە داعشــەوە کردووە. بەڵام من دڵنیام ئەوانەی پەیوەندییان بە داعشــەوە کردووە لەو شارە لە 60 کەس زیاتر نابێ".

حوســێن یڵماز کەمبوونەوەی دەنگەکانیان لــە هەڵبژاردنــی 7ی حوەزیران بۆ گوشــاری پەکەکــە لەســەر ئــەو گوندنشــینانە دەگەڕێنێتــەوە کە پێشــتر دەنگیان بە هودا — پــار دابــوو. لەبــارەی چوونــی ئەندامانی پارتەکەشــی بۆ ناو داعــش دەڵێت "گەنجانی ئێمــە ناچنە نــاو داعش، ئێمــە کردەوەکانی داعــش بــە کــردەوەی ئیســلام نازانیــن و هــەوڵ دەدەین ئــەو گەنجانــەی وەکو داعش بیردەکەنەوە پەشــیمانیان بکەینەوە. ئەوەی پەشــیمان نەبێتەوە پەیوەندی بە داعشــەوە دەکات".

لە تۆڕی کۆمەڵایەتی تویتەر، سەدان لاپەڕە هــەن کە کوردین و پاشــناوەکانیان تورکییە و پروپاگەنــدە بــۆ داعش دەکــەن. لەوانەیە ئەمە نیشــانەیەک بێت بۆ ڕاســتیی قسەکانی ئەنســاری ئۆغڵو، بەڵام پشتڕاســتکردنەوەی ئەو مەسەلەیە لە میدیاکانەوە زەحمەتە.

ڕۆژنامەنووســێک لە باکووری کوردستان کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، بە (رووداو) ی گوت "ســەرکردایەتی هودا+پار پشــتگیری لە داعش نــاکات، بەڵام لەناو جەماوەری ئەو پارتە پشــتگیری داعش دەکرێت، ژمارەیەکی زۆر لــە گەنجانــی هودا+پــار پەیوەندییان بە داعشــەوە کردووە، بەڵام تێناگــەم بۆچی لە ئاست ئەو مەترسیە بێدەنگی هەیە. هەموو کەس خۆ لە قسەکردن لەسەر ئەو مەسەلەیە بە دوور دەگرن".



# کەرکووک داوای جیاکردنەوەی نەوتەکەی دەکات

عەدنان حوسێن
ڕووداو- کەرکووک



ئەنجوومەنی پارێـزگای کەرکوک لەهەوڵی ئەوەدایە ناوی کۆمپانیای نەوتی باکوور بگۆڕێت بۆ کۆمپانیـای نەوتی کەرکوک و راسـتەوخۆ لەلایەن ئیدارەی شارەکەوە بەڕێوەی ببرێ.

ئەحمەد عەسکەری، سەرۆکی لیژنەی نەوت و غـاز لـە ئەنجوومەنـی پارێـزگای کەرکوک بـە (ڕووداو)ی گـوت "داوایەکمان ئاراسـتەی وەزارەتی نەوتی عێراق کردووە بۆ گۆڕینی ناوی کۆمپانیـای نەوتی باکوور بۆ کۆمپانیای نەوتی کەرکووک".

## بۆ جیا دەبنەوە؟

لەبارەی پاڵنەرەکانی ئەنجوومەنی پارێزگاوە بۆ ئـەو هەنـگاوە، ئەحمەد عەسـکەری گوتی "بەشـێکی زۆری ئەو کۆمپانیایە ئێسـتا لەژێر دەسـەڵاتی داعشـدایە و تەنیـا ئـەو کێڵگانە ماونەتـەوە کـە دەکەونـە سـنووری پارێزگای کەرکوک".

کۆمپانیـای نەوتـی باکـوور سـنووری پارێزگاکانی کەرکووک، مووسـڵ، سەڵاحەدین، هەولێـر، سـلێمانی، دهـۆک، بەغـدا و دیالـە لەخۆدەگرێـت، بـەڵام لـە دوای سـاڵی 1991 دەسـەڵاتی بەسـەر پارێزگاکانـی هەولێـر، سـلێمانی و دهۆکدا نەما. پارێزگاکانی مووسڵ و سەڵاحەدین و بەشێکی دیالەش ئێستا لە ژێر دەسەڵاتی داعشدان.

خاڵێکـی دیکـە کـە وا دەکات ئەنجوومەنی پارێـزگا داوای ئەو گۆڕانکارییە بکات، سـوود وەرگرتنە لە ماددەی 112ی دەسـتووری عێراق کـە بەپێی ئـەو مادەیە پارێـزگا و هەرێمەکان لەگـەڵ حکومەتـی فیدراڵـی بەرپرسـن لـە دەرهێنانی نەوت.

عەسـکەری گوتـی "پرسـی نـەوت وەک پرسـێکی مەرکەزی نەماوەتەوە و دەبێت ببێتە لامەرکەزی".

یەکێکـی دیکـە لـە پاڵنەرەکانـی ئیدارەی کەرکـووک، بەگوتەی عەسـکەری، ئەوەیە کە سـوود لـە پێنـج دۆلاری پـارەی پتـرۆ دۆلار وەربگـرن، بەهەمانشـێوە بـۆ دامەزراندنـی کارمەندانیش ئـەوان دەیانەوێت بـەو هەنگاوە دانیشتووانی کەرکووک سوود وەربگرن و تەنیا دانیشتووانی پارێزگای کەرکوک لە کۆمپانیاکە دابمەزرێنن. لە کاتێکدا پێشـتر دانیشـتووی 9 پارێزگای لێ دادەمەزرا.

کۆمپانیـای نەوتـی باکـوور ئەگەرچـی سـەنتەرەکەی شـاری کەرکووکە، بەڵام بەر لە پرۆسـەی ئازادیـی عێراق، ڕێـژەی کارمەندانی کـورد لـەو کۆمپانیایـە تەنیا 1% بـوو، دوای 12 سـاڵ، ئێسـتا ڕێـژەی کارمەندانـی کورد گەیشتووەتە 7%.

فەرهـاد حەمـزە، ئەندازیاری نـەوت گوتی "وەزارەتی نەوتی عێراق کوردی بێبەش کردووە لـەو کۆمپانیایە، تەنانەت لە سـاڵی 2008 کە گەرمەی دەسـەڵاتی کـوردی بوو، 4100 کەس لـەو کۆمپانیایـە دامەزران، لـەو ژمارەیە تەنیا 300یان کورد بوون.

دوو خاڵی دیکە کـە ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکـووک پشـتیان پێدەبەسـتێ، بریتیـن لە یەکەم: لە بەشـێکی شـارەکانی ناوەڕاسـت و خـوارووی عێراقـدا کۆمپانیـای تایبەتی نەوت پێکهێنـراون، وەکو کۆمپانیای نەوتی میسـان و زیقـار و کۆمپانیـای نەوتـی بەسـرە کە لە کۆمپانیای نەوتی باشوور جیابوونەوە.

دووەم: بڕیـارە لەمانگی ئابدا دەسـەڵاتی 8 وەزارەت دابەزێتـە خـوارەوە، ئەوەش وادەکات ئەنجوومەنـی پارێـزگای کەرکووک سـوود لەو خاڵەش ببینێ.

فەرهاد حەمزە شـارەزای نەوت و غاز هاوڕا بوو لەگەڵ عەسکەری "کەواتە کۆمپانیای نەوتی باکوور تەنیا دەسـەڵاتی بەسەر ئەو کێڵگانەدا هەیـە کە لە سـنووری کەرکووکـن، بۆیە ئەمە گەورەترین هۆکارە بۆ گۆڕینی ناوی کۆمپانیاکە"

## ئەمری واقیع

ئـەم داوایەی ئەنجوومەن لەلایەن پارێزگاری کەرکووکیشەوە تەبەنی کراوە، هەفتەی پێشوو د.نەجمەدین کەریم پارێزگاری کەرکوک داوای کرد ناوی کۆمپانیـای نەوتی باکوور بگۆڕدرێت بۆ کۆمپانیای نەوتی کەرکـووک. د.نەجمەدین لەکۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا رایگەیاند "لە ڕووی عەمەلییەوە کۆمپانیای نەوتی باکوور نەماوە."

پێشـتر وەزارەتی سـامانە سروشتییەکانی هەرێمـی کوردسـتان لـە 2014/7/11 راگەیێندراوێکـی بڵاوکردەوە تێیدا سیاسـەتی ئەمری واقیعی خستەڕوو "بەمەبەستی پاراستنی کێڵگەکانـی نەوتـی بـای حەسـەن و ناوچەی مەخموور، هێزەکانی تایبەت بە پاراستنی نەوت لە هەرێمی کوردستان ڕەوانە کراون و ناوچەکە لەلایەن ئەو هێزەوە کۆنترۆڵ کراوە".

ئاریـز عەبدوڵڵا، سـەرۆکی لیژنـەی وزە لە پەرلەمانـی عێـراق لەبـارەی داواکارییەکـەی کەرکـووک رایگەیانـد "ئەوە داوایەکی یاسـایی و دەسـتوورییە، عێـراق دەوڵەتێکی فیدراڵییە و ڕێگە بە دابەشـکردنی دەسەڵاتەکان دەدات، کەرکوک مافی خۆیەتـی کۆمپانیایەکی نەوت بـە ناوی کەرکـووک دابمەزرێنـێ وەک پارێزگا بەرهەمهێنەرەکانـی دیکەی نەوت لە میسـان و زیقار و بەسـرە کە پێشـتر سەر بە کۆمپانیای نەوتی باشوور بوون".

بەیار دۆسکی، ئەندامی لیژنەی پیشەسازی و سامانە سروشتییەکان لە پەرلەمانی کوردستان سـەبارەت بـە داواکارییەکـەی ئەنجوومەنـی پارێزگای کەرکووک گوتی "پارێزگای کەرکووک لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا زۆرترین زوڵمی لێکـراوە، بۆیە مافی خۆیەتـی، بەتایبەتی کە دابەشـکردنی دەسـەڵات و سـامانی سروشتی بنەمـای فیدراڵییە، بۆیە ئێمە وەکو پەرلەمانی کوردستان پشتیوانی لەو داوایەی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک دەکەین".

### نەوتی کەرکووک

حکومەتـی عێـراق لە سـاڵی 1935ەوە نەوتی کەرکووک هەناردەی دەرەوەی عێراق دەکات، سـەرەتا بـە 84 هـەزار بەرمیـل دەسـتپێکردووە، دواتر هەڵکشـا و تاوەکو ساڵانی شەستەکانی سەدەی رابردوو نەوتی کەرکـووک 100%ی نەوتـی هەناردەکـراوی عێراقـی پێکدەهێنـا. سـەردەمی زێڕینـی نەوتـی کەرکووک بەگوتـەی فەرهاد حەمزە ئەندازیـاری نەوت و غاز، سـاڵی 1979 بوو کە ئـەوکات ملیۆنێک و 600 هەزار بەرمیل بووە.

یەدەگـی نەوتـی کەرکـووک بەپێـی ئامـارەکان 11 ملیار بەرمیل نەوتە، فەرهاد حەمـزە دەڵێـت "ئـەم یەدەگە چەسـپاوە، بەڵام بەهێنانی تەکنەلۆژیای نوێ دەتوانرێت لەو ڕێژەیە زۆر زیاتر دەربهێنرێ".

نەوتـی کەرکـووک 10%ی نەوتـی کوردسـتان پێکدەهێنێ، ڕۆژانە 300 هەزار بەرمیـل نـەوت هەنـاردە دەکات. لـەو بڕە 150 هـەزاری لەلایـەن وەزارەتـی سـامانە سروشـتییەکانی هەرێمـی کوردسـتانەوە بەرهـەم دێـت و 150 هەزارەکـەی دیکەش لەلایەن کۆمپانیای نەوتی باکوور.

# کەرکووک ترلیۆنێک و 119 ملیار دیناری پرۆژەکان قەرزدارە

پشتیوان جەمال
ڕووداو- کەرکووک



ئـەو پارێزگایـەی بـن خاکەکـەی پـڕە لە سامانی سروشتی، بەدەست نەبوونی بودجەوە دەناڵێنێ. ئێسـتا ئیدارەی شـاری کەرکووک زیاتر لـە ترلیۆنێک و 119 ملیار دینار پارەی پرۆژەکان قەرزدارە و بەرپرسـێکی شارەکەش دەڵێت ئەگەر سەرجەم موستەحەقاتەکانیشیان بۆ خەرج بکرێ، هێشـتا زیاتـر لە 880 ملیار دیناریان لەسەر دەمێنێ.

نیـوەی سـاڵی 2015 تێپەڕیـوە و تاوەکو ئێستا ئـەو بودجەیـەی لەلایـەن حکومەتی فیدراڵـی عێراقـەوە بۆ پارێزگای کەرکووک تەرخـان کرابوو، پێی نەگەیشتووە. ئەوەش بووەتـە هـۆی دروسـتبوونی کێشـەی گەورە بـۆ کەرتـی خزمەتگـوزاری و کەڵەکەبوونـی قەرزێکـی زۆر لەسـەر ئیدارەی شـارەکە کە بەپێی لێکدانـەوەکان، ئەگەر هەموو بودجەی ئەمساڵیشـیان بـۆ ڕەوانـە بکـرێ، هێشـتا کەرکـووک زیاتر لـە 880 ملیار و 387 ملیۆن دینار قەرزداری پـڕۆژە و خزمەتگوزارییەکانی ئەمسـاڵ و ساڵانی (2012 و 2013 و 2014) دەبێت.

بودجەی ئەمساڵی پارێزگای کەرکووک 388 ملیـارە کە لەو بـڕەش 140 ملیاری بودجەی پەرەپێدانـی هەرێمـەکان و 248 ملیاریشـی بودجـەی پتـرۆ دۆلارە، لە کاتێکـدا بودجەی ساڵی رابردووش کە بە ترلیۆنێک و 266 ملیار دینار خەمڵێنرابوو، بۆی خەرج نەکراوە.

ئیبراهیـم خەلیل، ئەندامی لیژنەی دارایی و ئابووری لە ئەنجوومەنـی پارێزگای کەرکووک بـە (ڕووداو)ی گـوت بەهـۆی خەرجنەکردنی بودجـەی ئەمسـاڵەوە، پارێـزگای کەرکووک ڕووبەڕووی قەیرانێکـی گـەورە بووەتـەوە "سـەرەڕای ئەوەی بەهـۆی نەبوونی بودجەوە هیچ پرۆژەیەکی ئەمسـاڵ و سـاڵی رابردووش جێبەجێ نەکراون، لە هەمانکاتیشـدا زیاتر لە 880 ملیار دیناریش قەرزداری خزمەتگوزاری و پرۆژەکانی ساڵانی 2012 و 2013 و 2014ین".

بەگوتـەی ئیبراهیم خەلیل، سـاڵی ڕابردوو بـە بڕی 300 ملیـار دینار پرۆژەیـان بۆ قەزا و ناحیەکانـی پارێـزگای کەرکووک پەسـەند کردووە و ئێستا بەشێکیان لە جێبەجێکردندان و پارەیـان بـۆ خەرج نەکـراوە. جگە لەوەش 176 ملیـار دینـار قەرزداری پـارەی کارەبای وێستگەی ئەحمەد ئیسـماعیلن. هەروەها 20 ملیـار دیناریان پێویسـتە بـۆ پاککردنەوەی شـاری کەرکووک. لەلایەکی دیکەوە وەزارەتی پـەروەردەی عێراق بـەدەر لە بودجە و بەبڕی 114 ملیار دینار پرۆژەی کردووە کە لەو بڕەش تەنیـا 22 ملیار دیناری خەرجکراوە و ئێسـتا نزیکەی 91 ملیار دینار قەرزدارن.

ئیبراهیـم خەلیـل ئامـاژەی بـۆ بـڕی ئەو قەرزانـە کرد کە لە ئەسـتۆیانە و گوتی "ئەو بڕە پارانەی کە ئێسـتا لە ئەسـتۆی ئیدارەی شارەکەیە بیداتەوە، نزیکەی ترلیۆنێک و 119 ملیـار دینارە، بۆیـە ئەگەر هەمـوو بودجەی ئەمساڵیشـمان بۆ ڕەوانە بکەن، هێشـتا 881 ملیار و 387 ملیۆن دینار قەرزدار دەبین".

هەر بەهۆی ئەو قەیرانە داراییەی دووچاری هاتـوون، ڕۆژی 25/6/2015 د.نەجمەدیـن کەریم، پارێزگاری کەرکووک سەردانی د.فوئاد مەعسـوم، سـەرۆک کۆماری عێراقـی کرد بۆ چارەسـەرکردنی ئـەو بـارە گرانـەی لەسـەر شـارەکەیانە. بەپێی بەیاننامەی سەرۆکایەتی کۆماریـش، د.فـوئـاد مەعسـوم بەڵێنـی چارەسەری گرفتەکانی پێداوە.

لە سـاڵی 2014دا شـارەوانی کەرکووک لە پلانیـدا بـووە نزیکەی 100 پـڕۆژە جێبەجێ بـکات، بـەڵام بەهـۆی نەبوونـی بودجـەوە پرۆژەکان ماونەتەوە بۆ ئەمساڵ. جگە لەوەش لـە پرۆژەکانی سـاڵی 2013 کە نزیکەی 122 پرۆژە بووە، هەندێکی جێبەجێ نەکراون.

سـەردار عەلـی، سـەرۆکی شـارەوانی کەرکووک بە (ڕووداو)ی گوت "هەتا ئێستاش پارەی بەشـێک لە پرۆژەکانی سـاڵی 2013 نەهاتووە. هێشـتا نزیکـەی 140 ملیار دینار پارەی پرۆژەی جێبەجێکراوی ساڵی 2013ی فەرمانگەکانـی کەرکووک نەدراون و زیاتر لە 60%ی پرۆژەکانی ئەو ساڵەش وەستاون".

ئەو قەیرانە داراییەی ڕووبەڕووی کەرکووک بووەتـەوە، بەشـێکە لەو قەیرانە گشـتییەی کـە عێراقی پێـدا تێدەپەڕێت ئەوەش بەهۆی دروستبوونی شەڕی داعش و دابەزینی نرخی نەوت لـە بازاڕەکانی جیهاندا کە عێراق وەک سەرچاوەی سەرەکی پشتی پێ دەبەستێ.

ڕێبـوار تەهـا، پەرلەمانتـاری کەرکـووک لـە ئەنجوومەنـی نوێنەرانـی عێـراق بـە (ڕووداو)ی ڕاگەیانـد "خەرجنەکردنی پارەی پەرەپێدانـی هەرێمەکان پەیوەندی بە هەموو پارێزگاکانەوە هەیـە، چونکە عێراق قەیرانی دارایـی هەیـە، بەڵام بـۆ پارەی پتـرۆ دۆلار دەتوانـرێ هاوشـێوەی شـاری بەسـرە، بۆ کەرکووکیـش خەرج بکرێ، چونکە کەرکووک لەڕێگەی نەوتەکەیەوە ڕۆڵێکی گەورەی هەیە لە دابینکردنی بودجەی گشتیی عێراق".

نوێنەرانـی کەرکـووک لـە ئەنجوومەنـی نوێنەرانی عێراق بۆ چارەسـەرکردنی قەیرانی دارایی پارێزگاکەیان چەندینجار نووسـراویان پێشکەشی حەیدەر عەبادی سەرۆک وەزیرانی عێـراق کـردووە، بـەڵام داواکارییەکانیان بێ وەڵام بووە. وەک ڕێبوار تەها گوتی "عەبادی لـە پەرلەمانی عێـراق ڕایگەیانـد کە بەهۆی قەیرانی داراییەوە و تا شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵ تەنیا دەتوانن مووچە دابین بکەن".

ڕێبـوار تەهـا گوتیشـی "بەپێـی زانیارییەکانمان لە ڕۆژی 24ی مانگی ڕابردوو بـڕی 14 ملیـار دینـار پـارەی پەرەپێدانی هەرێمـەکان هاتووە و بەرپرسـانی ئیداریش لـە بەرنامەیاندایـە مووچـەی پتـرۆ دۆلاری کارمەنـدان و بەشـێک لـە بەڵێندەرانـی لێ خەرج بکەن".

ڕێبـوار تەهـا ئـەو دۆخەی لـە کەرکووک دروسـتبووە بە مەترسـیدار دەزانێ و دەڵێت "دۆخەکـە بـۆ ئێسـتا و داهاتووی شـارەکە مەترسیدارە، چونکە کەرکووک تایبەتمەندیی خۆی هەیە و بەهەر شێوەیەک بێت پێویستە لـە پـارەی پتـرۆ دۆلار، بودجـەی بۆ خەرج بکرێ".

ڕووداو ئابووری
ژمارە (366) دووشەممە 2015/7/6

## نێچیرڤان بارزانی: پێش جەژن مووچەی مانگی 5 دەدرێت



**ڕووداو- سلێمانی**

نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەڤانیدا لە شاری سلێمانی ڕایگەیاند، پێش جەژن دەست بە دابەشکردنی مووچەی مانگی پێنج دەکرێت و گوتیشی هەموو هەوڵێکیان بۆ ئەوەیە لەدوای مانگی حەوتەوە دواکەوتنی مووچە نەمێنێ.

بارزانی بە ڕۆژنامەنووسانی گوت "پێش جەژن مووچەی مانگی 5 دەدرێت". ئاماژەی بەوەشدا هەموو هەوڵێکیان ئەوەیە دواکەوتن لە مووچەدا نەمێنێت، بۆ ئەوەی هەموو ڕۆژێک نەگوترێت مژدە مووچە هات.

بەهۆی خاوەخاوی سایلۆ

# بەری ڕەنجی جووتیارەکان دەچێتە گیرفانی خاوەنی بارهەڵگر

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**

زیاتر لە سێ هەفتەیە نۆرەی گرتووە، بەڵام هێشتا بەخت یاوەری مام عوسمان نەبووە گەنمەکەی لە سایلۆ بەتاڵ بکات. تێچووی وەستان لە نۆرەدا بۆ هەر شەوێک 100 هەزار دینار لەسەر مام عوسمان دەکەوێت. بۆیە دەڵێت "بەشێکی زۆری داهاتی ئەمساڵمان بۆ خاوەنی بارهەڵگرەکان بوو".

عوسمان هەمزە، 55 ساڵ، جووتیارێکی گوندی پاڵانی سەر بەناحیەی قوشتەپەی شاری هەولێرە، بەرهەمی ئەمساڵی 70 تۆن گەنم بوو. سەرەتا لۆرییەک گەنم بۆ سایلۆ دەنێرێت و دوای 8 ڕۆژ نۆرەی دەگاتێ. مام عوسمان گوتی "کرێی ئەو لۆرییە گەنمە سێ ملیۆن دینار لەسەرم کەوت".

مام عوسمان 23 ڕۆژ لەمەوبەر لۆریی دووەمی ناردووە بۆ سایلۆی هەولێر، بەڵام هێشتا لە نۆرەدایە. ئەو کە بیر لە 23 سەت هەزاری دەکاتەوە، بەتووڕەییەوە دەڵێت "کارمەندانی سایلۆی هەولێر کەمتەرخەمن.. ڕۆژانە بەبیانووی جیاجیا ژمارەیەکی کەمی لۆرییەکان بەتاڵ دەکەن، بەهۆی ئەوانەوە هەر جووتیارێک زیاتر لە 25 ڕۆژ لە نۆرە ڕادەوەستێ".

ساڵانی ڕابردوو لە یەکی حوزەیرانەوە دەرگای سایلۆکان بۆ وەرگرتنی گەنمی جووتیاران دەکرایەوە، بەڵام ئەمساڵ لە ترسی ئاگرکەوتنەوە، سایلۆکانی هەولێر لە 17ی ئایار، دهۆک لە 28 ئایار و سلێمانی لە چواری حوزەیران دەستیان بە وەرگرتنی گەنم کرد.

بەگوێرەی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی گشتی بازرگانی هەرێمی کوردستان کە وێنەیەکی دراوەتە (ڕووداو)، لە سەرەتای پرۆسەی وەرگرتنی گەنمەوە تاوەکو ڕۆژەکانی کۆتایی مانگی ڕابردوو سایلۆکانی کوردستان 547 هەزار و 673 تۆن گەنمیان لە جووتیاران وەرگرتووە.

لە هەرێمی کوردستان 7 سایلۆ هەن، بەڵام ئەمساڵ بەهۆی زۆریی بەرهەم و خێراترکردنی پرۆسەی وەرگرتنی جووتیاران، 8 بنکەی کاتی بۆ وەرگرتنی گەنمی جووتیاران لە ناوچەکانی شەمامک، کانی قرژاڵە، کۆیە و گردەڕەشە لە هەولێر و ڕانیە، کەلار و سیروان لە سلێمانی و ڕۆڤیا لە دهۆک کراونەتەوە. سەرەڕای ئەوەش هێشتا لۆدێکی زۆر لەسەر سایلۆکان هەیە.

نەوزاد ئەدهەم، بەڕێوەبەری گشتیی بازرگانی بەوەکالەت لە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی لەوبارەیەوە دەڵێت "ئەو لۆدە زۆرەی لەسەر سایلۆ و بنکەکان هەیە، بەشێکی پەیوەندی بە خودی جووتیارانەوە هەیە، چونکە هەموویان لەیەک کاتدا ڕوو لە سایلۆکان دەکەن، بەشێکی دیکەشی دەگەڕێتەوە بۆ زۆریی بەرهەمی ئەمساڵ بە بەراورد بەساڵی ڕابردوو".

بەگوێرەی پێشبینییەکانی بەڕێوەبەرایەتی بەرهەمهێنانی دانەوێڵە و پەسەندکردنی بنەتۆ لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، بەرهەمی گەنمی ئەمساڵی جووتیاران دەگاتە 930 هەزار تۆن، لەکاتێکدا بەرهەمی ساڵی ڕابردوو 745 هەزار تۆن بوو. بەڵام سایلۆکانی کوردستان تەنیا توانای کۆگاکردنی 385 هەزار تۆن گەنمیان هەیە.

نەوزاد ئەدهەم دەڵێت "بۆ ئەوەی ئەمساڵیش وەک ساڵی ڕابردوو تووشی گرفتی تەڕبوونی گەنم نەبین، بڕیاری دروستکردنی 32 پەنکەرمان لە پارێزگاکاندا کە توانای کۆگاکردنی 100 هەزار تۆن گەنمیان هەیە".

سەبارەت بە گلەیی جووتیارانیش لەبارەی نۆرەگرتنەوە، نەوزاد ئەدهەم گوتی "هەموو هەوڵێک دەدەین بۆئەوەی بەرهەمی سەرجەم جووتیاران وەربگرین، ئەگەر لە سایلۆکانی کوردستان زیاد بوو، دەینێرین بۆ سایلۆکانی عێراق و لە کاتی پێویستدا لێیان وەردەگرینەوە".

لە سنووری پارێزگای سلێمانی جگە لە سایلۆی سەیدسادق و پیرەمەگروون 3 بنکەش لە کەلار، سیروان و ڕانیە بۆ وەرگرتنی گەنم کراونەتەوە بەڵام هێشتا لۆدێکی زۆر لەسەر سایلۆکان هەیە. جووتیاران لە هەندێ سایلۆ زیاتر لە 20 ڕۆژ نۆرە دەگرن.

جەمال جەلال، جووتیارێکی گوندی کرپچنەی ناحیەی سەنگاوی سەر بە پارێزگای سلێمانییە، ئەمساڵ 40 تۆن گەنمی لە زەوییەکەی هەڵگرتەوە. 21 ڕۆژ نۆرەی گرت تاوەکو سایلۆی پیرەمەگروون گەنمەکەی لێوەرگرت.

ئەو جووتیارە هۆکاری سستیی پرۆسەی وەرگرتنی گەنمی ڕوونکردەوە و گوتی "ڕۆژانە سایلۆی پیرە مەگروون، 120 بارهەڵگر گەنمی وەردەگرت، بەڵام گرفت لە بەتاڵکردنی لۆرییەکان هەبوو، چونکە بارێکی زۆریان پێ بوو جەگی سایلۆکانیش توانای بەرزکردنەوەی ئەم هەموو بارەیان نەبوو".

ئەندازیار ئەمین محەممەد، بەڕێوەبەری کۆمپانیای گشتی بازرگانی دانەوێڵە- لقی سلێمانی، دەڵێت ڕۆژانە تێکرای توانای وەرگرتنی گەنم لە بنکە و سایلۆکانیان دەگاتە نزیکەی 7 هەزار تۆن گەنم، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەهۆی تازەیی سایلۆکان و هەندێ گرفتی تەکنیکی و لەکارکەوتنی جەگی هەردوو سایلۆی پیرەمەگروون و سەیدسادق لۆدێکی زۆریان لەسەرە.

ئەمین نموونەی بە سایلۆی پیرەمەگروون هێنایەوە و گوتی "ڕۆژانە 100 بارهەڵگر گەنم بەڕێدەکەین، زیاتر لە 47 هەزار تۆن گەنممان وەرگرتووە، بەڵام هێشتا زیاتر لە 3500 بارهەڵگر لەم سایلۆیە ناویان تۆمارکردووە".

ئەو بەڕێوەبەرە بەشێکی ئەو پاڵەپەستۆیەی خستە ئەستۆی شوفێری بارهەڵگرەکان و گوتی "شوفێری وا هەیە لە چەند شوێنێک ناوی دەنووسێ، دواتر کە نزیک بووەوە، نۆرەکەی دەفرۆشێتەوە، واتە جۆرێک لە گەندەڵی هەیە".



### وەرگرتنی گەنم لە سایلۆکانی هەرێمی کوردستان

| هەولێر | گەنم/ تۆن | سلێمانی | گەنم/ تۆن | سلێمانی | گەنم/ تۆن |
|---|---|---|---|---|---|
| ل17/5 تاوەکو 28/6 | | لە4/6 تاوەکو 29/6 | | لە28/5 تاوەکو 27/6 | |
| هەولێر | 70.838.100 | پیرەمەگروون | 44.896.000 | فایدە | 66.084.130 |
| مەخموور | 57.814.380 | سەیدسادق | 25.015.740 | شێخان | 82.120.690 |
| شەمامک | 33.444.690 | ڕانیە | 25.455.230 | زاخۆ | 25.838.160 |
| کانی قرژاڵە | 28.827.380 | کەلار | 17.306.030 | ڕۆڤیا | 40.699.160 |
| کۆیە | 12.763.070 | سیروان | 16.569.610 | _ | _ |
| کۆی گشتی | 214.742.410 | | 129.242.610 | | 203.687.890 |
| | 547.672.910 | | | | |

### پارەی پاریان وەرنەگرتووە

داهاتی گەنمی ساڵی ڕابردووی جووتیارانی کوردستان 513 ملیار و 883 ملیۆن دینار بوو، بەڵام ساڵ سووڕاوەو حکومەتی عێراق تەنیا 317 ملیار و 528 ملیۆن دیناری بۆ جووتیاران خەرجکردووە.

نەوزاد ئەدهەم دەڵێت "لە هەوڵی بەردەوامداین لەگەڵ وەزارەتی بازرگانیی عێراق، بەڵام بەغدا بەبیانووی نەبوونی پارە، تاوەکو ئێستا پارەکەی دیکەی نەناردووە".

# قەیرانی دارایی یۆنان و وانەکانی بۆ کوردستان



**عومەر ئەحمەد**

یۆنان و هەرێمی کوردستان دوو وڵاتی جیاوازن لە دوو جوگرافیای جیاوازدا، بەڵام قووڵبوونەوەی قەیرانی دارایی لە یۆنان و سەرهەڵدانی قەیرانی دارایی لە هەرێمی کوردستان زۆر لە یەک دوور نین، بگرە هۆکار و سەرچاوەکانیان چوونیەکن.

تا ساڵی 2009، یۆنان وڵاتێکی جوان و سەرنجڕاکێشی کەناری دەریای ناوەڕاست بوو، ئەو وڵاتەی کە دیمەنە جوانەکانی دەریای شین و مێژووە دەوڵەمەندەکەی هەستی هەموو گەشتیارێکی دەهەژاند، تا ئەو کاتەی لە ناوەڕاستی ساڵی 2009 حکومەتەکەی جۆرج پاپاندیرۆ خەمڵاندنەکانی بۆ کورتهێنانی بودجەی حکومەت لە 6% وە بەرزکردەوە بۆ 12% و لە کۆتایی هەمان ساڵیشدا بۆ 13.6%. تا ساڵی 2011 قەرزەکانی یۆنان گەیشتە ژمارەی خەیاڵی 327 ملیار یۆرۆ کە دەیکردە 140%ی هەموو داهاتی نیشتمانی و لە ساڵی 2012 شدا بەرز بووەوە بۆ 340 ملیار یۆرۆ، واتا 160%ی کۆی داهاتی نیشتمانی. بەڵام یۆنان چۆن ئەو هەموو قەرزەی لەدوای یەک کەڵەکە کرد؟

### حکومەتێکی دیمۆکرات و خەڵکێکی سۆشیاڵ

لە ساڵی 1974دا حکومەتێکی دیمۆکرات لە یۆنان هاتە سەرکار و دەستی بە چەندین گۆڕانکاریی گەورە کرد، لەوانەش بەرزکردنەوەی مووچەی کارمەندان و مووچەی خانەنشینی و بەرزکردنەوەی خەرجییەکانی تەندروستی و هەروەها زیادکردنی کارمەندانی حکومی و کەرتی گشتی، لەبەر ئەوەش خەڵکی یۆنان ڕاهاتوون بە حکومەتێکی گەورە و فراوان کە خەرجییەکانی لە ئاستێکی بەرزدایە.

### سیستەمی کۆکردنەوەی باج

یۆنان بەوە ناوبانگی دەرکردووە کە سیستەمێکی زۆر ئاڵۆزی کۆکردنەوەی باجی هەیە، لەبەر ئەوەش کۆمپانیاکان و بازرگانان و هەروەها هاووڵاتیانیش دەتوانن خۆیان لە پێدانی باج بدزنەوە. وا خەمڵێندراوە کە لە ساڵی 2011دا حکومەتی یۆنان بڕی 30 ملیار یۆرۆ تەنیا لەبەر شکستهێنانی لە کۆکردنەوەی باج زیانی دارایی لێکەوتووە، ئەو ڕێژەیە لە ئەمساڵدا گەیشتووەتە 82 ملیار یۆرۆ کە دەکاتە 40%ی کۆی داهاتی نیشتمانیی ئەو وڵاتە.

### کولتووری نەدانی باج

یۆنان نموونەیەکی هەرە زەقی خۆدزینەوەیە لە باج، هۆکارەکەشی کولتوورێکە کە دەگەڕێتەوە بۆ حوکمکردنی ئەو وڵاتە لەلایەن بیانییەکانەوە. لەسەدەی 19داو لە کاتی فەرمانڕەوایی عوسمانییەکاندا، خەڵکی یۆنان نەدانی باجیان وەک ئامرازێکی بەرگری و نیشتمانپەروەی سەیر دەکرد، دواتر ئەو کولتوورە گوازرایەوە بۆ سەدەی 21 و ئێستاش یۆنانیەکان لەبەر ئەوەی پێیانوایە دەسەڵاتدارەکانیان خزمەتگوزاریی باش پێشکەش ناکەن، لە دانی باج هەڵدێن و بۆ ئەوەش فرت و فێڵی زۆری یاسایی و نایاساییان دۆزیوەتەوە.

### داهاتی نیشتمانی و تاکەکەس

یۆنان لە هەموو بوارێکدا وەک وڵاتانی دیکەی ئەورووپی: ئەڵمانیا، فەرەنسا و ئیتالیا گەشەی نەکردووە، لەگەڵ ئەوەشدا خاوەنی داهاتێکی تاکەکەسیی زۆرە کە گونجاو نییە لەگەڵ ئاستی بەرهەمهێنانی ئەو وڵاتە و هاووڵاتیانی. داهاتی تاکەکسی لە یۆنان ساڵانە 29 هەزار دۆلارە کە بە پلەی 17 دێت لەناو 27 وڵاتی ئەورووپیدا، کەچی لە ئەرزی واقیعدا، هەر تاکێکی یۆنانی ئەوەندە بەرهەمی نییە، ئەوەش کورتهێنانی بودجەی ئەو وڵاتەی لێکەوتووەتەوە کە ساڵ بە ساڵ زیادی کردووە و لەبەر ئەوەش ناچار بووە بڕواتە ژێر باری ئەو قەرزە زەبەلاحە.

### دامەزراندن لە هەرێمی کوردستان

حکومەتی هەرێمی کوردستان و تەنانەت ئێمەی هاووڵاتیش هەمان هەڵەی حکومەت و گەلی یۆنان دووپات دەکەینەوە. لە چەند ساڵی ڕابردوودا و لە کابینەکانی پێشوودا بە لێشاو خەڵک لە کەرتی گشتی و حکومیدا دامەزراون کە بۆ دابینکردنی مووچەکانیان بە مووچەی خانەنشینیشەوە، بەتەنیا پێویستی بە مانگانە 750 ملیۆن دۆلارە و کەم حکومەت هەیە بەرگەی ئەو بارگرانییە بگرێت. پێویست بە گوتنیش ناکات ئەو هەموو دامەزراندنە لە چەند ساڵی ڕابردوودا لە هەرێمی کوردستان بۆ ئەوە نەبووە کاروباری وڵات بە ڕێکوپێکی بەڕێوەبچێت، وەک دیارە تەنیا بۆ کڕینی دەنگی هاووڵاتیان و کۆکردنەوەی جەماوەر و لایەنگری حیزبی بووە.

### سروشتی سۆشیاڵ لە هەرێمی کوردستان

هاوشێوەی یۆنان، کەلتووری سۆشیالیش لە کوردستان ڕەگی خۆی داکوتاوە و بەو ئاسانییە ناگۆڕدرێت. ئێمەش وەک هاووڵاتیانی یۆنانی حەزمان لێیە کەم کاربکەین و خۆمان زۆر ئەزیەت نەدەین و مووچەی باش وەربگرین و ژیانێکی خۆش بەسەر بەرین، چونکە ئاو و کارەبامان بەنرخێکی کەم پێدەدرێ و تەنانەت خزمەتگوزارییە تەندروستییەکانیش هەربە بەلاش پێشکەش دەکرێن ئەگەر تاقەتمان هەبێ لە نەخۆشخانە حکومییەکاندا لە ڕیزەکان ڕاوەستین، هەڵبەت ئەگەر بە کواڵیتی ئەو خزمەتگوزارییانە ڕازی بین. ئێمەش وەک یۆنانییەکان حەزمان لە سۆشیالە و ئامادەش نین هیچ باجێک لەسەر مووچەکانمان یان داهاتەکانمان بدەین.

### خەرجییەکانی حکومەت

حکومەتی هەرێمی کوردستان ساڵانە نزیکەی 3 ملیار دۆلار تەنیا بۆ دابینکردنی سووتەمەنی و کارەبا خەرج دەکات کە دەکاتە 25%ی بودجەی ساڵانەی، ئەوەش لە هیچ شوێنێکی جیهاندا هەر نموونەی نییە. نوێنەرانی هاووڵاتیانیش لە پارلەمانی کوردستان بەڕاستی مامۆستای دروستکردنی قەیرانن، لە جیاتی ئەوەی گوشار لەسەر حکومەت دروستبکەن بە خەرجییەکانیدا بچێتەوە و رووبکاتە دیسپلینی دارایی و ستراتیژی ئابووری و دارایی بۆ کوردستان داڕێژن و دەیان پرۆژە یاسا لە پارلەمانی کوردستان بۆ ئەو مەبەستە پەسەند بکەن، فشارێکی سەیر بۆ حکومەت دێنن بۆئەوەی لیترێکی بەنزین بە 1200 دینار لە دەرەوە بکڕێت و بە 700 دینار بە هاووڵاتیانی بفرۆشێ، گازوایلیش لیتری بە 1100 دینار بکڕێت و بە 700 دینار بیفرۆشێتە هاووڵاتیان، چونکە دەیانەوێت پێشانی بدەن چەندە خەمخۆری میللەتن!

### وەرگرتنی قەرزی نێودەوڵەتی

بە عەقڵیەتێکی وەها و بەبێ داڕشتنی ستراتیژییەکی درێژخایەنی ئابووری و دارایی و نەگرتنەبەری چاکسازیی ئابووری، ئەگەری زۆرە هەرێمی کوردستانیش ئەگەر هاتوو قەرزی دەرەکی وەربگرێت، لە داهاتوودا بە هەمان دەردی یۆنان بچێت، ئەگەرنا خۆ قەرزوەرگرتن خۆی لەخۆیدا زیان و سوودی بەدواوە نایەت. ئەگەر قەرزی نێودەوڵەتی بە بەرنامە وەربگیرێت و حیسابی خەرجکردن و دانەوەی بۆ بکرێت و لە پرۆژەکانی وەبەرهێنان خەرج بکرێت، دەتوانێت قازانجی زۆریشی بۆ هەرێمی کوردستان بەدواوە بێت. بەدەر لەوەش وەرگرتنی قەرزی دەرەکی ئێستا بووەتە ناچارییەک بۆ حکومەت، هەر ڕۆژی ڕابردوو گوتەبێژی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند 6000 پرۆژە لەم وڵاتە ڕاوەستاون، ئەو پرۆژانە ئێستا بە قەرزی نێودەوڵەتی نەبێت چۆن دەتوانن سەرلەنوێ بخرێنەوە کار، بەتایبەتی لەم بارودۆخەدا کە حکومەت بەزۆر مووچەی کارمەندانی پێ دابین دەکرێت.

بازاڕی هەرێمی کوردستان بەهۆی قەیرانی بڕینی بەشە بودجەی هەرێم لە ساڵی 2014 و تووشبوون بە شەڕی دژی داعش، لانیکەم بۆ پێنج ساڵ پاشەکشەی کردووە، وەرگرتنی قەرزی نێودەوڵەتی دەتوانێت بازاڕی هەرێمی کوردستان گرێبداتەوە بە بازاڕە جیهانییەکانەوە. هیچ نەبێت لەبەر ئیلتیزامی گەڕانەوەی قەرزەکان لە داهاتوودا، حکومەت ناچارە بیر لە باشکردنی کەرتی دارایی و چاکسازی لە شێوازی بودجەدانانی ساڵانەی خۆی بکاتەوە، بەپێچەوانەوە ئەگەری هەیە ڕەوشی ئێستای یۆنان لێرەش لەداهاتوودا دووبارە ببێتەوە.

رووداو
تاراوگە
ژمارە (366) دووشەممە 2015/7/6

### لە ئەڵمانیا کەسایەتییەکی کورد خەڵات دەکرێت

**رووداو- نۆرنبێرگ**

ناوەندی کلتووری کوردی لە شاری نۆرنبێرگی ئەڵمانیا مەراسیمێکی رێزلێنانی بۆ مامۆستا بوستانی کەسایەتی کوردی ئەم شارە رێکخست. رێزلێناکە هاوکات بوو لەگەڵ رۆژی لە دایکبوونی مامۆستا بوستانی. ناوبراو زیاتر لە 40 ساڵە لە ئەڵمانیایە لە رێگەی خۆپیشاندان و مانگرتنەوە هەوڵی ناساندنی دۆزی کورد دەدات بە هاووڵاتیانی ئەڵمانیا. مامۆستا بوستانی ساڵی 1934 لە باکوری کوردستان لە دایکبووە و لە ساڵی 1975ەوە لە ئەڵمانیا نیشتەجێیە.



# وەزیری کۆچی ئەڵمانیا پەنابەرانی کورد فەرامۆش دەکات



**پۆلا گەرمیانی**
**رووداو- بەرلین**

وەزیری کۆچی ئەڵمانیا نوێنەرانی 30 رێکخراوی کۆچ و پەنابەری داوەتی کۆبوونەوەیەک کرد، بەڵام نوێنەری رێکخراوە کوردییەکانی تێدا نەبوو، ئەمەش پەنابەرانی کوردی نیگەران کردووە.

داوەتنامەکەی وەزیری کۆچی ئەڵمانیا، ئایدن ئۆزوگۆز کە بۆ خۆی بە رەچەڵەک تورکە، بۆ رێکخراوەکانی بواری پەنابەری و کۆچ، بۆ ئەوە بوو کە لە کۆشکی راوێژکاری ئەڵمانیا کۆببنەوە و باس لە سیاسەتی کۆچ و پەنابەری لە ئەڵمانیا بکەن.

کورد کە دووەم گەورەترین نەتەوەی بیانی ئەڵمانیان، ژمارەیان نزیکەی ملیۆنێک دەبێت، ئەوان لەوە نیگەرانن کە هیچ نوێنەرێکیان بەشداری لە کۆبوونەوەکەدا نەکردووە. ئەوان دەڵێن ئەوە یەکەمجار نییە لەم جۆرە کۆبوونەوانەدا فەرامۆش دەکرێن.

رێکخراوی کۆمەڵەی کوردی لە ئەڵمانیا لە بەیاننامەیەکدا رایگەیاند "دووبارە، نوێنەری کورد داوەت نەکرا" رێکخراوەکە داوا لە حکومەتی فیدراڵی دەکات کە چیدی کورد پەراوێز نەخەن.

نووسینگەی راگەیاندنی وەزیری کۆچ لە وەڵامی پرسیاری (رووداو)دا لەوبارەوە رایگەیاند کە چەند میوانێکی بە رەگەز کورد داوەتی کۆبوونەوەکە کرابوون، لەوانە عەلی ئەرتان تۆپراک، لە فیدراسیۆنی کۆمەڵەی رێکخراوەکانی کۆچ و پەنابەری (BAGIV)، هەروەها نوێنەرێکی بە رەگەز کوردی رێکخراوی ناڤەند کە رێکخراوێکی ئەڵمانیە، بەڵام هیچکام لەو دوو میوانە نەیانتوانی ئامادەی کۆبوونەوەکە ببن.

"سروشتی ئەم جۆرە کۆبوونەوانە بەو شێوەیەیە کە ئێمە دەتوانین تەنیا ژمارەیەکی کەمی رێکخراوەکان داوەت بکەین. بەڵام هەوڵی تەواوی خۆمان دەدەین تاکو دڵنیابین لەوەی نوێنەری هەموو گرووپ و کۆمەڵەکان داوەت بکرێن".

بەڵام محەممەد تانریڤەردی، هاوسەرۆکی رێکخراوی کۆمەڵەی کوردی لە ئەڵمانیا دەڵێ کێشەکە ئەوەیە هیچ کەس بە نوێنەرایەتی رێکخراوە کوردییەکان لەوێ ئامادە نەبووە".

"دەبێت بگوترێت بەڕێز تۆپراک وەکو نوێنەری BAGIVکە چەترە رێکخراوێکە بۆ هەموو رێکخراوەکانی بواری کۆچی ئەڵمانیا، داوەت کراوە. هەروەها رێکخراوی ناڤەند وەکو کۆمەڵەیەکی ئەڵمانی خۆی دەناسێنێ، نەک رێکخراوێکی کوردی".

تانریڤەردی قسەکانی وەزیرە ئەڵمانەکەی رەتکردەوە و بە (رووداو)ی راگەیاند "وەزیر راستی ناڵێت. نزیکەی 10 رێکخراوی پەنابەری بەناوی تورکەکانەوە لەوێ بوون، بەڵام یەک رێکخراوی کوردی ئامادە نەبوو! تۆپراک وەکو نوێنەری رێکخراوی کۆمەڵەی کوردی ئەڵمانیا کە بۆخۆی سەرۆکێتی، داوەت نەکرابوو".

ئانیا دلین، هاوسەرۆکی لقی لاوانی رێکخراوی کۆمەڵەی کوردی ئەڵمانیا دەڵێت "دەوڵەتێک کە لەسەر پرەنسیپەکانی دیموکراسی دامەزرابێت، دەبێت زامنی بەشداری هەموو گرووپەکانی نێو کۆمەڵگەکەی بکات."

"وەزیری دەوڵەت لە ئەنجامدانی ئەو کارەدا شکستی هێنا و ئەوەی بۆ کورد روونکردەوە کە دیالۆگ لەگەڵ کورد نەخوازراوە. لقی لاوانی رێکخراوی کۆمەڵەی کوردی ئەڵمانیا پێیوایە ئەمە هەنگاوێکی هەڵە بوو، دیالۆگی نێوان کولتوورەکان پێش ناخات". دلین وایگوت.

قارەمان ئێڤسێن کە لە کۆمیسیۆنی ئەورووپا کاردەکات و سەرۆکی کۆمەڵەی پارێزەرانی کوردی ئەڵمانیایە، دەڵێت یەک ملیۆن کورد لە ئەڵمانیا دەژین، ناکرێت پشتگوێ بخرێن.

"جێی قبوڵ نییە کە تەنانەت یەک نوێنەری دووەم گەورەترین گرووپی پەنابەر بۆ ئەم کۆبوونەوەیە کە دەربارەی تێکەڵاوبوونی پەنابەران بوو، داوەت نەکراوە. چۆن دەکرێت باس لە تێکەڵبوونی پەنابەران بکرێت و یەک ملیۆن کوردی دانیشتووی ئەم وڵاتە پشتگوێ بخرێن؟".

زۆر رێکخراوی دیکەی کوردی لەوانە کۆمەڵەی کوردی ئەڵمانیا و کۆماجوان و هەندێک رێکخراوی دیکە دەیانەوێت دەنگی کوردانی ئەو وڵاتە بگەیەنن، بۆ ئەو ئامانجەش بۆنە و چالاکی خۆیان ئەنجام دەدەن و هەوڵدەدەن لە گۆڕەپانی سیاسی ئەڵمانیادا بەشداربن.

# ئەڵمانیا.. پارێزەرانی کورد خەریکی لۆبیکردنن بۆ کێشەی کورد

**پۆلا گەرمیانی**
**رووداو- فرانکفۆرت**

کۆمەڵەیەکی تازە دروست بوو لە ئەڵمانیا ئامانجی لۆبیکردنە بۆ دۆزی کورد، ئەویش لەڕێگەی دروستکردنی پردی پەیوەندی لە نێوان پارێزەرانی کوردی ئەوروپا و هاوپیشەکانیان لە هەموو پارچەکانی کوردستان.

"وەک پارێزەرانی کورد لە ئەڵمانیا هەست بە پێویستی دروستکردنی پردی پەیوەندی مرۆیی و یاسایی دەکەین لە ناوەوە و دەرەوەی ئەڵمانیا"، ئەمە گوتەی قارەمان ئێڤسێن بوو کە بەرپرسی کۆمەڵەی پارێزەرانی کوردە لە ئەڵمانیا.

ئەو لە وتارێکیدا بە بۆنەی کردنەوەی کۆمەڵەکەوە کە هەفتەی رابردوو لە زانکۆی گۆتە پێشکەشی کرد، داوای لە سیاسەتمەداران و ئاکادیمست و چالاکڤانان و میدیاکاران کرد بەدەم هەنگاوەکەیانەوە بچن بۆ ئەوەی تۆڕێکی پەیوەندی لە نێوان پارێزەرانی کوردی ئەڵمانیا و وڵاتانی دیکەی ئەوروپا دروست بکەن.

قارەمان لەوێ گوتی "ئامانجی کۆمەڵەکە دروستکردنی تۆڕێکی پەیوەندیە لە نێوان پارێزەرانی کورد لە ئەڵمانیا و پارچەکانی دیکەی کوردستان".

بەپێی قسەی قارەمان، ژمارەی پەنابەرانی کورد لە ئەڵمانیا نزیکەی ملیۆنێک دەبێت، بۆیە کۆمەڵەکەیان تەرکیز دەخاتە سەر کێشەکانی تێکەڵاوبوونی ئەو کوردانە بە کۆمەڵگەی ئەڵمانی.

قارەمان کە لە پەرلەمانی ئەوروپا لە برۆکسل کار دەکات، دەڵێت کورد دووەم گەورەترین نەتەوەی بیانییە لە ئەڵمانیا، بەڵام جگە لە کورد کەس ئەو راستییە نازانێت. قارەمان گوتی رێکخراوەکەیان سەربەخۆ دەبێت و بەبێ جیاوازی کار بۆ هەموو کوردێک دەکات.

لەڕێگەی پەیامی ڤیدیۆییەوە، چەندین سیاسەتمەدار لە پارتە جیاوازەکانی وەک پارتی چەپی ئەڵمانی، پارتی سەوز و پارتی پارێزگاران هەروەها پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە)، پیرۆزباییان لە رێکخراوە نوێیەکە کرد و دامەزراندنی ئەو کۆمەڵەیەیان بە هەنگاوێکی گەورە بۆ "دیموکراسی و حوکمی یاسا ناوبرد".

لە بۆنەکەدا، گۆرانی و مۆسیقای کوردی پێشکەش کراو بە خولەکێک وەستان بۆ گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان دەستپێکرد.

رێکخراوەکە دەیەوێت مەشق بە پارێزەرانی هەر چوار پارچەی کوردستان بکات لەپێناو باشترکردنی حوکمڕانی و حوکمی یاسا، لەگەڵ لۆبیکردن بۆ کێشەی کورد.

"بەبێ رەچاوکردنی سۆزی حیزبایەتی، ئێمە ئیلتیزام بە یەکێتی کورد دەکەین لە هەموو شوێنێک و باوەڕمان بە یەک کوردستانی فرە نەتەوە هەیە". قارەمان وا دەڵێت.

تۆماس شیرماکە، سەرۆکی کۆمیسیۆنی ئایندارى لە هاوپەیمانێتی کریستیانی جیهانی کە هاوکات سەرۆکی کۆمەڵەی نێودەوڵەتییە بۆ مافەکانی مرۆڤ، یەکێک بوو لە میوانە تایبەتەکانی ئەو بۆنەیە. ئەو گوتی "بەپێی یاسا نێودەوڵەتییەکان کەمینەیەکی ئاینی و نەتەوەیی مافی بڕیاردانی چارەنووسی خۆیان هەیە، بەڵام کورد هەرگیز داوایان لێنەکراوە کە چییان دەوێت بۆ داهاتوویان. بۆیە پارێزەران زۆر گرنگن بۆ کێشەی کورد".

لەلایەکی دیکەوە، کلاودیا رۆس، جێگری سەرۆکی پەرلەمانی ئەڵمانیا ستایشی ئەو رێکخراوە نوێیەی کرد وەک دەستکەوتێک بۆ "دیموکراسی و مافی پەنابەران و ئاوارەکان".



# نەوەی نوێی کورد لە ئەوروپا نایانەوێ ببنە شاورمەچی



**رووداو- کۆپنهاگن**

کە پێشنیازیان بۆ ئەحمەد هاچیلەر کرد لەگەڵ باوک و برا گەورەکەی لە دووکانی شاورمەکەیان لە دانیمارک کاربکات، ئەحمەد ئەو پیشەیەی رەتکردەوە و پیشەیەکی جیاوازی هەڵبژارد.

ئەحمەد، 28 ساڵ کە بە رەچەڵەک کوردی باکووری کوردستانە، دەڵێت "لە دانیمارک، هەموو کەس بە یەکسانی هەلی خوێندنی هەیە. بۆچی کاری دروستکردنی پیتزا و شاورمە بکەم، کاتێک بتوانم بڕوانامەیەکی باش بەدەست بهێنم". ئەحمەد لە کۆلێژی پزیشکی زانکۆی دانیمارک دەخوێنێ.

بۆ نەوەکانی پێشتر کە بۆ یەکەمجار چوونە دانیمارک و وڵاتانی دیکەی ئەوروپا بۆ بەدەستهێنانی ژیانێکی باشتر یان هەڵهاتن لە دەست رژێمەکانی تورکیا و عێراق و سووریا، کاری پیتزا و شاورمە هەڵبژاردەیەکی عاقڵانە بوو بۆ ئەوکات.

دروستکردنی شاورمەی خۆرهەڵاتی (دۆنەر کەباب) پێویستی بە شارەزاییەکی زۆر نەبوو. ئەمە جگە لەوەی ئەو کارە پێویستی بە زانینی زمان و پارەیەکی زۆر نییە. زۆربەی دوکانی شاورمەکانی دانیمارک، سوێد و ئەڵمانیا خاوەنەکانیان کوردی باکووری کوردستانن کە زۆربەیان لە کۆتایی شەستەکاندا بە مەبەستی کارکردن چوونەتە ئەوروپا.

بەڵام گەنجانی کورد بە تایبەتی ئەوانەی لە ئەوروپا لەدایک بوون و هەلی ئەوەیان هەیە بخوێنن، نایانەوێت هەمان پیشە و کاری باوانیان هەڵبژێرن.

بۆ کەسانی وەکو تۆفیق نێروەیی کە بە ئەزموونێکی سەختدا تێپەڕیوە، کاری ئاسانتر هەیە بۆ دەستکەوتنی بژێویی ژیان، وەک لە وەستان لەبەردەم تەندوورێکی گەرم بەدرێژایی رۆژ.

نێروەیی خەڵکی باشووری کوردستانە، سەرەتا دەستیکرد بە فرۆشتنی پیتزا و دۆنەر کەباب، بەڵام زوو وازی لەو پیشەیە هێنا بەهیوای بەدەستهێنانی بڕوانامەی بکالۆریۆس لە ئیدارەی گشتی. ئێستا ئەو وەک بەرپرسی ئەنجوومەنی تێکەڵاوبوون لە شارەوانی دانیمارک کاردەکات و هاوکاریی داڕشتنی سیاسەتی نوێ بە کۆچبەران و پەنابەران دەکات.

"ئاسانترە بۆ زۆر لە گەنجان کاری خواردن و چێشتخانە بکەن وەک لە بەدەستهێنانی بڕوانامەیەک. دەڵێن بۆچی پێنج شەش ساڵ بخوێنین و پاشانیش دڵنیانین لەوەی کار دەدۆزینەوە یان نا."

پاش ماوەیەکی کورت لە کارکردنی پیتزا، نێروەیی تێگەیشت لەوەی کە ئەوە کارێکی قورسە و ماندووبوونێکی زۆری هەیە و بێ پاشەڕۆژیشە "دوکانی پیتزا لە 9ی بەیانییەوە دەکرێتەوە تاوەکو 10ی شەو. کاتێک دەگەیتە ماڵەوە ماندووی و دەخەوی و بەیانی دووبارە هەڵدەستیەوە بۆ کارکردن". گوتیشی "هیچ پێشکەوتنێکی شەخسی تێدا نییە، چونکە ئەوانەی کاریان لەگەڵ دەکەی خەڵکی هەمان شوێنن و بە هەمان زمان قسە دەکەن، بۆیە هیچ شتێکی نوێ فێرنابی."

بەپێچەوانەوە، کارەکەی لە ئەنجوومەن پاداشتی باشە و شتی نوێ فێردەبێت "هەموو کاتێک خەڵکی نوێ و کولتووری نوێ دەناسی."

مەحموود بولدوک، 54 ساڵ، چەند دەیەیەک لەمەوبەر چووەتە دانیمارک و لەوێ یەکسەر دەستی بە کاری پیتزا کردووە. ئەو دەڵێت "کاتێک هاتینە دانیمارک زمانی دانیمارکیمان نەدەزانی و هەر کارێکمان دەستبکەوتایە دەمانکرد، بەڵام منداڵەکانمان لێرە لەدایک بوون و زمانی دانیمارکی دەزانن و هەلی باشتریان هەیە."

ئەڵمانیا کە زۆرترین پەنابەری کوردی لێیە، پایتەختی دۆنەر کەبابە لە ئەوروپا. لە بەرلین دوکانی دۆنەر کەباب لە ئیستانبوڵ زیاترە، ئەوەش بووەتە یەکێک لە خواردنە خێرا پەسەندەکانی ئەڵمانیا. ئێستا ئەڵمانیا بووەتە وڵاتی هەناردەکردنی دۆنەر کەباب و رۆژانە 400 تەن لە گۆشت بەرهەم دەهێنێ و زۆرێکی لە فەرەنسا و وڵاتانی دیکەی دراوسێی دەفرۆشرێ.

ئەندەرس هانسن، راوێژکاری کار لە کۆپنهاگن دەڵێ منداڵانی پەنابەری کورد کە ژمارەیان دەگاتە 30 هەزار، لە دانیمارک بەدوای پیشەی جیاوازدا دەگەڕێن.

"گەنجەکان کارێکی ئەوها قورسیان ناوێت بە پارەیەکی کەم". هانسن گوتیشی "لە دانیمارک هەلی خوێندنیان هەیە و لەڕێگەی خوێندنەوە دەتوانن کار پەیدا بکەن بە پارەیەکی زیاتر، بەبێ ئەوەی کاری زۆر و قورس بکەن".

هاوبیر نەورۆز، کوردێکی باشووری کوردستانە، سەرەتا لە دووکانی پیتزا و شاورمەی خێزانەکەیدا کاری کردووە، بەڵام ئەویش بەزوویی رێگەیەکی باشتری دۆزییەوە بۆ پەیداکردنی بژێویی ژیان. ئەو دووکانی پیتزاکەی داخست و ئێستا خاوەنی چەند دووکانێکی شیرینییە لە کۆپنهاگن.

"لە دووکانی پیتزادا دەبێ هەموو رۆژێک زوو لە خەو هەستی و هەموو شتێک ئامادە بکەی لە خەیار و تەماتە و هەویر. هەروەها درەنگانێکی شەو تەواو دەبووی و کاتێکی کەمت هەبوو".

هاوبیر ئەگەر بڕۆشتبایە بۆ ئاهەنگێک، دەبوو کەسێک بدۆزیتەوە لە بری ئەو کارەکانی بکات، بەڵام لە دووکانی شیرینی ئەو گرفتەی نییە، چونکە بەڕێوەبردنی ئاسانە.



## ئالین ستایلی خۆی دەگۆڕێ

**هیوا سەلاح / رووداو- هەولێر**

ئالین، کچە گۆرانیبێژی خەڵکی رۆژئاوای کوردستان سەرقاڵی کلیپێکە کە باس لە پەیوەندیی باشی کورد و ئەڵمانەکان دەکات. ئالین دەیەوێت بە گۆرانییەک سوپاسی ئەو هاوکاری و پاڵپشتیەی ئەڵمانەکان بۆ کورد بکات لە شەڕی دژی داعش و دەڵێت "وەک سوپاسگوزارییەک بۆ هاوکارییە سەربازییەکانی ئەڵمانیا گۆرانییەکم بە هەردوو زمانی کوردی و ئەڵمانی بەناوی برایەتی ئامادە کردووە، لەم ماوەیە هەموو کارەکانی تەواو دەبێت و بڵاوی دەکەمەوە". ئالین جگە لەو کارەی، ئامادەکاری بۆ کلیپێکی دیکە دەکات کە بە زمانی کوردی و ئینگلیزییە و گوتی" لەم دوو کارەمدا ستایلی خۆم بە تەواوی گۆڕیوە و لە کارەکانی پێشووترم زۆر جیاوازە".

**ماجید بۆ (رووداو):**

# بڕیارە لەگەڵ موعین پێکەوە گۆرانییەک بڵێین



لە بنەماڵەیەکی ئاینـــی لەدایک بووە و دەڵێت 17 جوزئی قورئانی لەبەرە، بەڵام خەڵک بە موعین ئەسفەهانیی کورد، یان ماجید موعین دەیناسنەوە، ئەویش بەهۆی ئـــەوەی دەنگی زۆر لە دەنگی موعین ئەســـفەهانی دەچێـــت و چەند گۆرانییەکی موعینیشی بە کوردی گوتووەتەوە.

ماجیـــد، کـــوڕی مەلا ئەحمـــەدی قازییـــە، تەمەنی 33 ســـاڵە و ماوەی 10 ســـاڵە نیشتەجێی سوێدە. لەم هەڤپەیڤینەدا لەگەڵ (رووداو) باسی کارە هونەرییەکانی دەکات و ئاشـــکرای دەکات کـــە جگە لەوەی بـــە نیـــازە گۆرانییەک لەگەڵ هونەرمەندی فارس، موعین ئەســـفەهانی تۆمار بکات، چەند کارێکیش لەگـــەڵ گرووپـــە میوزیکییەکەی موعینـــدا دەکات. ماجیـــد خێزاندارە و باوکی دوو منداڵە، بـــەڵام لەگەڵ هاوژینەکەی زۆر تەبا نین و رەنگە لە یەکدی جیاببنەوە.

هەڤپەیڤین: پشتیوان جەمال

رووداو- سلێمانی

> وازم لە خوێندن هێنا و بوومە پێشمەرگە

> لە ترسی سواربوونی فڕۆکە ناوێرم بچم بۆ ئەمریکا

**رووداو: دەڵێـــن لـــە قوتابخانـــە زۆر زیـــرەک بووی، بەڵام خوێندنت تەواو نەکردووە، بۆچی؟**

**ماجیـــد:** زۆر زیـــرەک بـــووم، بەڵام کە لە پۆلی پێنجی زانستی دەرچووم بۆ شـــەش، وازمهێنا لە قوتابخانە و بوومە پێشمەرگە؟

**رووداو: چۆن بوو خوێندنەکەت بە پێشمەرگایەتی گۆڕییەوە؟**

**ماجیـــد:** ئەوکاتـــەی وازم لـــە خوێنـــدن هێنـــا ناوەڕاســـتی نەوەتـــەکان بوو، منیش هـــەم وەکو گەنجێک و هەمیـــش بەهـــۆی شـــەهیدبوونی کاکـــە عەبەی برام (شـــەهید عەبەی مەلا) لە ســـاڵی 1979، زۆر حەزم لە پێشـــمەرگایەتی بوو، تەنانەت زۆر بەرپرســـی ســـەربازیش گوتیان واز لە خوێندن مەهێنە، بەڵام بە قسەم نەکردن.

**رووداو: دواتر واز لە پێشمەرگایەتی دەهێنی و روو لە مزگەوت دەکەی، ئەمەیان چۆن بوو؟**

**ماجیـــد:** باوکـــم بـــە رەحمـــەت بـــێ ئیمام و خەتیب بوو. بۆ ماوەیەک حەزم لە بواری ئاینی بـــوو. نزیکـــەی 17 جوزئی قورئانـــم لەبەرکرد، ئێستاش هەر لەبیرم ماوە. زۆر شەیدای دەنگی قورئانخوێنەکان بووم بەتایبەتیش عەبدولباست عەبدولســـەمەد، تەنانەت جلی وەک ئەوانیشـــم دەپۆشـــی، بەڵام بە گشتی کەسێکی راڕا بووم و حـــەزم لە گۆڕینی ئیش بوو، تەنیا بۆ هونەر راڕا نیم.

**رووداو: ئەوکاتەی گەنج بووی، کوردســـتان لەژێـــر ئابڵوقـــەی ئابووریـــدا بـــوو، زۆریـــەی هاوتەمەنەکانـــت بـــۆ بژێویـــی ژیانـــی خۆیان و خێزانەکەیان کاریان دەکرد، تۆش کارت دەکرد؟**

**ماجیـــد:** بەڵێ، منیش زۆر ئیشـــم کردووە، چلـــوورە و پاکەتـــم فرۆشـــتووە. ماوەیەکیـــش زێڕنگـــەر بـــووم، هەروەها کاری خەتخۆشـــی و وێنەکێشانیشم کردووە.

**رووداو: تـــۆ بـــە موعینـــی کورد ناســـراوی، بەهۆی ئەوەی لاســـایی ئەو دەکەیتەوە، بۆچی خاوەنی ستایلێکی تایبەت بە خۆت نیت؟**

**ماجید:** راستە لە ئەلبوومی یەکەممدا زۆرتر لەسەر ستایلی موعین گۆرانیم گوت و تەنانەت بەشـــێوەی دەســـتکردیش دەنگم وەک موعین لێدەکـــرد، بەڵام لە ئەلبوومی دووەممدا کە دوو ســـاڵ لەمەوبەر بڵاومکردەوە، هەوڵم دا ستایلی تایبـــەت بەخۆم هەبێت. بۆ لەمـــەودواش زیاتر هەوڵ دەدەم خۆم بم، بەڵام بێگومان بە سوود وەرگرتـــن لە موعین. لێـــرەدا دەمەوێ خاڵێکی گرنگ باس بکەم، ئێمە دەبێت جیاوازی بکەین لە نێـــوان دەنگخـــۆش و شـــاعیر و ئاوازدانەر. من دەنگخۆشـــم، بەڵام ئاوازدانەر و شاعیر نیم و ناشـــمەوێ ئـــەو بوارانە تێکەڵ بکەم، هەر بۆ نموونـــە گۆرانی بەیانیـــت باش ئازیـــزم، ئەوە ئـــاوازی محەممـــەد حەیدەرییە و بـــۆ موعینی داناوە.

**رووداو: بۆچی کەمترین کلیپت هەیە؟**

**ماجیـــد:** ئەوە دوو هۆکاری هەیە، یەکێکیان ئەوەیە کاتی خۆی باوکم نەیهێشـــتووە شەهید عەبەی برایشـــم گۆرانی تۆمارکـــراوی ڤیدیۆیی هەبێت و ئـــەوەش تاڕادەیەک کاریگەری هەبوو لەســـەرم و تووشـــی کەمێک شـــەرمنیی کردم. دووەمیـــش مـــن ئەکتـــەر نیـــم تاوەکـــو نواندن بکەم، بەڵام ئەو کلیپانەی کردوومن بۆ گۆرانی نیشـــتمانی، خـــۆم بەشـــدار بـــووم، چونکە بە منداڵی لە قوتابخانە بۆ ســـروودی ئەی رەقیب وەستاوین و ترسم لێی شکاوە.

> دەنگخۆشم، بەڵام ئاوازدانەر و شاعیر نیم

> قورئانخوێن بووم و 17 جوزئی قورئانم لەبەرە

> لەمەودوا هەوڵ دەدەم ستایلی تایبەت بەخۆم هەبێ

> ستایلی من لەگەڵ گۆرانی هەڵپەڕکێ ناگونجێ

**رووداو: بەڵام بۆ گۆرانییە ئەڤیندارییەکانیش دەکـــرێ کوڕ و کچێـــک رۆڵەکە ببینن لەجیاتی خۆت؟**

**ماجیـــد:** دەترســـم وەکـــو یەکـــەم ئەزموون سەرکەوتوو نەبم.

**رووداو: بۆچی گۆرانی هەڵپەڕکێت نییە؟**

**ماجید:** ســـتایلەکەم زۆر لەگەڵی ناگونجێ، بەڵام لە ئاهەنگی تایبەتیدا گوتوومە.

**رووداو: دەگوترێ بەنیازی چەند بەرهەمێکیت لەگەڵ موزیســـیانەکانی هاوڕێـــی موعین، ئەوە راستە؟**

**ماجید:** بەڵێ هەوڵێکـــی وا لە بەرنامەدایە، چونکە موزیسیانەکانی موعین هاوڕێمن، بەڵام کێشـــەکە ئەوەیـــە لـــەرووی ماددییـــەوە زۆری تێدەچێت، بۆ نموونە تەنیا بەرهەمێک نزیکەی پێنـــج هـــەزار دۆلاری دەوێ و بـــە سوپاســـەوە ســـەرمایەدارێکی ســـلێمانی بەڵێنـــی پێـــداوم هاوکاریم بکات.

**رووداو: موعیـــن ئاگادارە کە گۆرانییەکانیت گوتوونەتەوە؟**

**ماجیـــد:** بەڵێ لە رێگەی موزیســـیان عارف شەکوری کە بەڕێوەبەری گرووپەکەیەتی گوێی لە گۆرانییەکان بووە و گوتوویەتی "بەه بەه چ سەدایەکی قەشەنگە".

**رووداو: بەرنامـــەت هەیـــە لەگـــەڵ موعیـــن گۆرانییەک پێکەوە بڵێین؟**

**ماجیـــد:** بەڵـــێ پێشـــتریش ئـــەو داوایـــەم ئاراستەی موعین کردووە و پێیخۆشە و خەریکە بگەینە رێککەوتنیش

**رووداو: دەڵێن زۆر لە فڕۆکە دەترسی؟**

**ماجید:** "بە پێکەنینەوە"، هەر زۆر زۆر، بڕوا بکەن ئەوەندە زانیاریشـــم لەسەری هەیە وەکو نیمچـــە کاپتنێکـــم لێهاتووە، بەڵام هەر ترســـم لێی ناشـــکێ، جارێکیش لـــە تورکیا فڕۆکەکەم درەنگ خســـت و جارێکی دیکەش یاریدەدەری فڕۆکەوانەکە هاتە لام هەتا گەیشـــتینە شوێنی خۆمـــان. تەنانـــەت بـــۆ گۆرانییەکـــە لەگـــەڵ هونەرمەنـــد موعیـــن، ئەو ئامادەیە کلیپیشـــی بکەیـــن، بەڵام لە ئێســـتاوە ئەو کێشـــەیەم بۆ دروستبووە کە چۆن بە یەکدی بگەین، چونکە بەهۆی ترســـم لە فڕۆکە رەنگە نەتوانم بڕۆم بۆ ئەمەریکا.

**رووداو: دەڵێن لەگەڵ هاوژینەکەت نێوانتان خۆش نییە و بەنیازن جیاببنەوە؟**

**ماجیـــد:** ئێمە مـــاوەی 10 ســـاڵە هاوژینی یەکدیـــن. ئەویش هـــەر لـــە ســـوێدە و دوو منداڵیشمان هەیە، بەرنامەیەکی وامان هەیە بۆ جیابوونـــەوە، بەڵام جارێ بـــە تەواوی یەکلایی نەبووینەتەوە.

**سەعدوون یونس (رەجەب) بۆ (رووداو):**

# ئێستاش دەتوانم رۆڵی رەجەب ببینمەوە



**دەریاز یونس**

**رووداو- هەولێر**

رۆڵ بینینەکەی ســـەعدوون یونـــس لە درامای تەلەفزیۆنیی "هەبوو نەبوو"دا بەجۆرێ لە مێشکی بینەردا چەسپاوە کە لەنێو خەڵکدا بووەتە ئیدیۆم و بۆ تەمبەڵی بە نموونە دەهێنرێتەوە. سەعدوون یونس دەڵێت ئێستاش توانا و وزەی ئەو سەردەمی ماوە و دەتوانێ هەمان رۆڵی رەجەب لە دراماکەدا ببینێتەوە.

سەعدوون یونس لە دوای راپەڕینەوە کوردستانی جێهێشـــت و ماوەی 20 ساڵ لە ئەڵمانیا مایەوە، چەند ســـاڵێکی کەمە گەڕاوەتەوە کوردستان. ئەو بـــە گـــوڕ و تینێکـــی زۆرەوە گەڕایـــەوە، بەڵام بە بەردەوامی ناڕازیە و رەخنە دەگرێ.

ســـەعدوون یونس دەڵێ کارکردن لە رابردوودا زۆر جیاواز بوو لەوەی ئێســـتا، ئەگەرچی ئێســـتا تەکنیکی بەرهەمهێنانی دراما و فیلم پێشکەوتووە، بـــەڵام هونەرمەنـــد و ناوەڕۆکـــی بەرهەمـــەکان پێشنەکەوتوون. سەعدوون دەڵێت "کاتی خۆی کە بەرهەمێک پێشکەش دەکرا، هەموو خەڵک خۆیان تێیدا دەدۆزییەوە، ئەگەرچی تەکنیک زۆر لاواز بوو، ســـتاف زۆر کەم بوو، بەڵام هەموو کەســـێک تۆی دەبینی و بەرهەمەکە دەچووە نێو خەڵک".

سەعدوون یونس لە رۆژگارێکدا دەستی بەکاری هونەری کردووە کە هەموو شتێک لە ژێر چاودێریدا بووە، هیچ تێکستێکی شـــانۆیی یان درامی بەبێ فیلتـــەری حیزبی بەعس پەخـــش نەدەکرا، بەڵام ســـەعدوون پێیوایـــە هێشـــتا ئەو ســـەردەم کاری جوانتر دەکران.

ئەم دەرهێنەرە زۆرجار ئەو پرســـیارە لە خۆی دەکات "ئایـــا دەبێت بگەڕێینەوە ســـەردەمی بەعس، بۆئەوەی بتوانین کاری باشتر بکەین؟".

> زۆرجار دەپرسم ئایا دەبێ بگەڕێینەوە سەردەمی بەعس بۆ ئەوەی کاری باش بکەین؟

لە مانگی رەمەزانی ئەمساڵدا، کەمترین زنجیرە درامای کـــوردی لە کەناڵە کوردییەکانەوە پەخش دەکرێـــن، هونەرمەندانیش هۆکارەکەی بۆ قەیرانی دارایـــی و شـــەڕی داعـــش دەگەڕێننـــەوە، بـــەڵام ســـەعدوون یونـــس دەڵێت "میللەتێـــک نەتوانێت کولتـــووری خـــۆی بپارێزێ هەرگیز پێشـــناکەوێ، لـــە کوردســـتان دەزگایەکـــی رێکوپێـــک نییە کە سەرپەرشتی کارە هونەری و کولتوورییەکان بکات، نازانم بۆچـــی هونەرمەند ناتوانـــێ کە بەرهەمێک بڵاودەکاتەوە، هەر نەبێت تێچووی دروســـتکردنی بەرهەمەکەی بۆ بگەڕێتەوە، من پێموایە سیستەمی بەڕێوەبردنی کولتووری لە کوردستان سیستەمێکی سەقەتە".

ســـەعدوون یونـــس و چەنـــد هونەرمەندێک پرۆژەیەکیان نووسیوە و ناردوویانە بۆ لایەنی پەیوەندیدار بۆ دروســـتکردنی دەزگایەکی هونەری کە سەرپەرشـــتی بەرهەمهێنان و بڵاوکردنـــەوەی درامـــا و کاری هونـــەری بـــکات "گوتیـــان پڕۆژەکەتـــان زۆر جوانە، بەڵام پڕۆژەکە ئێستا خەوتووە".

ســـەعدوون یونـــس گلەیـــی زۆری لـــە کەناڵە کوردییـــەکان هەیە کە هیچ سیســـتەمێکیان نییە بۆ پەخشـــی زنجیـــرە درامـــا. لەوبـــارەوە دەڵێت "ئەم هەموو کەناڵە کوردییە لۆکاڵی و ئاسمانییە هەن، بەڵام سیستمێکی خراپیان هەیە. لە هەموو دونیـــادا سیســـتەمی گۆڕینەوەی درامـــا هەیە، بۆ نموونـــە ئەڵمانیا هەرگیز ئامـــادە نییە درامایەکی کۆری پەخش بـــکات، ئەگەر کۆریا ئامادە نەبێت درامایەکـــی ئەڵمانی پەخش بـــکات، ئەو کەناڵانە تەنیا بیر لە کۆکردنـــەوەی پارە دەکەنەوە، بەبێ ئـــەوەی بیـــر لەوە بکەنـــەوە کـــە دوای ئەوە چی روودەدات، تـــەواوی ئـــەو کەناڵانـــە کۆبکەیتـــەوە ناتوانن زنجیرە درامایەک بەرهەم بهێنن".

بە شـــێک لە هونەرمەند و ئەکتەرەکانی کوردستان پێیانوایە کـــە بینەر لـــە هۆڵی شـــانۆ تـــۆراوە، ئەمەش لە کاتێکدایە کە لە رابردوودا حەمکۆ شۆ و ئێستاش بەزمی بەزم لە شـــاری هەولێـــر بینەرێکی زۆریان هەیە و خەڵکێکی زۆر لە هۆڵە شانۆییەکە ئامادە دەبن.

ســـەعدوون یونس ئـــەو جـــۆرە پرۆگرامانە بە پێوەر نازانێت بۆ هەڵســـەنگاندنی بینەری شـــانۆ و دەڵێـــت "حەمکـــۆ شـــۆ دەکرا باشـــتر بێت، من ئەمەم بەخۆشی گوت، هونەرمەند دەبێت لە پێش خەڵکییەوە بێت، نەک لەگەڵ خەڵک، حەمکۆ شۆ تارڕادەیەک باش بوو، بەڵام دەمەوێت لە برادەرانی بەزمی بەزم بپرســـم: ئایا ئەوان خۆشـــیان دەزانن خەریکی چین و چی پێشکەش دەکەن؟".

ســـەعدوون یونس تاوەکو ئێستا دوو جار ژنی هێنـــاوە، لـــە هاوژینی یەکەمـــی 9 منداڵی هەیە و لـــەوەی دووەمیان هیچ منداڵێکـــی نییە. هاوژینی یەکەمـــی ســـەعدوون یونـــس وەفاتـــی کـــردووە و ســـاڵی 2007 ژنی دووەمی هێناوە. ئایا هیچ کام لە ژنەکانی بە خۆشەویســـتی هێناون؟ سەعدوون یونس ئاهێک هەڵدەکێشێ و دەڵێت "خۆزگە کورد دەیزانی خۆشەویستی چییە، ئێستا ئێمە خاوەنی وڵاتێکی دیکە دەبووین".

> هاوڕێیانی بەزمی بەزم، خۆشیان دەزانن چی پێشکەش دەکەن؟



> هەموو کەناڵە کوردییەکان ناتوانن درامایەکی کوردی بەرهەم بهێنن



**سەعدوون یونس:**

- لە 1948/7/1 لە گەڕەکی تەیراوای شاری هەولێر لەدایک بووە
- ساڵی 1966 خانەی مامۆستایانی لە هەولێر تەواو کردووە
- ســـاڵی 1973 بەشـــی دەرهێنانی لە پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی بەغدا بە پلەی یەکەم تەواوکردووە.
- لە 1967/2/23 لەگەڵ هونەرمەندی کۆچکردوو سەمیرە عەبدۆک عەساف بوونەتە هاوژین.
- دوای راپەڕین چووەتە ئەڵمانیا و 20 ساڵ لەوێ بووە.
- خاوەنی زیاتر لە 120 بەرهەمی شانۆیی و دراما و فیلمی سینەماییە
- لە درامای هەبوو نەبوودا کە هەر خۆی دەرهێنەری بوو رۆڵی "رەجەب"ی بینیوە.



## هیوا جەماڵ، پێشکەشکاری بەرنامەی ڕووداوی ئەمڕۆ:

# ئازادی کارکردنم لە ڕووداو زیاترە تاوەکو کەی ئێن ئێن



بۆ ماوەی دوو ساڵ نزیکەی 600 ئەڵقەی پرۆگرامی (ڕووداوی ئەمڕۆ)ی لە تەلەڤزیۆنی (ڕووداو) پێشکەش کرد. ماوەیەکە لە شاشە دوورکەوتووەتەوە و بڕیارە بە گوڕوتینێکی تازەوە بگەڕێتەوە سەر شاشە. ئەو نایەوێت هەر لە ئێستاوە میوانەکانی بترسێنێ. بەڵام دەڵێت لە وەرزی تازەی پرۆگرامەکەیدا گۆڕانکارییەکی زۆر لە شێوازی بەرنامەکەدا دەکات و وریاتر و پرۆفیشناڵانەتر مامەڵە لەگەڵ میوانەکانی دەکات. هیوا جەماڵ لەم هەڤپەیڤینەدا هەندێک باسی ژیانی کۆمەڵایەتی خۆیشی دەکات.

**دەرباز یونس**
**ڕووداو - هەولێر**

## بیرم لەوە نەکردووەتەوە ببمە پەرلەمانتار

**ڕووداو: بۆچی هیوا جەماڵ کەی ئێن ئێنی بەجێهێشت و ڕووداوی هەڵبژارد؟**
**هیوا جەماڵ:** من کە هاتمە تۆڕی میدیایی ڕووداو، یەکێک لە قسەکانم ئەوە بوو کە تا چەند ئازادیی کارکردن هەیە لێرە؟ یاخود تا چەند وابەستەیە بە هەر حیزبێکەوە؟ بەڕێوەبەرایەتی ڕووداو گەرەنتی ئەوەیان دا کە هیچ سنوورێک بۆ کارکردن نییە و هیچ ئەجێندایەکی حیزبی لە پشتی ڕووداوەوە نییە، پێیانگوتم زۆر ئازادانە کاری خۆت بکە، هەستم کرد لە ڕووداو ئازادی کارکردن زیاترە و زیاتر دەستکراوە دەبم، بەڵام کەی ئێن ئێن کەناڵی حیزبێکە، تۆ لە کاتی قەیران و کێشەکاندا ناتوانی هەموو لایەنێک لەو کەناڵە کۆبکەیتەوە، بەڵام لە ڕووداو دەتوانی.

**ڕووداو: جا ئەو گەرەنتییە وەک خۆی جێبەجێ دەکرێت؟**
**هیوا جەماڵ:** تاوەکو ئێستا 100% جێبەجێ کراوە و هیچ ڕێگرییەکم لێ نەکراوە کە چ پرسیارێک بکەم، یان هیچ کەسایەتییەک و حیزبێک وەک هێڵی سوور دانەنراوە، هیچ کەسێک لە کاتی کارکردنم بۆ من هێڵی سوور نییە.

**ڕووداو: هەندێ کەس دەڵێن، هیوا جەماڵ سەر بە حیزبێکی ئیسلامییە، هەندێکی دیکەش دەڵێن گۆڕانە، تۆ کامیانیت؟**
**هیوا جەماڵ:** من ڕۆژنامەنووسم، هیچ حیزبێکم خۆشناوێت و ڕقیشم لە هیچ حیزبێک نییە، هیچ حیزبێک نیم.

## هیچ حیزبێکم خۆشناوێت و ڕقیشم لە هیچ حیزبێک نییە

**ڕووداو: ماوەیەکە لە شاشە بەدووری، بەرنامەکەت چ گۆڕانکارییەکی بەسەردا دێت؟**
**هیوا جەماڵ:** ستۆدیۆکەی بەتەواوی دەگۆڕێت، شێوازی مامەڵەکردنی ڕۆژنامەنووس لەگەڵ میوانی بەرنامە وردتر و پرۆفیشناڵانەتر دەبێت.

**ڕووداو: هەندێجار میوانانی ڕووداوی ئەمڕۆ تووڕە دەبن، هۆکار چییە؟**
**هیوا جەماڵ:** هەمیشە ئەو میوانانەی کە دێن، چاوەڕێی هەندێ پرسیار دەکەن و خۆیانی بۆ حازر دەکەن، بەڵام کاتێک ئەو پرسیارانەی ئاراستە دەکرێت کە چاوەڕێی ناکات، ئەوە تووشی جۆرێک لە شڵەژان دەبێت، پرۆگرامەکەش ڕاستەوخۆیە، میوان هەر قسەیەک بکات ئەوە خەڵک ڕاستەوخۆ دەیبیستێ و دەیبینێ، بۆیە کۆنترۆڵ لەدەستدەدات و تووشی شڵەژان دەبێت و لە ئەنجامیشدا تووڕە دەبێت. من لەم پرۆگرامەدا مەبەستم سەرخستنی یاخود شکاندنی هیچ کەسێک نییە، پرسیارەکانم پرسیاری دڵی خەڵکن، پێویستە هەموویان وەڵام بدرێنەوە.

**ڕووداو: لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کۆمێنتی زۆرت بۆ دێن، دەیانخوێنیتەوە؟**
**هیوا جەماڵ:** بەڵێ، 99%یان دەخوێنمەوە.

**ڕووداو: تۆ خێزانداریت و باوکی منداڵێکی، لەگەڵ هاوژینەکەت چۆن یەکترتان ناسی؟**
**هیوا جەماڵ:** هاوژینەکەم لە ڕێگەی خولێکی فێربوونی کۆمپیوتەرەوە ناسی. لە ساڵی 2004 بووینە هاوژین.

## هاوژینەکەمم لە خولێکی فێربوونی کۆمپیوتەر ناسی

**ڕووداو: خێزانەکەت تا چەند هاوکارتە لە کارەکانت؟**
**هیوا جەماڵ:** هاوکارێکی سەرەکیم بووە و بەشێک بووە لە کارەکانی من، زۆربەی کات جلوبەرگەکانم ئەو هەڵیاندەبژێرێ.

**ڕووداو: ئەی تۆ تا چەند هاوکاری ئەویت؟**
**هیوا جەماڵ:** بەپێی توانا هاوکاری دەکەم، خۆشی دەتوانێ باشتر وەڵام بداتەوە.

**ڕووداو: هەرگیز بەتەنیا ژیاویت؟ لە بەڕێوەبردنی کاروباری ناو ماڵدا چۆنی؟**
**هیوا جەماڵ:** بەڵێ، ماوەی 14 مانگ بەتەنیا لە ئێران ژیام و بۆ کارکردن ڕۆیشتم، زۆربەی خواردنەکانم ئەوکاتە بۆ خۆم دروستکردووە، تەنیا یاپراخ نەبێ.

**ڕووداو: ئەگەر بڵێن کەسێکی دیکە هەڵبژێرە بۆ ئەوەی ڕووداوی ئەمڕۆ پێشکەش بکات، تۆ کێ هەڵدەبژێری؟**

## زۆربەی خواردنەکانم دروست کردووە تەنیا دۆڵمە نەبێ

**هیوا جەماڵ:** هێمن عەبدوڵڵا دەتوانێ لە من باشتر ڕووداوی ئەمڕۆ پێشکەش بکات.

**ڕووداو: بە کام لە بێژەرەکانی ڕووداو سەرسامی؟**
**هیوا جەماڵ:** هەموو بێژەرەکان تایبەتمەندی خۆیان هەیە، بەڵام زۆر سەرسامم بە دلبخوین و سیما.

**ڕووداو: تۆش لەو ڕۆژنامەنووسانەیت کە بە نیازن بۆ خولی داهاتووی پەرلەمان خۆیان هەڵبژێرن؟**
**هیوا جەماڵ:** من دەمەوێت وەک ڕۆژنامەڤان بمێنمەوە، تا ئێستا بیرم لەوە نەکردووەتەوە کە ببمە ئەندامی پەرلەمان یاخود پۆستێکی حیزبی یان حکومی وەربگرم.

---



سۆران بەهائەددین

# مەلای سوننە و حەسەن و حوسێن

مالیزیا بە 18 ئاینی جیاوازەوە کێشەی ئاینیی نییە، وڵاتێکە بەپێی سیستەم دەڕوات. لە مالیزیا ئازادیی ئاینی و پێکەوە ژیان لە ئاستێکی بەرزدایە، پێدەچێت هێشتا کاریگەری ئەو ڕۆژەیان لەسەر مابێت کە بەهۆی چەند بازرگانێکەوە موسڵمانبوون، هەر بۆیەش نەرم و نیانن. لە تەنیشت مزگەوتێکەوە، زەنگی کڵێسایەک دەبیستی، لەولاتریش هیندۆسێک خواوەندەکەی کە فیلێک بوو بە ئاو موبارەک دەکرد، گەشتیارێکی بووزیش لە تەنیشت خواوەندەکەی ئەوەوە وێنەیەکی بۆ یادگاری دەگرت.

دوای ئەوەی ڕەمەزانی مالیزیامان ڕووماڵ کرد، بەرەو لوبنان بەڕێکەوتین، ئەو وڵاتەی دوو مەزهەبە گەورەکەی ئیسلام (سوننە و شیعە) تێیدا ململانێ لەسەر وەرگرتنی دەسەڵات دەکەن. هەوادارانی هەر لایەکیان دەستیان بەسەر لایەکی بەیرووتی پایتەختدا گرتووە، مەسیحییەکانیش بەدەرنین لەو ململانێیە و بەسەر حیزبوڵڵای شیعە و حیزبە سوننییەکەی حەریریدا دابەش بوون.

لوبنان بە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، زۆرترین ئاین و ئاینزای تێدایە، 60%ی دانیشتووانەکەی موسڵمانن. ڕێژەی شیعە و سوننە و مەسیحییەکان لە یەکدی نزیکە.

ڕەمەزان لە لوبنان مانگێکە بۆ نمایشکردنی هێز و دەسەڵاتی مەزهەبەکان. شیعەکان شەقامەکان بە قسەی ئیمامەکانیان بەشێوەیەکی زۆر سەرنجڕاکێش دەڕازێننەوە، ئەوە سەرنجی ئێمەشی ڕاکێشا کە لە گەڕەکێکی شیعەکانەوە دەست بە ڕووماڵەکەمان بکەین. بەڵام ئەم وڵاتە باجێکی زۆری ململانێ سیاسییەکانی داوە، هەر کەسێک لە ئاست خۆیەوە خۆی بە بەرپرسیار دەزانێ لەئاست بەرگریکردن لە مەزهەبەکەی. بۆیە کاتێک دەستمان بە وێنەگرتن کرد، چەکدارێکی حیزبوڵڵا لێمان قوت بووەوە و کارەکەی پێڕاگرتین. زۆری نەبرد چەند ماتۆڕسوارێکی دیکە پەیدابوون و ئێمەیان ئاخنییە نێو گەراجێک، چەند پرسیارێکیان لێکردین وەکو هەموو ئەو پرسیارانەی لە وڵاتێکی وەک ئێران لێت دەکرێت. دواجار یەکێک لە ماتۆڕسوارەکان بڕیاری دا وازمان لێبێنن.

شیعەکانی ئەوێ لە هەر شەڕێکدا ئێران لایەنێکی بێت، بەشداری دەکەن، بۆیە شەقامەکانیان پڕ وێنەی شەهیدە، دەزگاکانیان لەم ڕەمەزانەدا پارەیان بۆ منداڵە شەهیدەکان کۆدەکردەوە. ئێمە بانگهێشتی یەکێک لەو دەزگایانە کراین، بە پێچەوانەی هەڵسوکەوتی پیاوە ئەمنییەکان، ئەوان زۆر ڕێزیان لێگرتین، کارەکانیان زۆر ڕێکخراو بوو، لە هەندێک شەقامدا لە هەر 10 مەترێکدا سندووقێکی کۆمەک دانراوە.

لە ڕواڵەتی شاری بەیرووتدا کەم هەست بە کێشەی سوننە و شیعە دەکەی، ژنخوازی لە نێوانیاندا هەیە، بەڵام لە ئاستی سیاسی و تەنانەت تاکە کەسیشدا کێشەی گەورە هەن، بۆیە لە هەموو مزگەوتەکانیان پرسگە و پشکنین هەیە، لە هەمانکاتدا نائارامیی ئەو وڵاتە وایکردووە شارەکە پڕبێت لە خاڵی پشکنین.

ڕەمەزانی شیعە و سوننەکان جیاوازە. شیعەکان 10 خولەک درەنگتر ڕۆژوو دەشکێنن. نوێژی تەراویح لە مزگەوت ناکەن، چونکە کاتی خۆی ئیمامی عومەر بڕیاری داوە نوێژی تەراویح بە کۆمەڵ بکرێ. هەریەکەیان تەقویمی بانگدانی تایبەت بە خۆیان هەیە، شیعە و سوننەکان کەمتر لە مزگەوتەکانی یەکدی نوێژ دەکەن، بەڵام ئەوانەی باوەڕیان بە پێکەوەژیان هەیە، ئاساییە لە پاڵ یەکدی نوێژ بکەن. لە ڕادیۆی دەنگی قورئانەوە لە بەیرووت، مەلایەکی سوننە وتاری دەدا، باسی پێغەمبەری ئیسلامی دەکرد و دەیگوت "باپیری حەسەن و حوسێن بوو".

لە شەوانی ڕەمەزاندا بەیرووت تا پارشێو ناخەوێت، بە پێچەوانەی کوردستان، ژیان لەوێ ئاساییە و یانەکانی خواردنەوە کراوەن و ژنانیش هیچ گۆڕانکارییەکیان لە پۆشینی جلوبەرگدا نەکردووە. خواردنگەکانیش بە پەردە دانەپۆشراون.

---

## 107.7 خشتەی پرۆگرامەکانی ڕووداو میوزیک بەکاتی هەولێر

Rudawmusic




**ئاوەژوو:** باسی دیوی شاراوەی ژیانی هونەرمەندان دەکات
**کاتی پێشکەشکردن:** یەکشەممە، کاژێر 21:00
**پێشکەشکار:** چۆمان مەحموود

**دەنگی نوێ:** هەر جارە و میوانداری گۆرانیبێژ و ئاوازدانەرێکی گەنج دەکات.
**کاتی پێشکەشکردن:** سێشەممە، کاژێر 21:00
**پێشکەشکار:** دەرباز یونس

**چیرۆکی ئاوازێک:** پرۆگرامێکی دۆکیومێنتەرییە و چیرۆکی بەرهەمهێنانی گۆرانییە نەمرە کوردییەکان دەگێڕێتەوە.
**کاتی پێشکەشکردن:** پێنجشەممە کاژێر 21:00
**ئامادەکار:** هەرێم محەممەد

---

## خشتەی بەشێک لە پرۆگرامەکانی تەلەڤزیۆنی ڕووداو

**لە واشنتنەوە:**
بەرپرسان و شرۆڤەکارانی ئەمریکا دێنێتە قسە لەسەر دوایین گۆڕانکارییەکانی بەشەکانی کوردستان و عێراق.
**کاتی پێشکەشکردن:** یەکشەممە، کاژێر 22:05
**پێشکەشکار:** نامۆ عەبدوڵڵا

**وەرزین:**
وەرزینی ئەم هەفتەیە باسی یاریی باسکە لە کوردستان و تیپی دهۆکی ئەم یارییە دەکات
**کاتی پێشکەشکردن:** دووشەممە، کاژێر 22:05 (ڕاستەوخۆ لە دهۆک)
**پێشکەشکار:** ڕێبوار محەممەد

**فیچەر:**
فیچەرێک دەربارەی ئەدیب و ڕۆشنبیری سویدی گونار ئەلیکۆڤ کە کاریگەری گەورەی هەبووە لەسەر ڕۆشنبیری و فەرهەنگی سویدی
**کاتی پێشکەشکردن:** سێشەممە، کاژێر 23:05.

**چوارقۆڵی:**
لە ئەڵقەی ئەمجارەدا باسی میدیای کوردی و بەرپرسیارێتییە ئیعلامییەکانی بەرامبەر پرسە نیشتیمانییەکان دەکات.
**کاتی پێشەشکردن:** چوارشەممە، کاژێر 22:05
**پێشکەشکار:** ڕێبوار کەریم وەلی

**هەڤپەیڤین:**
هەڤپەیڤینی ئەم هەفتەیە لەگەڵ سەلینا دۆغانە کە پەرلەمانتاری ئەرمەنی فراکسیۆنی جەهەپەیە لە پەرلەمانی تورکیا.
**کاتی پێشکەشکردن:** چوارشەممە، کاژێر 23:05

**ڕەمەزانی ئادەم:**
ئادەم بێدار و تیمەکەی باسی ڕەمەزانی بەیرووت دەکەن
**کاتی پێشکەشکردن:** پێنجشەممە، کاژێر 23:05
**پێشکەشکار:** ئادەم بێدار


**دۆکیۆمێنتاری:**
گەڕانەوە بۆ کەرکووک.. باس لە بارودۆخی کەرکوک دەکات لە دوای ڕوخانی ڕژێمی سەدام حوسێنەوە
**کاتی پێشکەشکردن:** هەینی، کاژێر 22:05
**ئامادەکار:** کەی بەهار

---



ژمارەیەک گەنج لە دهۆک تیپێکی تۆپی پێ بەنێوی ڕووداو دادەمەزرێنن


altunsa
altunsa
altunsa
DOMATES SALÇASI
DUBLE KONSANTRE
Net Ağırlık: 830g e


برنجی مەحمود
MAHMOOD RICE
١١٢١
100%
خۆش تام و بەسود


شاری دایک
SHARI DAIK
bareaz
GROUP COMPANY
شاری دایک
بەشداربە لە بەرزترین و ناوازەترین شوێنی
گەشتیاری و نیشتەجێبون
ڤێلاکانی شاری دایک
شوقەکانی شاری دایک
www.Bareazgroup.com
/bareaz Group
0750 112 0090
0770 365 0090
ناونیشان
سلێمانی | بناری گۆیژە


MAJIDI LAND
ماجدی لاند بەم زوانە دەکرێتەوە لە هەولێر
هەولێر - ڕێگای کەسنەزان
WWW.MAJIDILAND.COM
MAJIDI LAND


کۆمپانیای EMPIRE WORLD
خاوەن پڕۆژە و کۆمپانیا و وەبەرهێنەرەکان بانگهێشت دەکەین بۆ سەردان کردنی
ناوەندی فرۆشتن بە زووترین کات بەمەبەستی دەست نیشانکردنی باشترین شوێن
بۆ کۆمپانیاکانیان، ئێستا دەست کراوە بە فرۆشتنی نووسینگە بازرگانییەکان لە ژێر ناوی
Empire Business Towers
Empire Business Towers
تاوەرەکانی ئیمپایر دایموند
Empire
Building the Future World
Empire World:
Empire Business Complex C4, Erbil, Iraq
Tel: +964 (0) 66 257 6006 - +964 (0) 66 257 6007
info@empireiraq.com - www.empireiraq.com

ڕووداو
ژنان
ژمارە (366) دووشەممە 2015/7/6

## کچە مامۆستایەک خۆی دەخنکێنێ



**ڕووداو- سلێمانی**

نەقیب سەرکەوت ئەحمەد، گوتەبێژی پۆلیسی پارێزگای سلێمانی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند ڕۆژی 2015/7/5 کچە مامۆستایەکی تەمەن 39 ساڵ خۆی خنکاندووە و نامەیەکیشی دوای خۆی جێهێشتووە. ناوبراو گوتی "شەوی پێش ڕووداوەکە ئەو کچە لە ماڵی خوشکەکەی بووە لە گەڕەکی سەرووەری، کاتێک بەیانییەکەی چوونەتە ژوورەکەی بۆ ئەوەی خەبەری بکەنەوە، بینیویانە بە پەتێک خۆی هەڵواسیوە و خۆی خنکاندووە، دوای خۆیشی نامەیەکی نووسیوە و گوتوویەتی بەهۆی نەخۆشیەوە ئەم کارەم کردووە".

### لەماوەی شەش مانگدا

# 12 ژن لەسەر کێشانی ماددەی هۆشبەر دەستگیر دەکرێن

**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- سلێمانی**

لە شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵدا چەندین کەس بە تۆمەتی بازرگانی و کێشانی ماددەی هۆشبەر دەستگیرکراون کە 12 لەوانە ئافرەتن و بەشێکیان خەڵکی دەرەوەی هەرێمی کوردستانن.

### 308 کەس دەستگیرکراون

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی نەهێشتنی مادده هۆشبەرەکان لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاسایشی هەولێر کە دراوەتە (ڕووداو)، لە سەرەتای ئەمساڵەوە تاوەکو کۆتایی مانگی ڕابردوو 259 کەس بە تۆمەتی بازرگانی و بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر لە هەردوو پارێزگای هەولێر و دهۆک ڕووبەڕووی دادگا کراونەتەوە.

هەر بەپێی ئەو ئامارە، 150 کەس لەوانە لە زیندان ڕاگیراون و پەڕاویان لە ژێر لێکۆڵینەوەدایە، 80 لەوانەش دادگایی کراون و حوکم دراون. دۆسیەی نزیکەی 20 تۆمەتباریشیان لە دادگای باڵای تاوانەکانە بۆ ئەوەی بڕیاری کۆتاییان لەسەر بدرێ.

لە نێو دەستگیرکراوەکانی هەولێر و دهۆکدا 10 ئافرەت هەن کە بەشێکیان خەڵکی ئێران و ئەوانی دیکەش دانیشتووی هەرێمی کوردستانن. سەرجەم ژنەکانیش بە تۆمەتی کێشانی مادە هۆشبەرەکان گیراون و هیچ بازرگانێکیان تێدا نییە.

نەقیبی مافپەروەر، ئاشتی ئەرگوشی بەرپرسی هۆبەی یاسا لە بەڕێوەبەرایەتی نەهێشتنی مادده هۆشبەرەکان لە بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی گشتی لە هەولێر، دەڵێت ساڵانە ژمارەی بازرگانان و بەکارهێنەرانی ماددەی هۆشبەر ڕوو لە زیادبوون دەکەن، ئەویش بەهۆی نزیکیی هەرێمی کوردستان لە ئێران کە ناوەندی بازرگانی و بەکارهێنانی مادەی هۆشبەرە.

بەبۆچوونی نەقیب ئاشتی، پێویستە حکومەت پاڵپشتی زیاتری ئەو دەزگایانە بکات کە تایبەتن بە نەهێشتنی مادده هۆشبەرەکان، ئەویش بە دابینکردنی پێداویستی پێشکەوتوو بۆیان بە مەبەستی کۆنترۆڵکردنی زیاتری سنوورەکان و نەهێشتنی بازرگانیکردن بە مادده هۆشبەرەکان لە نێو هەرێمی کوردستان.

کردنەوەی نەخۆشخانە یاخود سەنتەرێکی تایبەت بۆ ئەو کەسانەشی بە پێویست زانی کە دەبنە بەکارهێنەری ئەو ماددانە و گوتی "چاکسازییەکان شوێنی تایبەتیان بۆ ڕاهێنانەوەی ئەو کەسانە نییە، چونکە ئەو کەسانە پێویستە لەلایەن پزیشکی تایبەتییەوە چارەسەر بکرێن بۆ ئەوەی جارێکی دیکە بگەڕێنەوە نێو کۆمەڵگە".

### لە سلێمانی دوو ژن گیراون

عەمید جەلال ئەمین، بەڕێوەبەری نەهێشتنی مادده هۆشبەرەکان لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاسایشی سلێمانی ئاشکرای کرد کە ئەمساڵ 58 کەسیان بە تۆمەتی بازرگانی و بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر دەستگیرکردووە. لەو 58 کەسە، دوویان ژنن و یەکێکیان بە 6 مانگ بەندکردن سزا دراوە. هەردوو ژنەکەش بەکارهێنەرن و یەکێکیان خەڵکی هەرێمی کوردستانە و ئەوەی دیکەشیان ئێرانییە.

عەمید جەلال باسی هۆکاری زیادبوونی بازرگان و بەکارهێنەرانی مادەی هۆشبەر دەکات و دەڵێت "بەپێی ئەزموومی کارکردنمان لەو بوارەدا، دەرکەوتووە ڕێژەکە بەرز بووەتەوە، تەنانەت ئەو کەسانەشی بێکارن، بەهۆی ڕاهاتنیان بە هەر شێوەیەک بێت هەوڵی پەیداکردنی دەدەن".

### 316 سزادراون

بەپێی ئەو ئامارانەی لەلایەن بەڕێوەبەرایەتیەکانی چاکسازیی گەوران لە پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆک دراونەتە (ڕووداو)، لە ماوەی شەش مانگی ڕابردوودا 316 سزادراو بە تاوانی بازرگانی و کێشانی ئەو ماددانە ڕەوانەی چاکسازییەکان کراون (274 کەس لە سلێمانی، 28 لە هەولێر و 14 لە دهۆک).

شێرکۆ عارف، بەڕێوەبەری چاکسازیی گەورانی سلێمانی بە وەکالەت، ڕەوانەکردنی ئەو سزادراوانەی بۆ چاکسازییەکەیان بەلاوە زۆرە و گوتی "بەدڵنیاییەوە ژمارەکە زۆرە و هۆکارەکەشی بۆ ئەو قازانجە زۆرە دەگەڕێتەوە کە لە بواری بازرگانیی ماددەی هۆشبەردا هەیە".

### کردنەوەی سەنتەری تایبەت گونجاو نییە

هەرچەندە بەرپرسانی بەرەنگاربوونەوەی مادە هۆشبەرەکان جەخت لەسەر کردنەوەی سەنتەری چارەسەری بۆ ئالوودەبووان دەکەنەوە، بەڵام د.جەمال عومەر، سەرۆکی سەنتەری چارەسەرکردنی نەخۆشییە دەروونییەکان لە سلێمانی، کردنەوەی ئەو سەنتەرە بە باش نازانێ و دەڵێت "کردنەوەی سەنتەری تایبەت بۆیان هەڵەیە، چونکە مۆرکی ئەو کەسانە دەگرێ و خەڵکیش بە چاوێکی دیکە تەماشایان دەکات، بەڵام دەکرێت ئەو کەسانەی سزا دەدرێن نەبرێنە چاکسازییەکان، چونکە لەوێ چارەسەرکردن زەحمەتە، بەڵکو بهێنرێنە لای ئێمە بۆ چارەسەرکردن".



### کچە بەریتانیەکانی ناو داعش

# لە پایتەختی داعشەوە بە کوژرانی بەریتانییەکان پێدەکەنن







**عەلی حوسێن کەریمی**
**ڕووداو- گلاسکۆ**

ڕۆژنامەنووسێکی ڕۆژنامەی دەیلی مەیڵ، لە ڕێگەی ئۆنلاینەوە پەیوەندی بە یەکێک لەو سێ کچە هەرزەکارە بەریتانییەوە دەکات کە لە چەند مانگی ڕابردوودا خۆیان گەیاندە ڕیزەکانی داعش لە سووریا. کچە بەریتانییەکە لە ڕەققەوە ڕێوشوێنی گەیشتنی خۆبەخشە ئەوروپاییەکان بە خاکی بندەستی داعش ئاشکرا دەکات.

کچە ڕۆژنامەنووسەکە وەک کچە هەرزەکارێکی عەرەبی خاوەن ڕەگەزنامەی بەریتانی خۆی بەو کچەی نێو داعش ناساندووە. ئەو کچە لە نێو داعش ناوی ئوم زوبەیری بەریتانی لە خۆی ناوە کە ناوە ڕاستەقینەکەی ئەمیرە عەباسە.

ڕۆژنامەنووسەکەی مەیڵ، سەرەتا پرسیاری ئەوە لە ئەمیرە دەکات کە ئایا ئەو لە سووریایە؟ ئەویش لە وەڵامدا دەڵێت: "بەڵێ سوپاس بۆ خوا من لە ڕەققەم".

ڕۆژنامەنووسەکە لە ڕێگەی تویتەرەوە پرسیاری ئەوە لە ئەمیرە دەکات کە ئایا چۆن دەتوانم بگەمە نێو دەوڵەتی ئیسلامی لە سووریا؟ ئەویش لە وەڵامدا دەڵێ: "وەرە بۆ ئیستەنبوڵ یان ئەنتاڵیا لە تورکیا. لەوێوە وەرە، دواتر لەوێوە بە پاس وەرە غازی عەنتاب. ئێمە (واتە داعش) خەڵکمان هەیە لەوێ کە بە قاچاخ دەتگوازنەوە بۆ ناو سووریا".

ڕۆژنامەنووسەکە پێی دەڵێت کە بەریتانیەکان تووڕەن لەو کارەی بەرامبەر بە گەشتیارە بەریتانییەکان لە تونس کردیان، تۆ چۆن لەم ڕووداوە دەڕوانی؟ کچە داعشەکە تەنیا پێدەکەنێ.

ڕۆژنامەنووسەکە کە بەرەچەڵەک عەرەبە، بەناوی کچە هەرزەکارێکەوە قسە لەگەڵ کچە داعشەکە دەکات. لێی دەپرسێ: "ئایا پێویست دەکات کە گەیشتمە سووریا یەکسەر شوو بکەم؟" کچە داعشەکەش دەڵێت "باشترە شووبکەی، چونکە ئەگەر شوو نەکەی ئەوا ناتوانی بچیتە دەرەوە. ناتوانی ئینتەرنێت بەکاربهێنی. ناتوانی مۆبایلت پێبێ".

ڕۆژنامەنووسەکە پرسیار لە ئەمیرە دەکات: "ئایا لە تەمەنی شانزەساڵیدا شوو بکەیت زوو نییە؟". کچە داعشە بەریتانیەکە دەڵێت "عایشەی خێزانی پێغەمبەر تەمەنی نۆ ساڵان بوو کە شووی کرد".

ڕۆژی 2015/2/22 سێ کچی بەریتانی بەناوەکانی شەمیمە بیگومی تەمەن 15 ساڵ، خەدیجە سوڵتانی تەمەن 15 ساڵ و ئەمیرە عەباس، لە بەریتانیاوە سواری فڕۆکەیەک بوون و لە ئیستانبوڵ نیشتنەوە. پاشان هەرسێکیان لەو ڕێگایەی ئەمیرە باسی دەکات، خۆیان گەیاندە شاری ڕەققە.

# پەرلەمان بۆ ژنەکەی چوارقوڕنە دێتە سەر خەت



**ئێڤار ئیبراهیم:**
**هەر کەسێ بووبێتە هۆی ئەوەی ئەو ژنە بەم ڕۆژگارە بگات، دەبێ لێپرسینەوەی لەگەڵ بکرێ**



**عومەر چاوشین**
**ڕووداو – بیتوێن**

لێژنەی داکۆکیکردن لە مافی ژنان لە پەرلەمانی کوردستان بەدواداچوون بۆ ڕەوشی ژنێک دەکات کە کێشەکەی لە هەفتەنامەی (ڕووداو) بڵاوبووەوە. ژنەکە نێردراوە بۆ سەنتەرێکی چارەسەری دەروونی و سەرۆکی لێژنەکەی پەرلەمانیش دەڵێت دەبێ لێپرسینەوە لەو کەسانە بکرێ کە مامەڵەی خراپیان بەرامبەر ئەو ژنە کردووە.

هەفتەنامەی (ڕووداو) لە ژمارە (363) کە لە ڕۆژی 2015/5/22 بڵاوکرایەوە، ڕاپۆرتێکی لەسەر ژیانی ژنێک بەناوی زەینەب جەلال بڵاوکردەوە. ئەو ژنە دوای ئەوەی تەڵاقدراوە و منداڵەکانی لێوەرگیراوەتەوە، لە ڕووی دەروونییەوە تێکچووە و لە کەلاوەیەکدا دەژیا لە چوارقوڕنە. خەڵکی چوارقوڕنە داوایان کردبوو کە ئەو ژنە بگوازرێتەوە شوێنێکی سەلامەت و چارەسەری پێویستی بۆ بکرێ.

دوای بڵاوبوونەوەی ڕاپۆرتەکەی (ڕووداو)، هەر یەک لە سەرۆکی لێژنەی داکۆکیکردن لە مافەکانی ئافرەت لە پەرلەمانی کوردستان و وەزیری تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان هاتنە سەر خەت.

ئێڤار ئیبراهیم، سەرۆکی لیژنەی داکۆکیکردن لە مافی ژنان لە پەرلەمانی کوردستان بە (ڕووداو)ی گوت "دوای بڵاوبونەوەی ڕاپۆرتەکەی ڕووداو، لێژنەکەمان پەیوەندی بە وەزیری تەندروستییەوە کرد، بەڕێز وەزیری تەندروستیش دەستبەجێ بەڵێنی دا هاوکاریی تەواوی بکات و لە زووترین کاتدا بیگوازێتەوە بۆ نەخۆشخانەی سۆزی دەروونی لە شاری سلێمانی".

بەپێی قسەی ئێڤار ئیبراهیم، ئەو ژنە ئەگەر پێویستی بە چارەسەری درێژخایەن بێ، ئەوا لە نەخۆشخانەکە دەمێنێتەوە. ئەگەرنا دەگوازرێتەوە شوێنێکی دیکە. هەروەها گوتی کە هەوڵ دەدەن لە ڕێگەی وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی شوێنی حەوانەوە و مووچەیەکی مانگانەی بۆ دابین بکەن.

ئەو ژنە پێشتر ڕەوانەی شێڵتەرێکی ژنان لە سلێمانی کراوە، بەڵام وەک کەسوکارەکەی دەڵێن، بەرپرسانی شێڵتەرەکە بە تاکسییەکدا ناردوویانەتەوە چوارقوڕنە.

ئێڤار ئیبراهیم گوتی "هەر یەکێک لە کەسوکارەکەی کەمتەرخەم بووبێت و بووبێتە هۆی ئەوەی ئەو ژنە بەم ڕۆژگارە بگات، دەبێ لێپرسینەوەی لەگەڵدا بکرێ".

کەسوکاری زەینەب خۆشحاڵن کە ئاوڕ لە ژیانی دراوەتەوە و دەڵێن ئەوان هیچ کەمتەرخەم نەبوون بەرامبەر زەینەب، بەڵام بەهۆی ئەوەی باری دەروونیی تێکچووە، پێیان کۆنترۆڵ نەکراوە.

محەممەد حوسێن، خوشکەزای زەینەب باسی ژیانی زەینەبی کرد و گوتی "زەینەب هەر بە منداڵی لە ڕووی دەروونییەوە زۆر باش نەبوو، کە شووی کرد و ژنیان بەسەر هێنا و منداڵەکانیان لێسەندەوە هێندەی دیکە باری دەروونیی تێکچوو".

زەینەب لە جیاتی ئەوەی ببرێتە لای پزیشکی دەروونی، دووبارە بەشوودەدرێتەوە. محەممەد گوتی "گوتیان ئەگەر بە شوو بدرێتەوە ڕەنگە باشتر ببێ، بۆیە بە شوویان دایەوە، بەڵام هاوژینی دووەمی مرد، ئیدی بە تەواوی باری دەروونیی تێکچوو".

سەبارەت بە مانەوەی ئەو ژنە لە کەلاوەیەکدا، محەممەد گوتی "زەینەب لەلای ئێمە بوو، بەڵام لەلای ئێمە نەدەحەوایەوە، زیاتر لە 20 جار هێنامانەوە لای خۆمان، بەڵام هەر دەڕۆیشت". محەممەد گوتیشی "پوورم سێجار نێردراوە بۆ شێڵتەرەکان، بەڵام دووبارە دەهاتەوە بۆ ئێرە".

هەر لەوبارەوە د.ڕێکەوت حەمەڕەشید، وەزیری تەندروستی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە هەر دوای ئەوەی لێژنەی داکۆکیکردن لە مافەکانی ژنان لە پەرلەمانی کوردستان پەیوەندییان پێوەکردن و باسی کێشەی زەینەبان کرد، لێژنەیەکیان پێکهێنا.

وەزیری تەندروستی گوتی "لە ڕێگەی ئەو لێژنەیەوە زەیبەب نێردرا بۆ نەخۆشخانەی سۆزی دەروونی و ئێستا لە ژێر چاودێریی پزیشکەکاندایە، ئەگەر پێویستی بە چارەسەری درێژخایەن هەبوو ئەوە جارێ لە نەخۆشخانەکە دەمێنێتەوە".

ڕووداو
کۆمەڵایەتی
ژمارە (366) دووشەممە 2015/7/6

## لە هەولێر گەنجێک خۆی دەکوژێت

**ڕووداو- هەولێر**

گەنجێکی دانیشتووی شاری هەولێر لە نێو ئۆتۆمبێلەکەیدا بە گوللەیەکی دەمانچە کۆتایی بە ژیانی خۆی دێنێ.

کاروان خۆشناو، گوتەبێژی پۆلیسی پارێزگای هەولێر لە پەیجی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک بڵاوی کردووەتەوە کە کاژێر 11ی شەوی 2015/7/2 گەنجێکی تەمەن 28 ساڵ لە نزیک شوقەکانی ئیمپایەر لە شاری هەولێر لە نێو ئۆتۆمبێلەکەی خۆیدا بە گوللەیەکی دەمانچە کۆتایی بە ژیانی خۆی هێناوە. رائید کاروان دەڵێت "دۆسیەی لێکۆڵینەوە بۆ ئەم ڕووداوە کرایەوە لەلایەن پۆلیس بە مەبەستی زانینی هۆکاری خۆکوشتنەکەی".



# خێزانێک لە ڕانیە دەرمانخوارد دەکرێن

**عومەر چاوشین**
**ڕووداو- ڕانیە**

خێزانێک لە ڕانیە دەرمانخوارد دەکرێن و بەوهۆیەوە سەرۆکی خێزانەکە دەمرێ و دووی دیکەشیان هێشتا لەژێر چاودێریی پزیشکدان.

خێزانەکە لەلایەن کەسێکەوە کە بۆ ماوەیەک هاتوچۆی کردوون بەناوی ئەوەی خانوویان لێ دەکڕێت، لە ڕێگەی خواردنی حەبەوە دەرمانخوارد دەکرێن، بەوهۆیەشەوە سەرۆکی خێزانەکە دەمرێ و ژنەکەی و نەوەیەکیشی ئێستا لەژێر چاودێریی پزیشکدان.

ئەم خێزانە کە دانیشتووی گەڕەکی فەرمانبەرانی قەزای ڕانیەن، پێکهاتبوون لە (محەممەد. ح) سەرۆکی خێزان، هەمین، هاوژینی محەممەد و کچێک کە نەوەی محەممەد و هەمینە.

ئەو خێزانە، ڕۆژی 2015/6/29 دەگەیەنرێنە نەخۆشخانە و دوای پشکنین دەردەکەوێت لە ڕێگەی پێدانی حەبەوە، ژەهراوی بوون و بەو هۆیەشەوە سەرۆکی خێزانەکە گیان دەسپێرێ.

جەمال ئیسماعیل، خوشکەزای محەممەد دەڵێت ماڵی خاڵی هیچ کێشەیەکیان لەگەڵ کەسدا نەبووە و ئەوەی ئەو کارەشی کردووە مەبەستی دزیکردن بووە "بۆ بردنی پارە و زێڕەکانیان حەبیان دراوەتێ".

جەمال نازانێت ئەو کەسە چەند پارە و زێڕی ماڵی خاڵی بردووە، چونکە خاڵی وەفاتی کردووە و خاڵۆژنیشی هێشتا ڕەوشی تەندروستیی ناجێگیرە و توانای قسەکردنی بە باشی نییە.

عوسمان عەبدوڵڵا، برازای هەمین، زانیاری لەبارەی ڕووداوەکە هەیە و دەڵێت "کەسێک پێشتر هاتوچۆی کردوون، ڕۆژی ڕووداوەکەش ئەو کەسە بە بیانووی کڕینی خانوو سەردانی کردوون، ئەوانیش زۆر ڕێزیان لێگرتووە و میواندارییەکی باشیان کردووە، بەڵام ئەم کەسە لە جیاتی پاداشتدانەوە حەبی دەرخوارد داون".

بەپێی زانیارییەکان، محەممەد و هەمین پێشتر نەخۆش بوون و نەوەکەشیان کەمئەندام بووە، ئەو کەسە بەناوی چارەسەری نەخۆشییەکەیان ئەو حەبانەی داونەتێ. عوسمان گوتی "مام محەممەد دوو دەنکە حەبی خواردووە و بەهۆی ئەوەوە تووشی جەڵتەی دڵ بووە، پوورە هەمین و کچەکەش هەر یەکەیان دەنکێک حەبیان خواردووە. پوورە هەمین پیرە و کچەکەش کەمئەندام و فەقیرحاڵە و نەیتوانیوە زوو خزمان ئاگادار بکاتەوە، بۆیە تاوەکو لای نیوەڕۆ بەبێ هۆشی لە ماڵەوە کەوتوون".

کچێکی ئەو خێزانە ڕۆژانە سەردانی کردوون، بەڵام ئەو ڕۆژە کە دەچێتە ماڵیان دەبینێت هەر یەکەیان بە لایەکدا کەوتوون، بۆیە یەکسەر خزمەکانی ئاگادار دەکاتەوە و ئەوانیش دەستبەجێ دەیانگەیەننە نەخۆشخانە.

عوسمان دەڵێت ئەو کەسەی ئەو کارەی کردووە کەسێکی زۆر فێڵباز بووە، سەرەتا خۆی وەکو دکتۆرێک ناساندووە و ئەمەش ئاسانکاری بۆ کردووە تاوەکو ئەوان باوەڕی پێبکەن و حەبەکان بخۆن.

ڕۆژی 2015/6/29 تەرمی محەممەد دەبرێتە پەیمانگەی دادپزیشکی ڕانیە، دوای پشکنین پزیشکەکان دەڵێن بەهۆی جەڵتەی دڵ مردووە. بەڵام دوای ئەوەی هاوژینەکەی و نەوەکەی دەبرێن بۆ نەخۆشخانە و پشکنینیان بۆ دەکرێ، دەردەکەوێ کە ئەوان حەبیان دراوەتێ.

دکتۆر ڕێبوار قادر، بەرپرسی بەشی دادپزیشکی ڕانیە بە (ڕووداو)ی گوت "دوای ئەوەی تەرمی محەممەد هێنرایە ئێرە، سەرەتا بۆمان دەرکەوت ئەو کەسە بەهۆی سەکتەی دڵ گیانی لەدەستداوە و لەلای خۆمانەوە ڕێکارە پزیشکییەکانمان بۆ ئەنجام دا و تەرمەکەمان دایەوە دەست کەسوکاری، بەڵام دواتر کچێک و ژنێکی دیکەیان هێنا بۆ بەشی فریاکەوتنی نەخۆشخانەی ڕانیە کە ئەندامی ئەو ماڵە بوون، دوایی بۆمان دەرکەوت ئەو کچ و ژنە ژەهراوی بوون و تەندروستییان زۆر بە توندی تێکچووبوو، ئیدی زانیمان کە محەممەدیش ژەهراوی کراوە".

سەبارەت بە جۆری ئەو حەبەی دەرخواردیان دراوە، دکتۆر ڕێبوار قادر گوتی "پشکنینیان بۆ کراوە، تاوەکو ئەنجامەکەی دەرنەچێت نازانرێت چ جۆرە حەبێکیان دراوەتێ".

مستەفا محەممەد باپیر، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی ڕاپەڕین گوتی "ئەو کەسە لە دوو کاتی جیاوازدا، کاژێر حەوتی ئێوارە و دووی شەو بەبیانووی خانوو کڕین چووەتە ئەم ماڵە و لەوێ حەبی داونەتێ، دوای ئەوەی خێزانەکە بێ هۆش بوون، بڕی 700 هەزار دینار و چوار تاک بازنی زێڕی بردوون".

پۆلیس دۆسیەی بۆ ڕووداوەکە کردووەتەوە، بەڵام تاوەکو ئێستا ئەنجامدەری تاوانەکەیان نەدۆزیوەتەوە.



# پسوولەیەک بکوژی گەنجێک ئاشکرا دەکات

**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- سلێمانی**



توانا و بکوژەکەی، لە نێو گوندەکەیان بە هاوڕێی گیانی بەگیانی ناسرابوون و زۆربەی کار و پیشەیان پێکەوە بووە، بەڵام توانا لەلایەن هاوڕێیەکەی خۆیەوە بەشێوەیەکی زۆر دڕندانە کوژرا. سەرەتا بە چەقۆ لێی دراوە، پاشان دوو گوللەی لێدراوە، ئینجا بە ئۆتۆمبێل بەسەر تەرمەکەیدا ڕۆیشتووە.

شەوی 2015/6/27 توانا تەهای تەمەن 23 ساڵ، دوای ئەوەی نوێژی تەراویح دەکات، لەلایەن دوو کەس (ر) و (ه) کە ئەوەی یەکەمیان شەریک و خزمی بووە، بە بیانووی داوەتکردن دەبرێتە دەرەوە، بەڵام دواتر لە دۆڵێکی پشت گوندەکەیان (قوڵقوڵە) دەیکوژن و تەرمەکەشی لەسەر شەقامێکی سەرەکی لە نزیک گوندی مێرگەپان فڕێدەدەن.

گوندی قوڵقوڵە تەنیا نیو کاژێر لە شاری سلێمانییەوە دوورە، دانیشتووانی گوندەکە خزم و ناسیاوی یەکدین، توانا لەگەڵ (ر) تاوەکو ماوەیەک لەمەوبەریش پێکەوە خاوەنی دووکانێکی دروستکردنی دەرگا و پەنجەرە و کەوەنتەری ئەلەمنیۆم بوون.

ئەو شەوەی کوڕەکەی کوژراوە، تەها محەممەد لە شیرینی خەودا بووە، بە زەنگی مۆبایلەکەی خەبەری دەبێتەوە و هەواڵی پێدەدەن کە (ر) برینداره و لەلای پۆلیسە، بەڵام کاتێک دەچێتە بنکەی پۆلیس، تەرمی توانای کوڕی دەبینێ "تەرمەکەی شێوێندرابوو.. نەمناسییەوە". باوکی توانا وا دەڵێت.

تەها دەڵێت "شەوی ڕووداوەکە کوڕەکەم تیشێرتێکی ڕەش و کاوبۆیەکی شینی لەبەردا بوو، بەڵام ئەوان بۆ شاردنەوەی تاوانەکەیان، تیشێرتەکەیان گۆڕیوە بۆ تیشێرتێکی یاریکردن. دوای کوشتنیشی بە ئۆتۆمبیل بەسەر پشتیدا ڕۆیشتوون بۆ ئەوەی وا بزانرێ توانا لە یاریکردن گەڕاوەتەوە و ئۆتۆمبێل لێیداوە".

## چۆن ئاشکرا بوون؟

دۆزینەوەی بکوژانی توانا بەهۆی پسوولەیەکی دووکانەکەیەوە بووە کە لە گیرفانی پانتۆڵەکەیدا جێماوە و تێیدا ژمارەی تەلەفۆنی خۆی و (ر)ی تۆمەتباری لەسەر بووە کە هاوبەشی بووە.

باوکی توانا گوتی "کاتێک پۆلیس تەلەفۆنیان بۆ (ر) کرد و لە ڕووداوەکە ئاگاداریان کردەوە، سەرەتا خۆی لێ بێ ئاگا کرد و تەنانەت ناوی خۆیشی بۆ شوان گۆڕی، بەڵام کاتێک (ر) لەگەڵ پۆلیس هاتنە ماڵی ئێمە، دایکی توانا بە ناوە ڕاستەقینەکەی بانگی (ر)ی کرد و بەو هۆیەوە ئاشکرا بوو".

بەڵگەیەکی دیکەی تێوەگلانی (ر) بە تاوانی کوشتنی توانا، وەک باوکی باسیکرد، ئەوکاتەی لە ماڵی ئەوان بوون، پۆلیس داوای لە (ر) کردووە تەلەفۆن بۆ ژمارەی توانا بکات، بەڵام ئەو گوتوویەتی مۆبایلم پێ نییە، بەڵام لەو کاتەدا تەلەفۆنێکی بۆ هاتووە و زەنگی مۆبایلەکەی لێیداوە.

هەر بە گوتەی باوکی توانا، کوڕەکەی و (ر) نزیکەی پێنج ساڵە هەر لە گوندەکەی خۆیان دووکانێکی دروستکردنی دەرگا و پەنجەرەی ئەلەمنیۆمیان داناوە، ماوەیەکی کەم (ر) دووکانەکەی لە توانا کڕیوەتەوە، بەڵام بەشێک لە پارەکەی لەلا بووە "هەر لەبەر ئەم قەرزەش کوشتوویانە".

هەرچەندە وا بڵاوکرایەوە کە کوشتنی توانا بەهۆی کێشەی کۆمەڵایەتییەوە بووە، بەڵام باوکی توانا گوتی "زۆرم بەلاوە گرنگە باسی ئەوە بکەم کە ئەو ڕووداوە بەهیچ شێوەیەک پەیوەندی بە کێشەی کۆمەڵایەتییەوە نییە. ئەوان پێشتریش وەکو برا بوون و هیچ کێشەیەکیان نەبووە. تەنیا هۆکار ئەو بڕە پارەیە بووە کە (ر) قەرزداری توانا بووە".

توانا و (ر) خزمی نزیکی یەکدین، بۆیە کەسوکاری هەردوولایان لە پرسەی توانا دانیشتبوون. تەها محەممەد گوتی "بەهیچ شێوەیەک پەیوەندی کۆمەڵایەتیمان بەهۆی ئەم ڕووداوە تێکنەچووە و تێکیشناچێ، بەڵام داواکاری هەموومان ئەوەیە ئەو دوو تۆمەتبارە لە سێدارە بدرێن".

باوکی توانا ئێستاش باوەڕ ناکات کوڕەکەی لەلایەن نزیکترین هاوڕێیەوە کوژرابێت و دەڵێت "کاتێک (ر)م دەبینی وامدەزانی توانا دەبینم. چەندین ساڵە شەو و ڕۆژ پێکەوە ئیش دەکەن، بۆیە ئێستاش باوەڕ ناکەم ئەوان ئەو کارەیان کردبێت".

باوکی (ر)یش نازانێت چۆن باسی ڕووداوەکە بکات. ئەو دەڵێت "توانا هیچ جیاوازییەکی نەبوو لەگەڵ کوڕەکەی خۆم. توانا و باوکی بڕبڕەی پشتم بوون و ئێستاش بەهەمانشێوەیە، بەڕاستی سەرم سوڕماوە لەو ڕووداوە و هەر ئەوەندە دەڵێم قەزا و قەدەرێکی خوای گەورەیە بەسەرماندا هات".

سێ ڕۆژ پێش ڕووداوەکە، توانا ئۆتومبێلێکی جۆری هایلۆکسی کڕیبوو، جگە لەوەش بەنیاز بووە لەم ماوەیەدا ژن بهێنێ، بەڵام دوو خزمەکەی ئامانجەکەیان لەگەڵ خۆی ناردە نێو گۆڕ.

پشتیوان جەلال، خزمی نزیکی توانا گوتی "کوشتنی توانا ڕووداوێکی زۆر جەرگبڕە، چونکە نەدەبوو ئەو تۆمەتبارانە لەگەڵ نزیکترین کەسی خۆیان بەو شێوەیە ڕەفتار بکەن، توانا گەنجێکی زۆر باش و ئیشکەر بوو، بەنیاز بوو دوای کڕینی ئۆتومبێل، ژن بهێنێ".

نەقیب سەرکەوت ئەحمەد، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی سلێمانی لەبارەی ئەو تاوانە تەنیا گوتی "دوو تۆمەتبارەکە دەستگیرکراون و هەر لە لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکاندا ئیعترافیان کردووە کە توانایان کوشتووە".



**ژیلەمۆ عەبدولقادر***

## پەیوەندیی دوای هاوژینی

ژنێک بۆی گێڕاینەوە کە بەر لەوەی شوو بکات پەیوەندی لەگەڵ کوڕێک هەبووە. ڕۆژێکیان کەسێک دێتە خوازبێنی، ژنەکە پەیوەندی بە خۆشەویستەکەیەوە دەکات و پێیدەڵێت کە خوازبێنی هاتووە، ئەگەر ئەو نەیەتە داوای، هیچ بیانوویەکی نییە بۆ ڕەتکردنەوەی خوازبێنییەکەی، بەڵام کوڕەکە دەڵێت کە ئەو ناتوانێ بێتە داوای، داواش لە کچەکە دەکات شوو نەکات، بەڵام کچەکە دەڵێت کە ئەو ناتوانێ قسەی ماڵەوەیان بشکێنێ.

کاتێک ژنەکە شوو دەکات، یەکەم کاری گۆڕینی سیمکارتەکەی بوو، نەوەک کۆنە کەپڵەکەی پەیوەندی پێوە بکات و تووشی کێشە ببێ لەگەڵ مێردەکەی، بەڵام گۆڕینی سیمکارت چارەسەر نەبوو، زۆری پێناچێ ژمارەیەکی نەناسراو پەیوەندی پێوەدەکات، کاتێک وەڵام دەداتەوە دەبینێت کۆنە کەپڵەکەیەتی. ژنەکە لە دووڕیانێکدا بوو، ئایا دیسان سیمکارتەکەی بگۆڕێت، بەڵام ئەوکات دەبێ بۆ مێردەکەی ڕوونبکاتەوە کە بۆچی سیمکارتەکەی دەگۆڕێت! یانیش پێی بڵێت پێشتر پەیوەندی لەگەڵ ئەو کوڕە هەبووە، ئەمەش ڕەنگە کارەساتی لێ بکەوێتەوە و مێردەکەی تەڵاقی بدات.

ئەو ژنە گوتی کۆنە کەپڵەکەی ماوەی ساڵێکە بە بەردەوامی تەلەفۆنی بۆ دەکات. سەرەتا هەڕەشەی لێکردووە ئەگەر لەگەڵی ڕانەبوێرێت، دەستکاری ئەو ڕەسمانەی دەکات کە پێشتر بووی ناردوون و بڵاویاندەکاتەوە. ژنەکە قەناعەت بە کوڕەکە دەهێنێ کە لە بەرامبەر بڕێک پارە واز لەو کارە بهێنێ. کوڕەکە ڕازی دەبێت. بەڵام کاتێک کوڕەکە خاڵی لاوازی ئەو ژنە دەدۆزێتەوە، بەردەوام تەلەفۆنی بۆ دەکات و داوای پارەی لێدەکات. ژنەکەش هەموو جارێک بە داواکەی ڕازی دەبێت. دواجار کوڕەکە داوای بڕە پارەیەکی زۆر لە ژنەکە دەکات، ژنەکە هەرچەندە بەرگدروو بووە و خاوەنی داهاتی خۆی بووە، بەڵام ناتوانێت ئەو پارە زۆرە پەیدا بکات، بۆیە پەنا بۆ بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان دەبات.

لە ڕووی یاساییەوە چارەسەری کێشەی ئەو ژنە کەمێک زەحمەت بوو، چونکە سەرجەم ئەم نامانەی کوڕەکە بۆی ناردبوو ڕەشی کردبوونەوە، بەمەش هیچ بەڵگەیەکی نەهێشتبووەوە کە بیسەلمێنێ ئەم کوڕە هەڕەشەی لێکردووە، جگە لەوەش دەیویست بەبێ سکاڵا تۆمارکردن کێشەکەی چارەسەر بکرێ. کاتێک پەیوەندی بە کوڕەکەوە کرا، نکۆڵی لەوە نەکرد کە پێشتر پەیوەندی لەگەڵ ئەو ژنەدا هەبووە و وێنەیان گۆڕیوەتەوە، بەڵام گوتی سەرجەم وێنەکانی ژنەکەی لەناوبردوون.

ئێمە دەمانزانی سەرجەم قسەکانی ژنەکە ڕاستن، بەڵام هەموو کارەکان لە نێوان خۆی و کوڕەکە کراون، بە تایبەتی مەسەلەی پێدانی پارەکە. داوا لە کوڕەکە کرا ئامادە بێت، بەڵام ئامادە نەبوو، شوێنەکەشی دیار نەبوو، ژنەکەش تەنیا ناوی یەکەمی کوڕەکەی دەزانی. بۆیە بە کوڕەکە ڕاگەیەنرا، ئەگەر بەردەوام بێت لەسەر هەڕەشەکانی، ئەوا بەپێی یاسای قەدەغەکردن و خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندیکردن سکاڵای لەسەر تۆمار دەکرێ.

لە ماددەی دووی ئەم یاسایەدا هاتووە "سزا دەدرێت بە حەپسکردن بۆ ماوەیەک کە کەمتر نەبێت لە شەش مانگ و زیاتر نەبێت لە پێنج ساڵ، بە بژاردن کە کەمتر نەبێت لە ملیۆنێک دینار و زیاتر نەبێت لە پێنج ملیۆن دینار یان بە یەکێک لەو دوو سزایە، هەرکەسێک بە خراپی تەلەفۆنی خانەیی (مۆبایل) یان هەر ئامێرێکی پەیوەندی بەتەل یان بێ تەل یان ئینتەرنێت یان پۆستی ئەلیکترۆنی بەکاربهێنێت، ئەوەش لەڕێگای هەڕەشە یان تۆمەت هەڵبەستن یان جنێودان یان بڵاوکردنەوەی هەواڵی جۆراوجۆر....".

بەئافرەتەکەش ڕاگەیەنرا ئەگەر نامەی هەڕەشەت بۆهات ڕەشی مەکەوە، پاش ماوەیەک ئافرەتەکە پێی ڕاگەیاندین کە کێشەکەی کۆتایی هاتووەو کوڕەکە وازی هێناوە.

***موقەدەمی مافپەروەر و بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان/ هەولێر**

هاتنیان سنووردار دەکرێ

# ئێرانییەکان لە ساڵێکدا تەنیا چوار جار دەتوانن بێنە کوردستان



**پشتیوان جەمال**
**رووداو- سلێمانی**

بەپێی بڕیارێکی وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەمەودوا گەشتیارانی ئێرانی بۆیان هەیە لە ساڵێکدا تەنیا چوار جار بێنە هەرێمی کوردستان، بازرگانان و شارەزایانی گەشتیاریش ئەمە بە بڕیارێکی نەگونجاو دەزانن.

ئەو بڕیارەی وەزارەتی ناوخۆ دەگەڕێتەوە بۆ نزیکەی سێ مانگ لەمەوبەر، لەوکاتەوە لە هەندێک لە دەروازە سنوورییەکان جێبەجێ کراوە و لە هەندێکی دیکەش ماوەیەکە راگیراوە، بەڵام لە سەرەتای ئەم مانگەوە دیسان کاری پێدەکرێت و سەرجەم ئێرانیەکانیش دەگرێتەوە.

دەروازەی نێودەوڵەتیی باشماخ لە رۆژی 2015/7/1 بڕیارەکەی وەزارەتی ناوخۆ جێبەجێ دەکات. ئەزوەر مەحموود، بەڕێوەبەری دەروازەی نێودەوڵەتیی باشماخ گوتی "ئەم بڕیارە پێشتر هەبووە و بۆ ماوەی دوو مانگ راگیرابوو، بەڵام لەمەودوا جێبەجێی دەکەین".

ئەزوەر ئاماژەی بە ناوەڕۆکی بڕیارەکە کرد و گوتی "بەپێی بڕیارەکە، گەشتیارانی ئێرانی بۆیان هەیە لە ساڵێکدا تەنیا چوار جار بێنە هەرێمی کوردستان، ئەوانەشی کە بۆ کارکردن دێن، دەبێ لەڕێی کۆمپانیاکان یان شوێنی کارکردنیانەوە مامەڵەی مانەوە بکەن".

سەبارەت بە هۆکاری دەرکردنی ئەو بڕیارە، ئەزوەر مەحموود گوتی "زیاتر پەیوەندی بە هۆکاری ئەمنی و تەندروستی و ماددەی هۆشبەرەوە هەیە".

بەپێی ئاماری مەرزی نێودەوڵەتیی باشماخ، رۆژانە نزیکەی 600 تاوەکو 700 ئێرانی دێنە هەرێمی کوردستان و زیاتریشیان بە مەبەستی کارکردن دێن، ئەزوەر گوتی "ئەو بڕیارە بۆ مەسەلەی ئەمنی و تەندروستی باشە، بەڵام بۆ گەشتیاری پێویستە پێداچوونەوەی تێدا بکرێ".

هەر لە رۆژی دەرچوونی بڕیارەکەوە، مەرزی نێودەوڵەتیی حاجی ئۆمەران جێبەجێی کردووە، بەڵام ئەوانیش داوایان کردووە وەزارەتی ناوخۆ پێداچوونەوە بە هەندێک لە بڕگەکانی بڕیارەکەدا بکات.

مەسعود باتیلی، سەرپەرشتیاری دەروازەی حاجی ئۆمەران بە (رووداو)ی گوت "ئەو بڕیارە سەرجەم هاووڵاتیانی ئێرانی دەگرێتەوە. ئەوانەی بۆ کارکردن دێن و دەیانەوێ بمێننەوە، پێویستە مامەڵەی مانەوە بکەن".

باتیلی گوتیشی "داوامان لە وەزارەتی ناوخۆ کردووە پلەبەندی بکرێت بۆ میوانەکان، لەوانەش بازرگان و شۆفێرەکان، بۆیە ئێمە هەتا ئێستا لەسەر شۆفێرانی لۆری و پاس جێبەجێمان نەکردووە".

بەبۆچوونی باتیلی، هەرچەندە زۆربەی ئێرانیەکان بۆ کارکردن دێنە کوردستان، بەڵام بڕیارەکە کاریگەری نەرێنی لەسەر گەشتیاری دەبێت و گوتی "رەنگە کاریگەری بخاتە سەر بواری گەشتیاری و بازرگانی".

گەشتیاران بە پلەی یەکەم لە ناوەڕاست و باشووری عێراقەوە دێنە هەرێمی کوردستان، دواتریش کۆماری ئیسلامیی ئێران و وڵاتانی دیکە. بەرپرسانی بواری گەشتیاری دەڵێن ئەگەر بڕیارەکە لەلایەک بۆ بواری ئەمنی سوودی هەبێت، بەڵام بۆ لایەنی گەشتیاری خراپە، چونکە نابێت مەرجی "چەند جار" بۆ گەشتیار دابنرێت.

نادر روستی، گوتەبێژی دەستەی گشتیی گەشتوگوزار لە هەرێمی کوردستان بە (رووداو)ی راگەیاند، بەگشتی دیاریکردنی "چەند جار" بۆ گەشتیاران کارێکی باش نییە، بەڵکو دەبێت کاتەکان کراوە بن لە هاتن و مانەوەیان، بەڵام جۆری ڤیزاکان دەگۆڕێت.

گوتیشی "گەشتیارە ئێرانییەکان لە پلەبەندی دووەمدان بۆ هەرێمی کوردستان و بێگومان ئەو بڕیارە کاریگەریی دەبێت لەسەر هاتنی گەشتیارانی ئێرانی".

شەماڵ جەلال شارەزای بواری گەشتیاری پێیوایە دیاریکردنی ژمارەی جار رەنگە لەڕووی ئەمنییەوە هۆکاری خۆی هەبێت، بەڵام بۆ گەشتیاری کارێکی هەڵەیە "چونکە رەنگە هاووڵاتیانی ئێرانی حەز بکەن لە ساڵێکدا چەندینجار بێنە هەرێمی کوردستان و لە هەموو وڵاتێکیشدا هەتا ژمارەی گەشتیاران زۆرتر بن بۆ ئابووریی ئەو وڵاتە باشترە".

بڕیارەکەی وەزارەتی ناوخۆ بووەتە مایەی نیگەرانیی بازرگانە ئێرانییەکان و ئەو نیگەرانییەشیان گەیاندووەتە ژوورە بازرگانییەکانی هەرێمی کوردستان.

سیروان محەممەد، سەرۆکی ژووری بازرگانی و پیشەسازی لە سلێمانی بە (رووداو)ی راگەیاند، جموجوڵی بازرگانی لە نێوان شاری سلێمانی و ئێران زۆر فراوانە و ئەو بڕیارە بازرگانە ئێرانییەکانی نیگەران کردووە و رەوشی بازرگانی بەرەو خراپی دەڕوات، چونکە بۆ مانەوەی بازرگانەکان دەبێت مامەڵەی مانەوەی هەمیشەیی بکەن یاخود لە کرماشان و تاران ڤیزای عێراق وەربگرن".

# قەیرانی دارایی، کامێرا جێگیرەکانی سلێمانیی کوژاندەوە




**رووداو- سلێمانی**

بەهۆی قەیرانی داراییەوە، تاوەکو ئێستا نەتوانراوە پارەی کامێرا جێگیرەکانی سلێمانی بدرێت و بەو هۆیەشەوە کۆمپانیای جێبەجێکار کامێراکانی کوژاندەوە تا ئەو کاتەی پارەکەیان بۆ خەرج دەکەن.

بە مەبەستی دانانی سنوورێک بۆ تیژڕەویی شۆفێران، بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی سلێمانی لە مانگی شوباتی 2014وە گرێبەستی لەگەڵ کۆمپانیای باڤیان کردووە بۆ 21 کامێرای جێگیر بە بڕی دوو ملیار و 850 ملیۆن دینار. لە مانگی نیسانی ساڵی رابردووەوە کامێراکان دانراون، بەڵام بەهۆی قەیرانی داراییەوە تاوەکو ئێستا کۆمپانیاکەی پارەی وەرنەگرتووە. کۆمپانیاکەش ماوەی زیاتر لە مانگێکە سەرجەم کامێراکانی کوژاندووەتەوە.

کۆمپانیای باڤیان ئەو کامێرایانەی لە ئەڵمانیاوە هێناوە کە لە شێوەی رادارە و لە دووریی 75 مەترەوە خێرایی ئۆتۆمبێل بە وێنەوە تۆمار دەکات. فەرحان عەبدولکەریم، بەڕێوەبەری کۆمپانیای باڤیان بە (رووداو)ی گوت، دەبووایە لە مانگی دوانزەی ساڵی رابردووەوە پارەیان وەربگرتایە، بەڵام تاوەکو ئێستا پارەکەیان وەرنەگرتووە. گوتیشی "ئێمە لە مانگی یەک تا مانگی نیسانی ئەمساڵ ئیشمان پێکردن، بەڵام تاوەکو ئێستا هەر چەکی پارەمان وەرگرتووە و هیچ بڕە پارەیەکیان پێنەداوین، بۆیە ماوەی زیاتر لە مانگێکە کامێراکانمان کوژاندووەتەوە و تاوەکو پارەکەش وەرنەگرین کاریان پێناکەین".

دانانی ئەو کامێرایانە هەندێک لە شۆفێرانی نیگەران کردووە، تاوەکو کار گەیشتووەتە ئەوەی کێشە بۆ کۆمپانیای باڤیان دروست بکەن. فەرحان گوتی "تاوەکو ئێستا چوار جار تەقە لە کامێراکان کراون، سێ کەسیش دەستگیرکراون".

بەپێی هەندێ زانیاری، هۆکارێکی دیکەی کوژاندنەوەی کامێراکان پەیوەندی بە کێشەی تەکنیکیی کامێراکانەوە هەیە، بەڵام بەڕێوەبەری کۆمپانیاکە ئەوەی رەتکردەوە و گوتی "کامێراکان هیچ کێشەیەکی تەکنیکییان نییە، هەر کەسێک بەڵگەیەکی لەو رووەوە هەیە با بیخاتەڕوو".

نەقیب کاروان حەمە سدیق، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هاتوچۆی پارێزگای سلێمانی ئامادە نەبوو لەو بارەیەوە هیچ لێدوانێک بدات و تەنیا گوتی "هەموو کامێراکان بە جێگیر و گەڕۆکیشەوە رۆڵی خۆیان هەبووە لە کەمکردنەوەی رووداوەکان و بەرگرتن لە تیژڕەویی شۆفێرەکان و تەنانەت ئەگەر رووداویش هەبووبێت زیانەکان کەمتر بوون".

بەپێی زانیارییەکان، ئەو کامێرایانە بە پارەی داهاتی بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی سلێمانی کڕدرابوون، بەڵام بەهۆی قەیرانی دارایی، وەزارەتی دارایی بڕیاری داوە داهاتی هاتوچۆ بگەڕێندرێتەوە بۆ گەنجینەی حکومەت، بۆیە نەتوانراوە پارەکە بۆ ئەو کۆمپانیایە خەرج بکرێت.

بەرپرسانی هاتوچۆی سلێمانی نایانەوێ کوژاندنەوەی کامێراکان ئاشکرا بکەن بۆ ئەوەی هاووڵاتیان پابەندبن بە کەمکردنەوەی خێراییەکانیان، بەڵام بەشێکی زۆر لە شۆفێرانی سلێمانی ئاگادارن کە ئەو کامێرایانە ماوەیەکی زۆرە کار ناکەن.

بێرون ئەحمەد، 24 ساڵ، کە شۆفێری تاکسییە، گوتی "ماوەیەکی زۆرە ئاگادارین ئەو کامێرایانە کار ناکەن، چونکە ئەگەر ئیش بکەن لە کاتی تیژڕەویدا فلاشێک لێدەدات، بەڵام ئێستا ئەگەر بە خێراییش بەلایدا بڕۆی هیچ فلاشێک لێ نادات".

دانا جەزا، ئەندامی لیژنەی ناوخۆ لە ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی دەڵێت پرسیاریان لە بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆ کردووە سەبارەت بە ئیشنەکردنی ئەو کامێرا جێگیرانە، بەرپرسانی هاتوچۆش پێیانگوتوون "بەنیازین بۆ بینایەکی نوێ بگوازینەوە و لەوێش سیستەمێکی تازە دادەنێین بۆ ئیشکردنی کامێراکان.

جگە لەوەش هۆکارێکی دیکەی کێشەی تەکنیکییە، بۆیە ئێستا هەندێجار هەندێکیان کار دەکەن و هەندێجاریش بەهۆی کێشەی تەکنیکییەوە دەیکوژێننەوە، بەڵام لە داهاتوویەکی نزیکدا هەموویان دەکەونەوە کار".

# مانگانە 4 کرێکاری بیانی لە کوردستان دەمرن

**پشتیوان جەمال**
**رووداو- سلێمانی**

زوو زوو هەواڵی گیان لەدەستدانی کرێکارانی بیانی لە شوێنی کارەکەیان لە کوردستان بڵاودەبێتەوە، ئەمەش کرێکارێکی بیانی وەکو ئەحمەدی ترساندووە و داوا دەکات خاوەنکار پێداویستییەکانی سەلامەتی بۆ کرێکاران دابین بکەن.

ئەحمەد عەبدوڵڵا، 28 ساڵ، نزیکەی دوو ساڵە لە رۆژهەڵاتی کوردستانەوە بە مەبەستی کارکردن هاتووەتە شاری سلێمانی و ئێستاش لەگەڵ کۆمەڵێک هاوڕێیدا لە باڵەخانەیەکدا کار دەکەن.

ئەحمەد بەپێی ئەزموونی کارکردنی دەڵێت، لەو ماوەیەدا هەندێک لە خاوەنکارەکان زۆربەی پێداویستییەکانیان بۆ دابین کردوون، هەندێکیش پشتگوێیان خستووە. ئەو گوتی "دەبێت کرێکار خۆی داوای پێداویستییەکانی سەلامەتیی کارکردن بکات".

هەفتەی رابردوو، پاش گیان لەدەستدانی ئەندازیارێکی باکووری کوردستان لە یەکێک لە باڵەخانەکاندا لە شاری سلێمانی، ئاماری گیان لەدەستدانی کرێکاران لە ماوەی دوو ساڵ و شەش مانگی رابردوودا 160 کرێکاری تێپەڕاند. لەو ژمارەیەش زیاتر لە 120 کرێکاریان بیانین و زۆربەیان خەڵکی باکوور و رۆژئاوا و رۆژهەڵاتی کوردستانن.

بەپێی ئەو ئامارە، لە ماوەی دوو ساڵ و شەش مانگی رابردوودا مانگانە بەتێکڕا 4 کرێکاری بیانی لە شوێنی کارەکانیان گیانیان لەدەستداوە. عوسمان حەمە سەعید، سەرۆکی سەندیکای کرێکارانی بیناسازی – لقی سلێمانی، پێیوایە ئەو ژمارەیە زۆرە بۆ مردنی کرێکاری بیانی لەو ماوەیەدا.

نزیکیی پڕۆژەی دروستکردنی باڵەخانەکان لە ستوونی کارەبا، کارکردن لەسەر ئەسکەلە لە بەشی دەرەوەی بیناکان و داڕووخانی سەقف و دیوار، ئەو هۆکارانەن کە دەبنە هۆی گیان لەدەستدانی کرێکاران.


بەپێی یاسای ژمارە 71ی ساڵی 1987ی وەزارەتی کار، پێویستە خاوەنکار پێداویستییەکانی سەلامەتی بۆ کرێکارەکانی دەستەبەر بکات، بەڵام عوسمان حەمەسەعید رەخنەی توندی لە خاوەنکارەکان گرت کە پابەندی ئەو رێنماییە نابن.

عوسمان گوتی "هۆکاری سەرەکیی گیان لەدەستدانی کرێکاران پەیوەندی بە خاوەنکارەوە هەیە کە پابەند نابێت بە سەلامەتیی شوێنی کارەوە بۆ کرێکاران، پاشانیش دەبێت کرێکاران ئاگایان لە خۆیان بێت". بەڵام خوسرەو ئیبراهیم کە بازرگانێکی شاری سلێمانییە و تائێستا چەندین باڵەخانەی بازرگانیی دروستکردووە، ئەو قسەیەی رەتکردەوە و گوتی "من سەرجەم پێداویستییەکانم لە کڵاو و پێڵاو و دەستکێش و جلوبەرگ و پشتێنی سەلامەتی بۆ کرێکارەکان دابین کردووە، بەڵام کە خۆی بەکاری نەهێنێت چی لێبکەم".

گیان لەدەستدانی کرێکاران بەهۆی کارەکانیانەوە و بەتایبەتیش ئەوانەی نیشتەجێی هەرێمی کوردستان نین، بەبێ رێکارە یاساییەکان تێناپەڕن، بە گوتەی سەرۆکی لقی سلێمانی سەندیکای کرێکاران، هەر کرێکارێک لە شوێنی کاردا و بە هەر هۆکارێک گیانی لەدەستدا، ئەوا کەسی یەکەمی دەتوانێت سکاڵا تۆمار بکات، ئەگەرنا سەندیکای کرێکارانی بیناسازی سکاڵا تۆمار دەکەن.

زۆربەی ئەو کرێکارانەی لە شوێنی کاردا گیانیان لەدەستداوە، لە دادگا دۆسیەیان بۆ کراوەتەوە، بەڵام عوسمان دەڵێت "تاوەکو ئێستا هیچ خاوەنکارێک سزا نەدراوە، ئەوەش بەهۆی رێککەوتنی خاوەنکار و کەسوکاری کرێکارەکە و قەرەبووکردنەوەیان. بۆ نموونە خێزان هەبووە لەلایەن خاوەنکارەوە بە پەنجا هەزار دۆلار قەرەبوو کراوەتەوە".

وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی ئاگاداری رووداوەکان و گیان لەدەستدانی کرێکاران و تێبینییان لەسەر شوێنی کارەکان هەیە. نەزمی موسا، جێگری بەڕێوەبەری گشتی کار و دەستەبەری کۆمەڵایەتی دەڵێت، پاراستنی کرێکار دوو لایەنیە، لەسەر خاوەنکار پێویستە پێداویستییەکانی سەلامەتیی کار بۆ کرێکارەکان دابین بکات و لەسەر کرێکاریش پێویستە پابەندی ئەو مەرجانە بێت، بەڵام هەندێجار هیچیان پابەند نابن.



(فۆتۆ: سێڤان محەمەد سەلیم)

## قەناسێکی ئەمریکی بۆ (ڕووداو):

# نێربازی لەنێو سوپای عێراق بەربڵاوە

سوپای عێراق لە پۆلیسەکەی باشترە، بەڵام ئەوانیش گوێڕایەڵ نین

**ڕائید ئەسعەد**
**ڕووداو- هەولێر**

ریچ بلاکبێرن، 26 ساڵ، سەربازێکی ئەمریکییە و لە ویلایەتی مسیسیپی لەدایک بووە. پاش هێرشەکانی 11ی سێپتەمبەر پەیوەندی بە سوپای ئەمریکاوە کردووە و لە ریزەکانی مارینزدا وەک قەناس لە عێراق و ئەفغانستان لە ساڵانی 2008 و 2009دا خزمەتی کردووە. بلاکبێرن لە شەواندا چاودێریی شەقامەکانی دەکرد بۆ ڕێگرتن لەو کەسانەی دەیانویست بۆمب بچێنن. ڕۆژێک لە عێراق دەبنە ئامانجی قەناسی چەکدارێک لە بنکە سەربازیەکەیاندا. یەکێک لە مارینزە هاوڕێکانی بەردەکەوێت و بەسەختی بریندار دەبێت، بلاکبێرن رزگاری دەکات و مەدالیای هێزی دەریایی مارینزی پێدەبەخشرێ. ئەو سەربازە بەشداری مەشقپێکردنی سوپا و پۆلیسی عێراق بووە و شاهیدی هەندێک کێشەی نێو سوپا و پۆلیسی عێراق بووە کە لەم هەڤپەیڤینەدا لەگەڵ (ڕووداو) باسیان دەکات.

## پێشمەرگە هێزێکی پاڵەوان و ئازان

## پۆلیسی عێراقی نوکتەن



## سەربازێکی عێراقی دەیویست دەستم بۆ درێژ بکات

**ڕووداو: چۆن بوویتە قەناس؟**

**بلاکبێرن:** لە ناوچەیەکی شێوە گوندنشین گەورە بووم لە باشووری ئەمریکا. لەوێ خەریکی ڕاوکردن و ڕاوە ماسی بووم. ساڵی 2007 کە تەمەنم 19 ساڵ بوو، ئەوکاتەی ئەمریکا بڕیاری ناردنی سەربازی زیاتری بۆ عێراق دا، پەیوەندیم بە سوپاوە کرد.

**ڕووداو: بۆچی بڕیارت دا پەیوەندی بە سوپاوە بکەی؟**

**بلاکبێرن:** لەڕاستیدا، هێشتا 11ی سێپتەمبەرم لەیادبوو، ئەوە زۆر ڕوون بوو لەبەرچاوم و هەروەها باوکم لە هێزی ئاسمانیی ئەمریکادا خزمەتی کردبوو. هەموو ئەوانە ڕۆڵیان گێڕا لە بڕیارەکەم دا.

**ڕووداو: پلەی سەربازیی ئێستات و بەشەکەت چییە؟**

**بلاکبێرن:** لە بەتالیۆنی یەکی مارینزی سێ بووم. لە پلاتوونی 13ی قەناس بووم.

**ڕووداو: پلاتوونی قەناس؟**

**بلاکبێرن:** چاودێریی ئامانجە دیاریکراوەکان، ئەوە پێناسەیەکی ڕاستە بۆ پلاتوون (بە زەردەخەنەوە)

**ڕووداو: بۆچی قەناست هەڵبژارد؟**

**بلاکبێرن:** تاقیکرابوومەوە بۆ قەناس و لە کۆتاییدا چوومە پلاتوونەکە.

**ڕووداو: کەواتە حەزی خۆت بوو ببیتە قەناس؟**

**بلاکبێرن:** بەڵێ. لەوکاتەدا فیلمی (قەناس) تازە لە ئەمریکا دەرچوو بوو، هەستم کرد کە فیلمێکی زۆر سەرنجڕاکێشە. جگە لەوەش هەموو ژیانم هەر خەریکی ڕاوکردن بووم. ئەوەش کاریگەری هەبوو.

**ڕووداو: چەندجار بە خزمەتی سەربازی چوویتە دەرەوە؟**

**بلاکبێرن:** دووجار، جارێک لە عێراق و جارێکیش لە ئەفغانستان.

**ڕووداو: هیچ شتێکی سەرنجڕاکێشت بەسەرهات لە عێراق؟**

**بلاکبێرن:** بەڵێ، بۆمبی زۆر هەبوون دەچێنران لە ڕۆخی شەقامەکان. ئەوە سەرەکیترین شت بوو کە دەبوو چاودێریم بکردایە. جارێکیان بۆمبێک لە ڕۆخی جادەکە بە ئۆتۆمبێلەکەماندا تەقییەوە و تایەی دواوەی تەقاند.

**ڕووداو: لە کوێ؟**

**بلاکبێرن:** میشیگن.

**ڕووداو: میشیگن؟**

**بلاکبێرن:** بەڵێ، شەقامەکان بۆ من جیاوازن لە شەقامەکان لای تۆ، چونکە شەقامەکان بۆ من زاراوەی سەربازین.

**ڕووداو: ئەوە سەرنجڕاکێشترین شت بوو؟**

**بلاکبێرن:** نا، نا. هەر لەوێ ژیانی هاوڕێیەکی مارینزم ڕزگار کرد کە زۆر شانازی پێوەوە دەکەم.

**ڕووداو: ئەوە چۆن ڕوویدا؟**

**بلاکبێرن:** بەر فیشەکی قەناسێک کەوت لە بنکە سەربازییەکەماندا. خەریکی ڕاکێشانی وایەر بووین. پێشبینی ئەوەمان نەکرد. دەمزانی ئەو هەستە چۆنە کە لە لایەکەی دیکەدا بیت. ئەوە ترسناکترین شت بوو کە بەسەر من هاتبێت.

**ڕووداو: چیت کرد کاتێک هاوڕێ مارینزەکەت بەرکەوت؟**

**بلاکبێرن:** خەریکی ڕاکێشانی وایەر بووین لەسەر دیوارەکە. لەناوەڕاستی ئەو دیوارەدا بینراین. دیوارەکە سێ میل درێژ بوو، لە ناوەڕاستی دیوارەکەدا لێیاندا، تەنیا شوێنی دەربازبوون لە دەرگای باشووری دیوارەکەوە بوو، بەڵام ئێمە لە بەشی باکوور بووین. گیرمان خوارد. کەوتینە تەڵەکەوە. هاوڕێ مارینزەکەم کەوتە بەشی دوژمنەوە. دەمزانی ئەوە کاری قەناسە و دەشبوو بچمە ئەودیوی دیوارەکە. بەسەر دیوارەکەدا سەرکەوتم و دەستمکرد بە فڕێدانی گونیەی پڕ لە خۆڵ بەسەر دیوارەکەدا تا بەردەمی بە گونیەی خۆڵ بەرزبکەمەوە، لە ئەنجامدا توانیمان یارمەتی بدەین. خوێن بەربوونەکەیمان ڕاگرت و ژیانیمان ڕزگار کرد.

**ڕووداو: پەیوەندیت لەگەڵ ئەو سەربازە ماوە کە ژیانیت ڕزگار کرد؟**

**بلاکبێرن:** بەڵێ، هێشتا قسە دەکەین. من مەدالیای هێزی دەریایی مارینزم وەرگرت. ئەویش مەدالیای دڵی ئەرخەوانی لەلایەن سەرۆک جۆرج بوشەوە وەرگرت.

**ڕووداو: ئەوانەی دەبنە قەناس قوربانییەکانیان دەژمێرن؟**

**بلاکبێرن:** بەڵێ دەیژمێرن. ئەوە لە مێژووەوە هاتووە. بەڵام لەو بڕوایەدا نیم کە ئەوە شتێکی زۆر گەورە بێت ئەمڕۆ. وەک کارلۆس هاتهاک و وایت فێزەر، ئەو پیاوە بوو کە پرۆگرامی قەناس بەدەستی دروستکرد لە ڤێتنام. لەوکاتەدا، قوربانیەکانیان دەژمارد. ژمارەی کوژراوەکانی کارلۆس 93 بوو، ئەو باوکی پرۆگرامی قەناس بوو.

**ڕووداو: تۆ قوربانیەکانت دەژمێری؟**

**بلاکبێرن:** بەڵێ. ئەو کەسانە دەژمێری کە تەقەیان لێدەکەی، ناتوانی بەدڵنیاییەوە بزانی چەند کەست کوشتووە. تەقەم لە خەڵکێکی زۆر کردووە، بەڵام چەندیانم کوشتووە ئەوە نازانم.

**ڕووداو: هەستت چۆنە کاتێک کەسێک دەکوژی؟ ناڕەحەت دەبی؟**

**بلاکبێرن:** بەڵێ، بەڵام دەبێت بیر لەوەش بکەیتەوە کە چەند مارینزت ڕزگار کردووە بە کوشتنی ئەو کەسەی بە نیازە هەموو ئۆتۆمبێلە سەربازییەکان بتەقێنێتەوە.

**ڕووداو: کاتێک قەناس بەدەستێک شوێنێک دەکاتە ئامانج، ئایا فەرمانی ئەوەیان هەیە دەستبەجێ بیکوژن؟**

**بلاکبێرن:** نەخێر، عادەتەن هەوڵ دەدەین دەستبەسەری بکەین. نامانەوێت تەقەی لێبکەین. کوشتن دوا شتە.

**ڕووداو: هاوڕێ سەربازەکانت لە یادە؟**

**بلاکبێرن:** بەڵێ بێگومان، ڕەنگە ئەوە قورسترین شت بێت. لەو بڕوایەدا نیم کە هەرگیز هاوڕێ و هاوسەنگەرم هەبێت وەک ئەو کوڕانە، چونکە پێکەوە بە ناڕەحەتی زۆردا دەڕۆن، بەتایبەت ئەگەر لە هەمان گرووپ و هەمان نەوە بن. من تاوەکو ئەمڕۆش هاوڕێیەتیم هەیە لەگەڵیان. عادەتەن پێکەوە دەڕۆینە شوێنەکان.

**ڕووداو: چەند لە عێراق مایتەوە؟**

**بلاکبێرن:** نزیکەی حەوت مانگ.

**ڕووداو: پەیوەندیت لەگەڵ خەڵکی ئەوێ چۆن بوو؟**

**بلاکبێرن:** پەیوەندی فراوانم هەبوو، پەیوەندی باشمان لەگەڵ پۆلیس و سوپای عێراق هەبوو، فێرمان دەکردن و لەگەڵ خۆمان دەمانبردنە دەرەوە بۆ دەوریات.

**ڕووداو: تێڕوانینت چییە لەسەر پۆلیسی عێراق؟**

**بلاکبێرن:** (هەناسەیەکی قووڵ) بەبڕوای من زۆر خراپ بوون.

**ڕووداو: بۆچی؟**

**بلاکبێرن:** هەموومان کاتێک دادەنیشتین و بیرەمان دەخواردەوە، دەمانپرسی بۆچی ئەوەندە خراپن، وەڵامی ئەو پرسیارەمان پێنەبوو.

**ڕووداو: ورەیان نەبوو؟**

**بلاکبێرن:** نەخێر ورەیان نەبوو. زۆر لە دواوە بوون، تێناگەن.

**ڕووداو: ئەی سوپای عێراق؟**

**بلاکبێرن:** سوپای عێراق باشتر بوون لە پۆلیس. پۆلیسی عێراق نوکتە بوو. سوپای عێراق کەمێک باشتر بوو، بەڵام هێشتا ئەوانیش مەشقی زۆریان پێویستە.

**ڕووداو: شارەزا نەبوون؟**

**بلاکبێرن:** گوێڕایەڵ نین. بەگوێرەی فەرمانەکان ناڕۆن. هەروەها زۆر خەریکی نێربازین.

**ڕووداو: نێربازی؟**

**بلاکبێرن:** بەڵێ. لە ئەفغانستانیش هەروابوو. ڕەنگە لە ئەفغانستان خراپتر بێت.

**ڕووداو: مەبەستت ئەوەیە لەکاتی خزمەتی سەربازیدا؟**

**بلاکبێرن:** بەڵێ، بەڵێ. تەنانەت سەربازێکی سوپای عێراق جارێک هات و هەوڵی دا دەستم لێبدات و پێمگوت دووربکەوە.

**ڕووداو: بە بڕوای تۆ بۆچی سوپای عێراق لە مووسڵ هەرەسی هێنا، لەکاتێکدا ئەم هەموو چەک و هامڤیانەیان هەبوو؟**

**بلاکبێرن:** منیش سەرم لەوە سوڕما، چونکە ئەو چەکانەی پێویستیانە بۆ سەرکەوتن پێماندابوون. بەڵام ڕەنگە داعش خۆی خزاندبێتە نێو ڕیزەکانی سوپاوە، ئەوە بە ئاسانی دەکرێت. کاتێک من لەگەڵ پۆلیسی عێراقی بووم بە جلوبەرگی پۆلیسی عێراقەوە هێرشیان کردینە سەر. یان هێرشبەران پۆلیس بوون و دەبوونە لایەنگری چەکدارەکان.

**ڕووداو: کە لە عێراق بووی هەلی ئەوەت هەبوو پێشمەرگە بناسی؟**

**بلاکبێرن:** نەخێر، هیچ پێشمەرگەیەکم نەناسی.

**ڕووداو: لە تیڤییەکان هەواڵ لەبارەی پێشمەرگە دەبینی، تێڕوانینت چۆنە لەسەر ئەوان؟**

**بلاکبێرن:** هەمیشە شتم دەربارەی پێشمەرگە بیستووە. ئەوان هێزێکی زۆر باشن و پاڵەوان و شەڕکەرن. ئەوان ئەمریکایان خۆشدەوێ و ئەمریکاش ئەوانی خۆشدەوێ چونکە جەنگاوەرن. ئەوان بەرەنگاری دوژمنەکانیان دەبنەوە. ئەوە شتێک بوو کە سوپای عێراق نەیبوو، ئەوەش زۆر ناڕەحەتی دەکردین: ورەو ئازایەتییان نەبوو. نوکتە بوون. بەبڕوای من پێشمەرگە ئازان و لە پێناوی خاکەکەیان شەڕ دەکەن.

# لیبراڵەکانی کەنەدا بەڵێنێکی مەترسیدار لە دژی کورد دەدەن



**ڕووداو- تۆرانتۆ**

کۆمەڵێک لە ڕێکخراوە کوردیەکانی کەنەدا پرۆتستۆی بەڵێنێکی جەستن ترودوسی سەرۆکی پارتی لیبراڵی کەنەدا دەکەن کاتێک گوتی ئەگەر پارتەکەی لە هەڵبژاردنەکانی مانگی تشرینی یەکەمی ئەمساڵ بیباتەوە، ئەوا کۆتایی بە هاوکارییە سەربازییەکانی لە دژی دەوڵەتی ئیسلامی ناسراو بە (داعش) دێنێ.

لە بەیاننامەی ڕێکخراوی (یەک جیهانی ئازاد) کە لەلایەن 12 ڕێکخراوەوە ئیمزا کراوە و چواریان کوردن، هاتووە "بەبێ هاوکاری سەربازیی کەنەدا و وڵاتانی هاوپەیمان، توانای هێزە کوردییەکان بۆ ڕاگرتنی پێشڕەوییەکانی داعش لاواز دەبێت و دەبێتە هۆی کوژرانی ژمارەیەکی زیاتری مەسیحی و کوردی ئێزدی".

بەیاننامەکە پلانەکەی جەستن ترودوس بۆ تەرکیز خستنە سەر هاوکاریی مرۆیی لە شەڕی دژی داعش بە "ناشارەزا" دەزانێ و دەڵێ پلانی لەو جۆرە جیهان دەکاتە شوێنێکی مەترسیدارتر.

لە چاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ کەناڵی CBCی کەنەدا، سەرۆکی پارتی لیبراڵ گوتی ئەگەر لە هەڵبژاردنەکەی مانگی تشرینی یەکەمی ئەمساڵ سەرکەوتوو بێت، حکومەتەکەی کۆتایی بە هێرشە ئاسمانییەکانی دەوڵەتەکەی لەدژی داعش لە عێراق و سووریا دەهێنێ و فڕۆکە شەڕکەرەکانی وڵاتەکەی کە بە CF 18ناسراون و ساڵی ڕابردوو نێردران بۆ عێراق، دەکێشێتەوە.

لەبەرامبەردا بەڵێنی دا ژمارەی ڕاوێژکارە سەربازییەکان بۆ مەشقپێکردنی هێزە عێراقیەکان لە شەڕی دژ بە داعش زیاد بکات. ئێستا 69 ڕاوێژکاری سەربازیی کەنەدی لە هەرێمی کوردستانن و کار لەگەڵ هێزەکانی پێشمەرگەدا دەکەن.

سەرۆکی پارتی لیبراڵ گوتی "سوپای کەنەدا بەوشێوەیە بەکاردەهێنین کە توانایەکی زۆر باشیان نیشانداوە لە ئەفغانستان و شوێنەکانی دیکە، ئەویش مەشقپێکردنی هێزە ناوخۆییە شەڕکەرەکانە".

بەڵام لە بەیاننامەکەیاندا، کورد و پەنابەرانی نەتەوەکانی دیکە دەڵێن ڕاگرتنی چالاکی سەربازیی کەنەدا مەترسی بۆ سەر کەنەدا و ناوچەکە دەبێت "پاشەکشەکردن و هەڵهاتن لەم شەڕە گرنگە هەڵەیە و ترسناکە".

هەر لە بەیاننامەکەدا هاتووە "داعش چەندینجار گوتوویەتی کە کەنەدا و کەنەدیەکان دەکەنە ئامانج. شکستهێنان لە شەڕکردن لە دژی داعش لەو شوێنانەی ئەمڕۆ هەن، نەک تەنیا ڕێگەیەک دەکاتەوە بۆ وێرانکاری لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، بەڵکو مەترسی و هەڕەشەش لەسەر خاکی کەنەدا زیاد دەکات".

بەیاننامەکە هۆشداریشی دا لە ئاساییکردنەوەی پەیوەندیەکانی کەنەدا لەگەڵ ئێران وەک ئەوەی لە سیاسەتەکانی دەرەوەی ترودوسدا ئاماژەی پێکراوە.

لە بەیاننامەکەدا کە لەلایەن چەند گرووپێکی ئێرانی و مەسیحیەوە ئیمزاکراوە، هاتووە "تۆماری خراپی ڕژێمی ئێران لە پێشێلکاریی مافەکانی مرۆڤدا لە دژی بەهاییەکان و جولەکە و مەسیحیەکان و خەڵکانی هاوڕەگەزباز و زیندانیە سیاسییەکان و کەمینەکانی دیکە، نابێت بە ئاساییکردنەوەی پەیوەندیەکان پاداشت بکرێت".

حکومەتی ئێستای ستیڤن هارپەری پارتی پارێزگاران لە ساڵی 2012 باڵیۆزخانەی وڵاتەکەی لە تاران داخست و هەموو دیپلۆماتکارە ئێرانییەکانی لە ئۆتاوا دەرکرد.

لە چاوپێکەوتنەکەیدا لەگەڵ کەناڵی CBC، ترودوس گوتی "هیوادارم کەنەدا بتوانێ دووبارە پەیوەندییە دیبلۆماتیەکانی ئاسایی بکاتەوە. بە تێگەیشتنی من، نیگەرانیی ئەمنی هۆکاری داخستنی باڵیۆزخانەکەمان بوو، بەڵام دڵنیام کە ڕێگا هەیە بۆ دووبارە کردنەوەی."

بەیاننامەکەی یەک جیهانی ئازاد دەڵێ "دووبارە دەستپێکردنەوەی پەیوەندی دیپلۆماتی لەگەڵ ئێران، تەنیا دەبێتە هۆی هاندانی زیاتری مەلا توندڕەوەکانی ئەو وڵاتە لە بەردەوامبوونی حوکمی دڕندانەیان لەسەر گەلانی ئێران، لەکاتێکدا پێویستییەکی زۆریان بە بووژانەوە هەیە بەهۆی گەمارۆ ئابوورییەکانی سەر وڵاتەکەیانەوە".

ژمارەی سەردانیکەران بۆ 50% دابەزیوە

# رەمەزان نەخۆشخانەکانی کوردستان چۆڵ دەکات

سەروەر سالار
رووداو- سلێمانی

بەپێی بەدواداچوونێکی (رووداو)، لە رۆژانی رەمەزاندا ژمارەی ئەوانەی سەردانی یەکە تەندروستییەکان دەکەن بە رادەیەکی بەرچاو کەم بووەتەوە لەچاو پێش رەمەزان.

هەندێک لە پزیشکەکان ئەمە بۆ سوودە مەعنەوییەکانی رۆژوو دەگێڕنەوە، بەڵام هەندێکی دیکەیان دەڵێن ئەمە ئەو راستییە دەردەخات کە ژمارەیەکی بەرچاوی خەڵکی بەبێ ئەوەی پێویستیان بە سەردانی پزیشک بێت، لە رۆژانی پێش رەمەزاندا سەردانی نەخۆشخانەکان و یەکە تەندروستییەکانیان کردووە.

کاتێک سەردانی (سەنتەری رۆماتیزم و راهێنانی پزیشکی) مان کرد، تەنیا نەخۆشێک چاوەڕێ بوو بچێتە ژووری بۆ لای پزیشک. ئەو کارمەندەی رۆژانی دیکە گەلێک سەرقاڵ بوو بە رێکخستنی ریزی نەخۆشەکان لەبەردەم ژوورەکەدا، گوتی "هەر رەمەزانمان هەیە پشووی تێدا بدەین".

ئەو نەخۆشانەی سەردانی سەنتەرەکە دەکەن، زیاتر تووشبووانی ئازاری ئێسک و جومگە و ماسولکەکانن کە پەیوەندییەکی راستەوخۆیان بە خواردن و خواردنەوەوە نییە.

بەشی ئاماری سەنتەرەکەش بە داتاوە روونی دەکەنەوە کە ژمارەی نەخۆشەکانیان لە رەمەزاندا کەمتر بووە. رابەر عەونی، بەرپرسی یەکەی ئاماری سەنتەرەکە، بە بەراوردکردنی ئاماری 10 رۆژی



پێش رەمەزان و 10 رۆژی یەکەمی رەمەزان بۆ (رووداو) گوتی "پێش رەمەزان رۆژانە بە تێکڕا 88 نەخۆشمان هەبووە، بەڵام لە رەمەزاندا ژمارەکە بۆ 44 دابەزیوە، واتە بەڕێژەی 50%".

رابەر دەڵێت هەموو رەمەزانێک هەست بەو جیاوازییە دەکەین و دوای تەواوبوونی مانگەکەش، ژمارەکان دیسان وەکو پێش رەمەزان بەرز دەبنەوە.

بەو پێیەی ژمارەیەکی بەرچاوی سەردانیکەرانی سەنتەرەکە ئەوانەن کە بەشێوەیەکی رێکوپێک ناچارن بچن بۆ وەرگرتنی دەرمانە درێژخایەنەکانیان، ژمارەی ئەو کەسانەی بۆ نەخۆشیی رۆژانە و سادە سەردان دەکەن، لە رەمەزاندا کەمترە لە 50%ی کاتە ئاساییەکان.

دکتۆرە نەهلە مەحموود، پزیشکی پسپۆڕی چاو لە قەزای هەڵەبجەی تازە، کە لەکاتی ئامادەکردنی ئەم راپۆرتەدا سێ کاژێر بەسەر دەستپێکردنی دەوامی فەرمیی مەڵبەندە تەندروستییەکەیان تێپەڕیبوو، بە (رووداو)ی گوت "ئەمڕۆ تەنیا دوو نەخۆش هاتوون، لەکاتێکدا پێش رەمەزان ئەم کاتانە بواری ئەوەمان نەبوو قومێک ئاو بخۆینەوە".

بە لێکدانەوەی دکتۆرە نەهلە، ئەو جیاوازییە دەرخەری ئەو راستییەیە کە ژمارەیەکی بەرچاوی خەڵکی بەبێ ئەوەی پێویست بکات، لە کاتە ئاساییەکاندا سەردانی یەکە تەندروستییەکان دەکەن.

## هۆکارەکان چین؟

بە بڕوای پسپۆڕێکی بواری پزیشکیی کۆمەڵ، هۆکارەکانی ئەم دیاردەیە تەنیا لە یەک خاڵدا کورت ناکرێنەوە. د.عەبدولفەتاح حەمەڕەحیم هەورامی، هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرا لە پزیشکیی کۆمەڵ و مامۆستای زانکۆی سلێمانی بە (رووداو)ی گوت "لە بەشێکی زۆری خەڵکیدا، رۆژوو هێزێکی مەعنەوی دەداتە مرۆڤ کە وای لێدەکات بەرگەی ئازار و ناڕەحەتییە سادەکان بگرێ، بەڵام لە کاتە ئاساییەکاندا بۆ بچووکترین حاڵەتی نائاسایی روو لە یەکە تەندروستییەکان دەکات کە ئەمەی دووەمیان شێوازێکی هەڵەیە".

د.عەبدولفەتاح دەڵێت پێویستە خەڵکی لە کاتە ئاساییەکانیشدا بۆ هەموو حاڵەتێکی سادە دەست بە خواردنی دەرمان نەکەن "دەرمان تەنیا کاتێک بەکاردەهێنرێت کە کاریگەرییە نەرێنییەکانی ئازار و ناڕەحەتییەکە لە زیانە لاوەکییەکانی دەرمانەکە زیاتر بن".

پزیشکێکی پسپۆڕی دەروونی دەڵێت لە رەمەزاندا نەک هەر نەخۆشخانە و مەڵبەندە تەندروستییە حکومییەکان، بەڵکو کلینیکە تایبەتییەکانی ئێوارانیش چۆڵن.

د.رێبوار حەمەغەریب، هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرا لە نەخۆشییە دەروونییەکان بە (رووداو)ی گوت "لە رەمەزاندا زیاتر ئەو نەخۆشانە روو لە دامەزراوە تەندروستییەکان دەکەن کە بەڕاستی پێویستیان بە چارەسەرە، بەڵام لە کاتە ئاساییەکاندا زۆرکات بێئەوەی پێویست بکات گوشار لەسەر ئەو دامەزراوانە دروستدەکەن".

د.رێبوار دەڵێت کاریگەرییە رۆحییەکانی رەمەزان لە رێگەی ئارامکردنەوەی دەروونی و بەهێزکردنی هەستی خۆکۆنترۆڵکردنەوە، جارێکی دیکە جەخت لەسەر ئەو راستییە دەکەنەوە کە رۆح و دەروونێکی ئارام گرنگن بۆ هەستکردنی خەڵکی بە تەندروستیی جەستەیی.

سەبارەت بەوەی کە ئەگەر وایە بۆچی پزیشکەکان دەرمان بۆ ئەوانە دەنووسن کە سەردانی یەکە تەندروستییەکان دەکەن، لەکاتێکدا زۆر لە حاڵەتەکان بە رێوشوێنی نادەرمانیش باش دەبن؟ د.رێبوار دەڵێت "لە وڵاتی ئێمەدا پزیشک دەزانێ ئەگەر ئەو دەرمانێکی سادە بە نەخۆشێک نەدات بۆ حاڵەتێکی سادە، ئەوا بە ئاسانی لە دەرەوە دەرمانێکی دیکە دەکرێت کە رەنگە زیانەکانی زۆر زیاتر بن و بۆ حاڵەتەکەش ئەوەندە گونجاو نەبێت".

# ئەو پشکنینانەی پێویستە ژنان بیانکەن

رووداو- دەیلی مەیل

هەر لە تەمەنی منداڵییەوە تا دەگەیتە 90 ساڵ، بەپێی قۆناغەکانی تەمەن هەندێک پشکنین بۆ کچان و ژنان پێویستن تاوەکو لە چەندین حاڵەتی مەترسیدار بەدووربن.

### 1 - تەمەنی 18-12 ساڵ:

لە تەمەنی 12 ساڵیدا زۆربەی کچان نیشانەکانی پێگەیشتنیان لێ دەردەکەوێ، لە تەمەنی 13 ساڵیشدا سووڕی مانگانەیان دەستپێدەکات، بەڵام بەگشتی ئەو رووداوانە ئاساییە بکەونە هەر تەمەنێک لەنێوان 11-15 ساڵی. ئەگەر تاوەکو تەمەنی 15 ساڵی ئەو نیشانانە دەرنەکەوتن، دەبێت راوێژ بە پزیشک بکرێ.

هەروەها زۆر گرنگە لەم تەمەنەدا پشکنین بۆ چاو و ددانەکانتان بکەن و بەپێی خشتەیەکیش دووبارەیان بکەیتەوە. لەوانەش گرنگتر کوتانە. جگە لە کوتانە ئاساییەکان، ئێستا لە زۆربەی وڵاتانی پێشکەوتوو کوتانی HPV هەیە لەدژی بالووکەی ئەندامانی زاوزێ و شێرپەنجەی ملی منداڵدان.

### 2 - تەمەنی 24-18 ساڵ:

پشکنین بۆ ئەو نەخۆشییانەی لە رێگەی سێکسەوە دەگوازرێنەوە: هەرچەندە ئەمە زیاتر بۆ ئەو کۆمەڵگایانە گرنگە کە خەڵکی سێکس لەگەڵ زیاتر لە کەسێک دەکەن، بەڵام هیچ زیانێک ناکەیت ئەگەر پشکنینەکان بۆ هەریەکە لە پیاو و ئافرەت بکرێن، چونکە تووشبوونی کەسێکیان، ئەوی دیکەش تووش دەکات.

مەرجیش نییە کە کەسێک یەکێک لە نەخۆشییەکانی هەبوو تەنیا لە رێگەی سێکسەوە تووشی بووبێت، بەڵکو هەوکردنی جگەر و ئایدز دەکرێ لە رێگەی خوێن و نێوەندەکانی چارەسەری ددان و تەنانەت گوێزانی سەرتاشخانەکانیشەوە بگوازرێنەوە و دواتر لە رێگەی سێکسەوە بۆ کەسی بەرامبەریش بگوازرێنەوە.

### 3 - تەمەنی 39-25 ساڵ:

- راوێژ بە پزیشک و نێوەندە پسپۆڕییەکان بکە سەبارەت بە گۆڕینی تەندروستانەی ژیان و رووکردنە وەرزش و خۆراکی تەندروست. چونکە رێگاگرتن لە قەڵەوی و شەکرە و نەخۆشییەکانی دڵ ئاسانترە لەم تەمەنەوە دەستپێبکرێن.
- راوێژ بە پزیشک بکە سەبارەت بە نیشانەکانی شێرپەنجەی مەمک و چۆنێتی پشکنینیان لەلایەن خۆتەوە. چونکە شێرپەنجەی مەمک بڵاوترین جۆری شێرپەنجەی ژنانی خوار تەمەنی 40 ساڵییە.
- پشکنینی ملی منداڵدان: بە راوێژ لەگەڵ پزیشکی ژنان و منداڵبوون هەر 3-5 ساڵێک ئەنجامی بدە بۆ دەستنیشانکردنی هەر نیشانەیەکی سەرەتایی شێرپەنجەی ملی منداڵدان. پشکنینەکە بە وەرگرتنی نموونەیەک دەکرێت لە رووپۆشی ملی منداڵدان.



- ئەگەر دەرمانی دژە دووگیانی بەکاردەهێنی، زۆرتر سوور بە لەسەر چاودێریکردنی کێش و پێوانی فشاری خوێن.
- ئەگەر لەسووڕی مانگانەدا خوێنێکی زۆرت لێ دەڕوات، پێویستە پشکنینی ئاستی ئاسنی خوێنت بکەی، بۆ ئەوەی رێگا لە کەمخوێنی بگیرێ بە وەرگرتنی دەرمانی ئاسن.
- هەر کاتێک پلانی دروستکردنی منداڵت هەبوو، سەرەتا سەردانی نێوەندێکی تەندروستی بکە تاوەکو رێنمایی پێویستت پێبدەن سەبارەت بە دەرمانی پێویست، رێکخستنی کێش، پێوانی گوشاری خوێن. هەروەک هەر نەخۆشییەکی درێژخایەنت هەبوو، رێنماییت پێبدات سەبارەت بە چۆنێتی بەکارهێنانی چارەسەرەکانیان لەکاتی دووگیانیدا.

### 4 - تەمەنی 60-40 ساڵ:


تەمەنی خەڵکی ئێستا زۆر لە هی سەدەکانی پێشوو درێژترە. بۆ نموونە لە سەدەی هەژدە تێکڕای تەمەنی خەڵکی 40 ساڵ بووە، کەچی خەڵکی ئەم سەدەیە لە تەمەنی 40 ساڵیدا هێشتا گەنجن. ئیدی دەبێت بەشێوەیەکی بەرنامەدار پێوانی گوشاری خوێن و ئاستی شەکر و چەوری خوێن و پشکنینی ئێسک بکەی. هەروەها سێ ساڵ جارێک پێویستت بە ئەنجامدانی مەمۆگرافی هەیە بۆ زوو دەستنیشانکردنی هەر لوویەکی گوماناوی لە مەمکدا.

### 5 - سەروو تەمەنی 60 ساڵ:

هەندێک پشکنینی تایبەت هەن، بۆ ئەم تەمەنە زۆر پێویستترن.

- پشکنینی چاو: پێوانی فشاری چاو بۆ دەستنیشانکردنی نیشانە سەرەتاییەکانی ئاوی رەشی چاو، پشکنین بۆ هەبوونی ئاوی سپی چاو و پووکانەوەی پێکهاتەکانی چاوی پەیوەست بە تەمەن. هەروەک ساڵانەش پشکنین بکرێ بۆ ئەوەی بزانی ئاخۆ پێویست دەکات چاویلکەکەت بگۆڕی یان نا.
- پشکنین بۆ دەستنیشانکردنی پێشوەختەی شێرپەنجەی کۆڵۆن: ئەم شێرپەنجەیە ئەگەر زوو دەستنیشان بکرێت ئەوا چارەسەری سەخت نییە، بەڵام لە ئەگەری دواکەوتنی دەستنیشانکردنەکەیدا چارەسەر لە مەحاڵ نزیک دەبێتەوە و مەترسیدارە لەسەر ژیان.
- بەهۆی نەمانی سووڕی مانگانە و تێکچوونی باڵانسی هۆرمۆنییەوە، لەم تەمەنەدا ئەگەری فشەڵبوونی ئێسک زیاد دەکات. بۆیە گرنگە پشکنینی پێوانی پتەویی ئێسک (دێکسا سکان) بکەیت و بەپێی ئاستی پتەوی و لاوازییەکەی رێنمایی لە پزیشک وەربگری سەبارەت بە وەرزشکردن و وەرگرتنی ئاستی پێویستی کالیسیۆم و ڤیتامین دی یان دەرمانی بەهێزتری چارەسەر.

# مانگی لەدایکبوونت پەیوەندی بە باری تەندروستیتەوە هەیە




رووداو- واشنتن پۆست

توێژینەوەیەک لە ئەمریکا پەیوەندی دۆزییەوە لە نێوان مانگی لەدایکبوونی کەسێک و ئەو نەخۆشیانەی ئەگەری زۆرترە لە ژیانیدا تووشیان ببێت.

گرووپێک لە توێژەرانی ئەمریکی لە زانکۆی پزیشکیی کۆڵۆمبیا توێژینەوەیان لەسەر ملیۆنێک و 700 هەزار کەس کردووە کە لەنێوان ساڵانی 1900- 2000 لەدایک بوون و لە نەخۆشخانەی زانکۆی پزیشکیی کۆڵۆمبیای ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا چارەسەرکراون.

توێژەرەکان دەڵێن بۆیان دەرکەوتووە لەنێوان 1688 جۆری نەخۆشی کە توێژینەوەیان لەسەرکراوە، 55 دانەیان پەیوەندییان هەبووە بە مانگی لەدایکبوونی کەسەکەوە.

بەڵام داواش لە خەڵکی دەکەن بەهۆی مانگی لەدایکبوونەکەیانەوە تووشی دڵەڕاوکێ نەبن، چونکە کارتێکەریی خۆراکی و ژینگەیی و ئاستی وەرزشی کەسەکانیش هۆکاری رێگاخۆشکەرن و مەرج نییە ئەوەی لە مانگێکی دیاریکراودا لەدایک بوو سەت لە سەت تووشی نەخۆشییەکی دیاریکراو ببێت.



دکتۆر ئیکرام حوسێن

# هەرزانی مەکەن با گران نەبێ

دیارە کێ گرانفرۆشی دەکات لە نرخی دەرماندا، کێیە دەرمانی ناپێویست دەنووسێ بۆ نەخۆش، فەرموون زۆر بە ئاسانی پشت ملیان دەگیرێت، سەرەتا نووسینی ناوی کۆمپانیاکان لەسەر رەچەتە قەدەغە بکەن، فرۆشتنی دەرمان بێ رەچەتە و مۆری پزیشکی قەدەغە بکەن، ئەوکات نرخەکەش ئاسانتر رێکدەخرێ.

پێشتر وەزارەتی تەندروستی کە نرخی دەرمانی دیاری کرد، بە زیان لەسەر خەڵکی شکایەوە، نرخەکان گرانتر بوون بە بەراورد لەگەڵ پێشتردا، پێدەچێت ئەمجارەش هەروا بێت، چونکە ئێستا بەهۆی زۆربوونی ژمارەیانەوە کێبڕکێیەکی زۆر هەیە لەنێوان دەرمانخانەکاندا، نرخەکان کەمیان دەچێتە سەر، نرخ بە تەنها کێشە نییە.

بەهۆی کەمیی بەدواداچوونەوە، مۆری کواڵیتی کۆنترۆڵی دەرمان سەرکەوتنی بەدەستنەهێنا، ئەمە وەک ئەوە نییە منداڵەکەت لە قوتابخانە 70 نمرە بهێنێ و ئیتر بڵێی سەرکەوتووە، ئەمە دەرمان و بازاڕ و پارە و تەندروستیی خەڵکە، بازاڕ پڕیەتی لەو دەرمانانەی مۆری کواڵیتی کۆنترۆڵیان پێوە نییە، تا ئەم ساتەش نەمانبیست و نەمانبینی دەرمانخانەیەک سزا بدرێت بە تۆمەتی فرۆشتنی دەرمانی بێ مۆری کواڵیتی کۆنترۆڵ، لیژنەیەکی سێ کەسی هەیە بۆ بەدواداچوونی ئەو کارە گەورەیە، هەر لە خۆیەوە لە نوکتە دەچێت.

250 جۆری دەرمان، ئایا ناوی زانستیی دەرمانەکان رەچاو دەکرێت یان ناوە بازرگانییەکانیان، یان ئەو دەرمانانەی پێداویستی خەڵکین وەک حەبی چارەسەری شەکرە و بەرزیی فشاری خوێن، بۆ نموونە هەر پاراسیتامۆڵ و ئامۆزا و پوورزاکانی زیاتر لە 25 جۆر دەبن، هەر یەکەیان و سەر بە کۆمپانیایەکی دەرمانن و نرخەکەیان لە 250 دینارەوە دەستپێدەکات تا 15 هەزار دینار. دژە بەکتریاکان چەندین جۆریان هەیە، بۆ نموونە سیپرۆدار هیندییەکەی بە 4 هەزارە و تورکییەکەی بە 12 و وڵاتێکی تریش هەیە بە 18، زۆر دوور نەڕۆین، حەبی ئازاری گەدە، ئۆمیپرازۆڵ، لە پێنج هەزار دینارەوە هەیەتی تا 60 هەزار دینار و زیاتریش، دەی پێم بڵێن چۆن نرخەکەی دیاری دەکەن؟ دیارە بەپێی ناوی زانستی ناکرێت، ئەگەر بەپێی بەرهەمی کۆمپانیاکانیش بێت، 250 جۆرەکە وەکو پارە تەبعەکەی جارانی لێدێتەوە، هەر 25 دانەی لێ دەمێنێتەوە.

ئەوەی وەزارەتی تەندروستی و سەندیکای دەرمانسازان و سەندیکای پزیشکان خۆیانی لێ گێل دەکەن، ئەو بێسەروبەرییە لە نووسینی دەرماندا هەیە لەلایەن پزیشکان و هەروەها لە فرۆشتنی دەرماندا لەلایەن دەرمانخانەکانەوە.

خەڵکی دەرمانخوارد بکرێت، خراپترە لەوەی هەزار دینار زیاتری لێوەربگیرێت، خۆ دیارە کام دەرمانخانانە نرخی زیاد دەخەنە سەر دەرمان، ئەوانەن کە لەگەڵ پزیشک رێککەوتنی ژێربەژێریان هەیە، نەخۆش ناچار دەکەن تەنیا لە دەرمانخانەیەکی دیاریکراو دەرمانەکە بکرێت، ئا ئەوە کارەساتە، لە دوای وانیش دەرمانخانەی نەخۆشخانە ئەهلییەکان دێن کە نرخی گران و تایبەت بەخۆیان هەیە.

لە نێو چەندین جۆر دەرمانی نایابی وڵاتانی نایابدا، پزیشکێک هەڵدەستێ دەرمانی کۆمپانیایەکی لاکۆڵان بۆ نەخۆشێک دەنووسێت، ئیتر خۆ دیارە شیرەکە پاک نییە، لە دەرمانخانەکاندا باشترین دەرمانەکان زۆرترین فرۆشیان نییە، بەڵکو ئەو دەرمانانە هەیانە کە نوێنەرەکانیان بەرتیل دەدەنە پزیشکان، رێز و ستایش بۆ ئەو پزیشکانەی بەرتیل وەرناگرن و لە رێڕەوی زانستیی خۆیان لانادەن.

ڕووداو
هەمەجۆر
ژمارە (366) دووشەممە 2015/7/6

## گۆران لە شێرکۆ بێکەسی بردەوە



**پەسار فایەق / ڕووداو- هەولێر**

دەزگای ڕۆشنبیریی جەمال عیرفان پێشبڕکێیەکی بۆ دروستکردنی پەیکەری شاعیرانی کورد گۆران و شێرکۆ بێکەس ڕێکخست و پەیکەرێکی گۆرانی شاعیر لەلایەن دەزگاکەوە پەسەند کرا. ئەو پەیکەرەی پەسەند کرا، لەلایەن پەیکەرساز هاوار عەلی دروستکراوە. هاوار بە (ڕووداو)ی گوت "لەو پێشبڕکێیەدا هەشت پەیکەرساز بە بەرهەمەکانیان بەشداربوون، من بە پەیکەری گۆرانی شاعیر بەشداربووم و وەک بەرهەمی سەرکەوتووی پێشبڕکێیەکە دیاری کرا". ئەم بەرهەمە لە ماددەی قوڕ، گەچ و سلیکۆن دروستکراوە و بەرزییەکەی 60 سەنتیمەترە. ئەو پەیکەرسازە لەبارەی بەرهەمەکەیەوە گوتی "هەندێ هۆکاری تایبەتی هەبوون کە کەسایەتیی گۆران بۆ پرۆژەکەم هەڵبژێرم، گرنگترینیان ئەوەیە کە تاوەکو ئێستا هیچ پەیکەرێک بۆ ئەو شاعیرە دروست نەکراوە". هاوار عەلی خاوەنی چەند پەیکەرێکە کە لە شارەکانی هەولێر، سلێمانی و هەڵەبجە دانراون، لەوانە: پەیکەری عادیلە خانم و کاکەی فەلاح.



# سیریل تەنیا کلیپێک بڵاودەکاتەوە

**دەریاز یونس**
**ڕووداو- هەولێر**

خانمە هونەرمەندی کورد سیریل ڕایگەیاند، تەواوی کارەکانی ئەلبوومی گۆرانییەکەی تەواو کردووە، بەڵام بەهۆی بارودۆخی ئێستای کوردستان بڵاوی ناکاتەوە و لە جیاتی ئەوە تەنیا کلیپێک بڵاودەکاتەوە.

سیریل، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "کارەکانی ئەلبوومەکەم تەواو بووە، بەڵام بەهۆی بارودۆخی ئێستای کوردستان بڵاوکردنەوەیم ڕاگرتووە تا ئەو کاتەی بارودۆخی کوردستان باشتر دەبێت".

سیریل یەکێک لە گۆرانییەکانی نێو ئەلبوومەکەی بەناوی "تۆ نازانی" کلیپ کردووە و بە نیازە لە ئایندەیەکی نزیکدا بڵاوی بکاتەوە.



# ناوەندێکی فاشیۆنی ئیماراتی لە هەولێر دەکرێتەوە

**دەریاز یونس**
**ڕووداو- هەولێر**

خانمە نمایشکاری بەناوبانگ، مریەم ڕۆد کە بەڕەچەڵەک خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە و لە شاری دوبەی لە ئیمارات کاری نمایشی جلوبەرگ دەکات، ڕایگەیاند کە بەنیازە ناوەندێکی نمایشی جلوبەرگی لە هەولێر بکاتەوە.

مریەم ڕۆد بە (ڕووداو)ی گوت "بەنیازی کردنەوەی ناوەندێکی نمایشی جلوبەرگم لە هەرێمی کوردستان. بۆ ئەم مەبەستە لەگەڵ ناوەندی فاشیۆنی مۆدێرن لە شاری دوبەی ڕێککەوتووم".

گوتیشی "لە قۆناغی یەکەمدا بانگەواز دەکەین بۆ ئەو کچانەی دەیانەوێت وەک نمایشکار و مۆدێل دەربکەون، لە دوای چەند تاقیکردنەوەیەک، باشترینەکان هەڵدەبژێرین".

مریەم بەهیوایە تا کۆتایی ئەمساڵ یەکەم نمایشی جلوبەرگی ناوەندەکە لە هەولێر بەڕێوەبچێت.



# سەفین حەمید دەبێتە وانەبێژ

**ڕووداو- هەولێر**

فۆتۆگرافەری کورد سەفین حەمید خولێکی فۆتۆگرافەری بۆ ژمارەیەک چالاکوانی بواری میدیا و کۆمەڵگەی مەدەنی خەڵکی سووریا لە تورکیا بەڕێوەدەبات. خولەکە لەلایەن ڕێکخراوی کۆساڤ ڕێکخراوە و یەکێتیی ئەورووپا سپۆنسەریی دەکات.

سەفین حەمید بە (ڕووداو)ی گوت "خولەکە لەبارەی چەند بوارێکی میدیاییە، لەوانە وێنەی ڕۆژنامەوانی لە ژینگەی مەترسیدار و بەرەکانی جەنگدا".

خولەکە لە ڕۆژانی 22-2015/7/27، لە شاری غازی عەنتاب بەڕێوەدەچێت. پارساڵ هەمان خول لە لوبنان بەڕێوەچووە و سەفین حەمید سەرپەرشتیی بەشی فۆتۆگرافییەکەی کردووە.

سەفین لە ساڵی 1973 لە بەغدا لەدایک بووە، لە ساڵی 1991ـەوە وەک فۆتۆگرافەر کار دەکات و ئێستا زیاتر وەک فۆتۆگرافەری ڕۆژنامەوانی ناسراوە، فۆتۆکانی لە زۆر ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی جیهاندا بڵاوکراونەتەوە و چەند خەڵاتێکی جیهانی و ناوخۆیی بەدەستهێناوە.

# باران لە تورکیا کۆنسێرت دەکات



**ڕووداو- هەولێر**

باران، کچە گۆرانیبێژی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕایگەیاند کە مانگی داهاتوو زنجیرە کۆنسێرتێک لە چەند شارێکی تورکیا ساز دەکات.

باران لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا بە (ڕووداو)ی گوت "مانگی داهاتوو زنجیرەیەک کۆنسێرت لە تورکیا ساز دەکەم کە خۆی لە نزیکەی 13 کۆنسێرت دەدات و کۆنسێرتەکانیش لە شارەکانی ئیستەنبوڵ و ئەنتاڵیا و چەند شارێکی دیکەی ئەو وڵاتە دەبن".

باران لە شاری مەهابادی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەدایک بووە و ئێستا لە کەنەدا نیشتەجێیە. زیاتر بە زمانی ئینگلیزی و فارسی گۆرانی دەڵێت، بۆیە زۆر کەس وا دەزانن فارسە، بەڵام ئەو دەڵێت "من کوردم و خەڵکی شاری مەهابادی ڕۆژهەڵاتی کوردستانم. شانازیش بە کوردبوونی خۆمەوە دەکەم".

# گیتارەکەی مەهاباد لە هەولێر بەجێماوە



**پەسار فایەق**
**ڕووداو- هەولێر**

خانمە گورانیبێژی کورد، مەهاباد ئیبراهیم دەڵێت گیتارەکەی لە شاری هەولێر جێهێشتووە و داوا دەکات بۆی بگەڕێننەوە.

مەهاباد لە ئەکاونتی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک نووسیویەتی، ئامێری گیتارەکەی لە شاری هەولێر جێهێشتووە و چاوەڕێیە کەسێک بۆی بنێرێتەوە بۆ دهۆک.

ئەو خانمە گۆرانیبێژە لە شاری هەولێر لەدایک بووە و لە دهۆک گەورە بووە، بەڵام دواتر لەگەڵ خێزانەی ڕوویان لە ئەمریکا کردووە، دوای چەندین ساڵ ژیانی تاراوگەنشینی، مەهاباد بڕیاری دا بە یەکجاری بگەڕێتەوە کوردستان و ئێستا لە دهۆک نیشتەجێیە.

# لوقمان سەلیم ئەلبوومێک بڵاودەکاتەوە



**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- سلێمانی**

ئەلبوومە نوێیەکەی لوقمان سەلیمی هونەرمەند ئامادەیە و دوای جەژنی ڕەمەزان بڵاوی دەکاتەوە.

ئەلبوومی "بێ تۆیی" لە نۆ بەرهەم پێکهاتووە و دوای دوو ساڵ کارکردن لە ئەلبوومەکەدا، لوقمان سەلیم بڕیاری دا دوای جەژن بڵاوی بکاتەوە.

زۆر لە هونەرمەندان بەهۆی قەیرانی دارایی و شەڕی داعشەوە بڵاوکردنەوەی ئەلبوومیان ڕاگرتووە، لوقمان سەلیم لەوبارەیەوە دەڵێت "ڕاستە قەیرانی دارایی و شەڕ هەیە، بەڵام ناکرێ ئێمەش بەرهەمەکانمان بڵاونەکەینەوە، بەڵکو دەبێت بەهەر شێوەیەک بێت نەوەستین".



# گەڕەکی داهۆڵەکان نمایش دەکرێت

**هیوا سەلاح**
**ڕووداو- هەولێر**

دوای نمایشکردنی لە چەند فێستیڤاڵێکی جیهانی، فیلمی گەڕەکی داهۆڵەکان لە ڕۆژانی جەژنی ڕەمەزاندا لە سینەماکانی هەولێر نمایش دەکرێت.

حەسەن عەلی، دەرهێنەری فیلمەکە بە (ڕووداو)ی گوت "دوای ئەوەی فیلمەکەم لە 18 فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی لە دەرەوەی کوردستان بەشداریی کرد و زیاتر لە 14 خەڵاتی وەرگرت، بڕیارمان دا لە ڕۆژانی جەژنی ڕەمەزاندا لەسەر شاشەی سینەماکانی هەولێر نمایشی بکەین".

گوتیشی "ئەگەر هاوکاری بکرێم، نەک تەنیا لە هەولێر، لە سلێمانی و دهۆکیش لە هەمانکاتدا نمایشی دەکەم".

ئەم فیلمە بەرهەمی بەڕێوەبەرایەتی سینەمای هەولێرە و لە چیرۆکێکی چیرۆکنووسی کورد شێرزاد حەسەن وەرگیراوە.

# بەختی ڕووداو



**ئامادەکردنی: ئایار فەلەکی** ayarfalak@hotmail.com

**کاوڕ**
سەرەتای هەفتە کارەکانت بە زەحمەت بەڕێوەدەچن و پێویستە زیاتر چاوەڕوان بیت، چوارشەممە بۆ دەستکردن بە کاری نوێ باشە. سۆز و بیرکردنەوە لە خۆشەویستی زۆرترین کاتت دەبات.

**گا**
هەتا زیاتر خەم لە شتەکان بخۆی بەدیهێنانی ئاواتەکانت دوورتر دەکەونەوە. گەشبین بە و لەکاتی گفتوگۆدا ڕوویەکی خۆش پێشانی بەرامبەرەکەت بدە. بەهۆی ئارەزووەکانەوە کارەکانت فەرامۆش مەکە.

**جمک**
ئەو کاتەی لە ڕاڕایی دووردەکەویتەوە لە بەختەوەری نزیک دەبیتەوە، هەنگاو بۆ جێبەجێکردنی ئەو کارانە بنێ کە ماوەیەکی درێژە بیر لە ئەنجامدانیان دەکەیتەوە. گۆڕانێک لە ژیانتدا ڕوودەدات کە بەتەواوی هەست بەخۆشحاڵی دەکەی.

**قرژاڵ**
ئەستێرەی مارس لە بورجەکەتدا توانایەکی باشت پێدەبەخشێ، وا باشە ئەو توانایە لە بەرەوپێشبردنی کارەکانتدا بخەیتەگەڕ، نەوەک بێ مەبەست ببێتە هۆی تووڕەکردن و بێزارکردنی چواردەورەکەت.

**شێر**
هەندێک لە گرفتەکان لە شتی سادەوە سەرهەڵدەدەن، بەتایبەتی ئاڵۆزبوونی پەیوەندی خێزانی یان ئەڤینداری، بۆ ئەوەی لە کێشە و ناخۆشی پارێزراو بیت، هێمنیی خۆت بپارێزە، بەردەوام بە لەو هەوڵانەی پەیوەندییان بەدەرامەتەوە هەیە.

**گوڵەگەنم**
لە دڵتەنگییەوە هەنگاو بەرەو ئاسوودەیی دەنێی، گرژی و ناخۆشیەکان ئارام دەبنەوە و دەتوانی بیر لە گەشتێک بکەیتەوە کە ئاسوودەت بکات. لە هەوڵەکانت بۆ دەستخستنی دارایی کەمتەرخەم مەبە.

**تەرازوو**
کاتێک جەستەت ماندوو دەبێت ڕۆحت ئاسوودە دەبێت و لە دوودڵی ڕزگارت دەبێت، کارەکانیشت بەشێوەیەکی باشتر بەڕێوە دەچن. خێرا هەڵچوون هیچ یەکێک لە کارەکانت باش ناکات، بەڵکو هەندێک جار دەبێتە هۆی دروستبوونی گرفتی نوێ.

**دووپشک**
ئەستێرەکەت لەگەڵ تیشکی هەتاو جووت دەبێت، هەوڵ دەدەی هێز و توانایەکی زیاتر بەکاربهێنی بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکانت و لە کۆتاییشدا سەرکەوتوو دەبیت، پێویستە سوپاسی ئەوانە بکەیت کە هاوکاری سەرکەوتنەکانتن.

**کەوان**
لەگەڵ زەحمەتیەکانی ئەم ماوەیەدا خۆڕاگر بە، هەستەکانت بەشێوەیەک دەرببڕە کە نەبێتە هۆی ئازاردانی کەس، هێشتا چەندین بابەتی دیکە هەن دەتوانن ئاسوودەت بکەن، هەوڵ بدە بیاندۆزەرەوە.

**کارژۆڵە**
دەتەوێ کاتێک دیاری بکەی بۆ ئاسوودەیی و حەوانەوە، هەست بەدڵنیایی و بەرەوپێشچوون دەکەی لە کارەکەت. لەم مانگەدا بڕیارێکی گرنگ لەبارەی پەیوەندییەکی خۆشەویستی دەدەی. بۆ بیرۆکەکەت دەتوانی پێشنیاز بۆ کەسێک بکەی.

**سەتڵ**
سەبر کلیلی بەختەوەرییە، لەم ماوەیەدا بیروبۆچوونەکانت زیاتر لە ڕاستییەوە نزیکن و دەتوانی بیانکەی بە کردار. دوای تەواوکردنی هەر قۆناغێک پێداچوونەوە بە کەموکوڕییەکاندا بکە یان هەڵسەنگاندن بۆ کارەکانت بکە.

**نەهەنگ**
ئەم هەفتەیە مانگ لە بورجەکەت دەبێت، بەڕوویەکی خۆش و شیرینەوە مامەڵە لەگەڵ چواردەورەکەت بکە و کێشەکان بە هەڵواسراوی مەهێڵەرەوە، ڕاستەوخۆ لەگەڵ بەرامبەرەکەت دابنیشە و پێشنیازەکانت ئاشکرا بکە.

# جوانیی شیعری نالی



عەبدولخالق یەعقووبی

لەڕاستیدا وەڵامدانەوەی پرسیاری: بۆچی شیعری نالی جوانە؟ ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ دەمانباتە سەر دوو بابەت، پێموایە وەکو دوو کۆڵەکە وان کە بانی شیعری نالی لەسەریان دادەمەزرێ. ئەو دوو کۆڵەکە سەرەکییە یەکێکیان زمانە و ئەوی دیکەشیان مانایە. با لە ماناوە دەستپێبکەین، بەبێ ئەوەی ئەو دەستپێکردنە نیشانەی گرنگیدان بە مانا و پەراوێزخستنی لایەنی زمان بێت.

پێموایە نالی لە جیهانی شیعریی خۆیدا جۆرێک لە ڕچەشکێنی سەبارەت بە گوتاری ئەدەبیی کوردی کردووە، بەو مانایەی کە نالی یەکەمجار لە جیهانی شیعری کوردیدا گوتارێکی دروستکرد، ئەو گوتارە پشتی بە مەعریفە و تێگەیشتنی مرۆڤی کورد بەست، بەڵام ئەمە، کە دواتر دەگەڕێینەوە سەری و دەبێت زۆرتر لێی بکۆڵینەوە، نابێت وای دانێین و هەست بکەین نالی لە بۆشاییەکدا ئەو کارەی کردووە. نالی هیچ کات و هیچ شاعیرێکی تریش لە بۆشایی و بێ زەمینەییدا ناتوانێ لەسەر جیهانی شیعریی خۆی کار بکات و جیهانێکی شیعریی بێ مێژینە و پێشینە ڕووبەڕووی خوێنەری خۆی بکاتەوە.

جیهانی شیعریی نالی سەرڕێژە لەو زەمینە و زمان و مەعریفە و مانایانەی کە نالی پێشتر خوێندبوونییەوە و لەسەر بنەمای ئەوان شیعری خۆی بەرهەم هێنابوو. بۆ نموونە، یەکێک لە گوتارە دیارەکان کە زەمینەی شیعری نالییان پێکهێناوە، گوتاری تێفکرینی ئاینپەروەرانەیە، ئەویش بە حوکمی ئەوەی نالی بۆ خۆی مرۆڤێکی ئاینپەروەر بووە، مرۆڤێکی مەلا و دیناس بووە. بۆیە دەبینی ڕەگەزی ئاین و ئاماژەکردن بەو چەمک و ئیماژانەی کە دواجار ئاخێزگەکەیان ئاینە، لە شیعری نالیدا گەلێ بەرچاو و دیارە. تەنانەت کە نالی دەیەوێت باسی هەستی نیشتمانپەروەریی خۆی بکات، بۆ وێنە، چامە بەناوبانگەکەی کە نامەیەکی نالییە لە غوربەتەوە بۆ سالم دەینێرێ، ڕاستەوخۆ بۆ پرسی غوربەت و دوورکەوتنەوە لە نیشتیمانیش پشتئەستوورە بە کۆمەڵێ چەمکی ئاینی. ئەوە ئەو پانتایی و زەمینە هزری و کولتووری و کۆمەڵایەتییەیە کە نالی تێیدا گەورە بووە و گۆش کراوە، تێیدا پەروەردە بووە. نالی ناتوانێ لە بازنەی ئەم زەمینە مەعریفییە بێتە دەرەوە. لایەنێکی تر لەو لایەنە مەعریفیانەی کە گرێچن و زەمینەی شیعریی نالییان پێکهێناوە و جوانیناسیی شیعری نالی بێگومان بێ گەڕانەوە بۆ ئەو زەمینەیە نەشیاوە، گوتاری شیعری کلاسیکی فارسی و عەرەبییە. بەتایبەتی گوتاری شیعری کلاسیکی فارسی و لە نێو ئەو گوتارەش شیعری حافیز وەک شاعیر و شێوازی هیندی وەک ڕەوتی شیعری. ئەوەمان لەبیر نەچێت و پێموایە کەمتر خوێنەرەوەیەکی کورد ئاگاداری ئەم خاڵەیە کە نالی حافیزناسێکی زۆر گەورە بووە. تەنانەت دەستنووسێکی بڵاونەکراوە و چاپنەکراوی تا ئەم ساتەوەختە هەیە لەسەر شیکاریی شیعرەکانی حافیز. ئەمە تا ئێستا بڵاونەبووەتەوە و من بە شێوەی سافتکۆپی هەمە. نالی بێگومان لە شیعرەکانی خۆیدا، کە من دواتر بە نموونە نیشانی دەدەم، بەردەوام گەڕاوەتەوە سەر ئەو چەمک و دەستەواژە و ئیماژ و بیرۆکانەی کە لە شیعری فارسییەوە وەریگرتوون. بەڵام دواجار توانیویەتی لە پرۆسەیەکی بە زمانی کوردیکردن و بە فیکری کوردیکردندا ئەو چەمکانە تارادەیەکی زۆر لە سروشتی فارسی و عەرەبیبوونیان دابماڵێ و بیکاتە شێوە گوتاری کوردی.

نالی زانیویەتی ناچارە بگەڕێتەوە سەر ئەو تێفکرینەی کە تێیدا پەروەردە بووە و ئەویش لە زۆر بار و بواردا تێفکرینی ئاینی بووە. ناچارە پشت بەو سەرچاوانە ببەستێ کە سەرچاوەی گەورەی خوێندنەوەی بوون. بەڵام لە هەمان کاتدا زانیویەتی کە شاعیرێکی کوردە و بە زمانی کوردی دەنووسێ و ڕووی لە مرۆڤی کوردە. بۆیە زانیویەتی ئەگەر دواجار نەتوانێت تەواوی ئەو چەمک و گوتار و بیرۆکانەی لەو دوو ئاخێزگە گەورەیەی زانایی و شاعیریی خۆی وەریدەگرێت نەکوردێنێ و مۆرکی کوردییان پێوە نەلکێنێ، ئەوە ناتوانێت لە شیعرەکانیدا شتێکی شاز و جوانییەکی تایبەت بخوڵقێنێ، یان بەو جۆرەی خۆی لە دێڕە شیعرێکیدا بە ئاشکرا دەڵێت، بە قووەتی حیکمەت و بە لەفزی کەم و بچووک مەعنایی زۆر و گەورە ئەدا بکات. بۆیە من پێموایە باسکردن لە جوانیی شیعری نالی بەبێ گەڕانەوە بۆ ئەو دوو سەرچاوە گرنگە مەعریفی و جوانیناسانەیە، واتە پەروەردەی ئاینپەروەرانە و شیعری کلاسیکی فارسی و عەرەبی، کە لە ڕاستیدا زمانی نالییان لێوە پاراو بووە و بیچمیان بە جیهانبینیی شیعریی نالی بەخشیوە، کارێکی ئەستەم و هەوڵێکی نەزۆک دەبێت.

بۆ نموونە هەندێک چەمک لە شیعری نالیدا هەن کە نالی بە تێڕوانینێکی ڕەخنەگرانە و پێکهاتەهەڵوەشێنانە بۆ ئەو چەمکانە دەڕوانێت، واتە کۆمەڵێک چەمکی باو باس دەکات کە ئەو چەمکە باوانە لە شیعری نالیدا بە پێچەوانەی باوبوونی خۆیانەوە خۆیان دەردەخەن و نالی لەو ڕێگایەوە جۆرێ لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی مانای نوێ دەخاتە گەڕەوە کە لەگەڵ ئەو فەزا ئاسایی و باوەڕە باوەی سەردەمی خۆی و تێفکرینی نۆرماڵی ئەو کاتی کۆمەڵگەی خوێندەوارانی خۆی یەکناگرێتەوە. هەربۆیە بەجۆرێک زەقکردنەوەیەکی مانایی، یان وردتر بڵێم لادانێکی مانایی دێتە ئاراوە کە ئەو زەقکردنەوە و لادانە دەبێتە هۆی ئەوەی مانای شیعری نالی لای خوێنەرەوەی شیعری کوردی تازە و ناباو بێت. هاوکات لە تێکەڵاویی تازەبوون و چێژبەخشبوون شیعرێکی جوان دێتە بەرهەم کە هەم لە بواری هزریدا وردبینانە و سەرنجڕاکێشە، هەمیش لە پرۆسەی خوێندنەوەدا چێژبەخش و خۆشیهێنە.

ئەگەر زۆر لە بازنەی تیۆریدا نەخولێینەوە و بێینە نێو پانتایی پراکتیکەوە، نالی کۆمەڵێک دێڕەشیعری هەیە کاتێک دەیانخوێنیتەوە، دەبینی یەکەمجار باس لە چەمکێکی باو دەکات و ئینجا لە بەرامبەر ئەم چەمکە باوەدا جۆرێک هەڵوێست وەردەگرێت، وەک بڵێی چەشنێک پەرچەکرداری ڕەخنەگرانە و لەم ڕێگەیەوە پێکهاتەی ئەو چەمکە باوە ئاماژەپێکراوەی خۆی هەڵدەوەشێنێتەوە. بڕوانە ئەم نموونەیە:

**لە سایەی زوڵفی تۆوە شەو درێژە**
**لە سوبح و نووری خورشیدی نەما باس**

ئەگەر ورد سەرنج بدەیت، دەبینی لەم شیعرەدا ئەو شتەی کە چەمکی باوی ڕۆژگاری خۆی بووە و هەروەتر چەمکی باوی جیهانی ئاینپەروەرانە بووە، ئەوەیە کە خورشید و نووری خورشیدی شتێکە دەبێت بایەخی پێ بدرێت. شتێکە سەرچاوەی مەعریفەیە و سەرچاوەی ئیلاهیات و خواناسییە. بەڵام نالی لە گەمەیەکی زۆر زیرەکانەدا دێت زوڵفی یاری خۆی لەگەڵ ئەو نووری خورشیدە دەکاتە دووانە و بە شێوەی پەیوەندییەکی دووانە لێکدژ (opposition bianary) لە بەرامبەر یەکدا دایاندەنێ. نالی دێت ئەو پەیوەندییە دوو لایەنەیە بە شێوە باوەکەی هەڵدەوەشێنێتەوە و سەرەتیدان بە نووری خورشیدی وەردەگرێتەوە و لە دید و تێڕوانینی خۆیەوە گرنگی بە زوڵفی یار دەدات.

نالی ئەم هەڵوەشانەوەیە لە ڕێگەی ئاماژەدان بەشەوی درێژ، کە دەستکەوتێکە لە سایەی زوڵفی ڕەشی یارەوە دەستەبەر بووە، دەخاتە بەرچاوان کە بێگومان تێیدا دەرفەت و دەرەتانی دڵداری پتر و دڵنیایی بەخشترە.

گرنگیی نالی لەوەدایە ویستوویەتی دەقی شاعیرانەی خۆی لەگەڵ ئەو دەقە ئاینیانەی کە پشتی پێ دەبەستێت جیاواز بکات. ویستوویەتی لێرەوە ئەو بابەت و باوەڕەی خۆی لەبەرچاوی خوێنەرەوەکەی زەق بکاتەوە و لە هەمانکاتیشدا، بەبڕوای من، جۆرێک لە دەسەڵاتی شاعیرانەی خۆی بخاتە بەرچاوی خوێنەرەوەکەی. پێموایە ئەگەر سایەی زوڵف زوڵفی ئەڤین بێت، ئەوا درێژیی شەو دەرەتانێکە بۆ عیشقبازی و هەلێکە بۆ دڵداریکردنی عاشقان. کەواتە، سوبح و نووری خورشیدی، وەک گوتم، لە چەمکی ئەرێنیبوونیان و زاڵبوونیان لەنێو پێکهاتەی دوانە لێکدژی نوور/ تاریکی دادەماڵدرێن و بەمشێوەیە نالی سەرەتیی شەوی تاریک لە شیعری کلاسیکیدا بەسەر سوبحدا دەسەپێنێ. ئەمە هەڵبەت لە مێژووی شیعری کلاسیکی فارسیدا شتێکی کەموێنە و بێ پێشینە نییە، بەڵام گرینگ ئەوەیە نالی ئەم هەوڵەی لەنێو گوتاری شیعری کوردیدا و لەنێو پانتایی زمان و کولتوور و کۆمەڵگەی کوردیدا هێناوەتە ئاراوە کە بەم پێیە شتێکی ئەگەر دەستپێشخەرانەی شازیش نەبێت، لانیکەم چاونەترسی و ئازایەتییەکی شیعریی دەگمەن و کەم هاوتایە.

لە شوێنێکی تری دیوانی نالیدا هەمان ئەو شتەی باسی دەکەم بەشێوەیەکی تر هاتووە.

**لەسایەی کوفری زوڵفت دڵ (فنا فی النور)ی ئیمانە**
**مەڵێن زوڵمەت خراپە وەسفی پەروانە لە شەودایە**

ئەگەر سەرنجی ئەو شیعرە بدەی، دەبینی نالی لە گوزارەیەکی وەک "فنا فی النور" کەڵک وەردەگرێ بۆئەوەی سایەی کوفری زوڵف بەشێوەیەکی باش لە قەڵەم بدات. دواتر دەڵێ زوڵمەت ئەگەر تا ئێستا چەمکێکی باو بووە و گوتووتانە خراپە، چیتر وا مەڵێن، چونکە پەروانە لە شەودایە بە وەسڵی ڕووناکایی دەگات. واتە لێرەدا ئەگەر سەرنجی خۆمان لە خوێندنەوەیەکی ئاستی دەقی (text) بێنینە سەرەوەتر و بیکەینە خوێندنەوەیەک لە ئاستی گوتار (discourse)دا، نالی لێرەوە خەریکە بەرامبەر گوتارێکی باو ڕادەوەستێ و گوتارێکی نوێ دێنێتە ئاراوە.

ڕەنگە ئەو گوتارە نوێیە بەحوکمی ئەوەی، وەک گوتم، خۆی دواجار لە ناو زەمینەی گوتارێکی بەربڵاو و بەرفراوانی ئاینیدایە، نەتوانێت ڕاستەوخۆ دژی ئەو گوتارە باڵایە ڕاوەستێ و دژ بە ئەو وەکار بکەوێت، بەڵام لانیکەم لە نێو پانتایی گوتاری ئاینیدا تازەخوازی و نوێگەرایی و چاکسازی دەکات، بەجۆرێک کە دەتوانین بڵێین دواجار خۆی چەمکێکی نوێ دێنێتە ئاراوە. لەڕاستیدا نموونە زۆرە لەو بارەوە و من پێموایە ئەوە دەتوانێت شاهیدی ئەوەبێت کە بۆچی لەدیدی خوڵقاندنی گوتار و پێکهاتەی نوێوە دەتوانین بڵێین شیعری نالی جوانە و شیعری نالی شیعرێکە قابیلی لەنگەرگرتنی جوانیناسانەیە.

## پەروەردەی سێکسیی منداڵ*

پەروەردەی سێکسیی منداڵ، یەکێکە لە هەستیارترین و گرنگترین بابەتەکان. بەڵام بەهۆی نەریتە باوەکانی کۆمەڵگەوە، دایکان و باوکان زۆر گرنگی بەم بابەتە نادەن و وەک شتێکی لاوەکی تەماشای دەکەن. هەڵبەت دەبێت ئەوەش باس بکەین کە دایکان و باوکان نازانن لە ئاکامی گوێنەدانیان بە پەروەردەی سێکسی چ کارەساتێک ڕوودەدات. دەستدرێژیی بۆ سەر منداڵ، لێدانی منداڵ و باسنەکردنی ئەو شتانەی بەسەر منداڵەکاندا دێت بۆ دایک و باوکیان، ئەنجامی نەبوون یان ناتەواویی پەروەردەی سێکسییە. ئەگەر منداڵێک بە باشی پەروەردەی سێکسی وەرگرتبێت، هەوڵی خۆپاراستنی دەدات لە هەر دەستدرێژی و هێرشێک و ئەگەر نەیتوانی خۆی بپارێزێ، دەستبەجێ هەر شتێک ڕوویدابێت بۆ دایک و باوکی باس دەکات. ئەوانیش دەتوانن چارەسەری دەروونیی بۆ بکەن.

دکتۆر ئادەم گوینەش، دوای ئەزموونێکی زۆر و قسەکردن لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر دایک و باوکدا، ئەم کتێبەی نووسیوە و تا ئێستا 35 جار چاپی کردووەتەوە و زیاد لە ملیۆنێک دانە لە کتێبەکەی فرۆشراوە. لێرەدا بەشێوەی زنجیرە وتار، کتێبەکە بڵاودەبێتەوە.

دەبێت ئەوەش بڵێین کە ڕەنگە هەندێک بابەت وا ببینرێت پەیوەندی بە باسەکەوە نییە، بەڵام دەبێت دڵنیا بین لەوەی کە پەروەردەی سێکسیی منداڵ و دروستکردنی کەسایەتییەکی تەندروست بۆ منداڵ، پێویستی بەوەیە کە منداڵ هەموو شتێک، تەنانەت شێوازی گرتنی کەوچکیش فێر بکرێت. بچووکترین شتێکیش کە لە منداڵیدا ڕوودەدات، پەیوەندی دەبێت بە تەواوی ژیانییەوە.

### پەروەردەی هەستەکانی منداڵ

دایکان و باوکان کار بۆ ئەوە دەکەن منداڵەکانیان وا پەروەردە بکەن کە پەیوەست بن بە خوڕەوشتەکانی خۆیانەوە و بیانکەن بە کەسانی ناسراو و دیاری ناو کۆمەڵگە. هیچ دایک و باوکێک نییە ئاسایی بێت بەلایەوە منداڵەکەی بەجۆرێک پەروەردە بکات کە بێڕێزی بکات بە خوڕەوشتەکانی خۆیان و داپیرە و باپیرەیان.

هەموو خێزانەکان هەوڵدەدەن، منداڵەکانیان دوور نەبن لە بنەماکانی ڕێزگرتن و خۆشەویستی. بۆ ئەم مەبەستەش بیر دەکەنەوە، پلان دادەنێن و جێبەجێی دەکەن. وەک چۆن دەکرێت ئەم پلانانە ببنە مایەی خۆشبەختی و سەرکەوتنی منداڵەکە، بەهەمان شێوە ئەگەری ئەوەش هەیە داهاتوویان ڕەش بکەن وماڵوێرانیان بکەن. دەکرێت پلانەکان ئامانجێک بەدەستەوە بدەن کە خۆشحاڵیی بەدوای خۆیاندا بهێنن، هەروەک دەشکرێت پەشیمانی بۆ دایک و باوکەکان بهێنن و بڵێن: خۆزگە وامان نەکردایە. زۆرێک لەو پلانانەش کە دەبنە مایەی پەشیمانیی دایک و باوک ئەو پلانانەن کە لە بابەتی پەروەردەی سێکسیدا جێبەجێیان کردوون.


پەروەردەی سێکسی، پەروەردەیەکە کە ڕاستەوخۆ کەسایەتیی منداڵ دیاری دەکات. قۆناغێکی پەروەردەیە کە ناسنامەی ڕەگەزی پێشکەش بە منداڵ دەکات. بەجۆرێکی تریش دەتوانین بڵێین: پەروەردەی سێکسی ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە ڕۆح و دەروونەوە هەیە. بەڵام جیاوازیشە لە تەواوی ئەو پەروەردانەی دیکە کە کار لە دەروون و ڕۆح دەکەن، چونکە هەر هەڵەیەک لەم پەروەردەیەدا، بەجۆرێک دەروون بریندار دەکات کە سارێژکردنی ئاسان نابێت. نەک هەر چارەسەرکردنی، بەڵکو دەستنیشانکردنی برینەکەش ئەستەم دەبێت.

بەگشتی گرفتە دەروونییەکان وەک گرفتە جەستەییەکان نین و چارەسەرکردنیان ئاسان نییە. چونکە ئەو کەسەی برینەکە سارێژ دەکات، ناتوانێ ئەو ڕۆح و دەروونە ببینێ کە چارەسەری دەکات. ئەو کەسەش کە پەروەردەی سێکسیی منداڵ دەکات، ناتوانێ دەروونی منداڵەکە ببینێ. ئەگەر لەم ڕوانگەیەوە تەماشا بکەین، بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە پەروەردەی سێکسیی منداڵ پێویستی بەوەیە دایکان و باوکان سەرەتا خۆیان پەروەردە بکەن لەسەر شێوازی پێگەیاندنی منداڵەکانیان لەم بوارەدا و زانیاری تەواویان لەبەردەستدا بێت.

منداڵێک کە بەباشی ئەم پەروەردەیە وەردەگرێت و لە جیهانی منداڵیی خۆیدا پێگەی خۆی دەبینێ، دەتوانێ جەستەشی بپارێزێ. بەڵام ئەو منداڵانەی لەسەر "عەیب و عار" ڕاهێنراون و وا پەروەردەکراون کە هەر بە منداڵی خۆیان بە خانومان و خاوەنشکۆ بزانن، تەنیا دەتوانن کاردانەوە پێشان بدەن لە بەرامبەر هەر بێڕێزییەک کە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە. کەوایە پێویستە منداڵ فێر بکرێت کە لە ڕێگەی ئەو پێگە دەروونییەی پێی بەخشراوە، جەستەی بپارێزێ، نەک لە ڕێگەی ئامۆژگاری و ڕێنماییەوە. هەربۆیە "پەروەردەی سێکسی" بەجۆرێک لە جۆرەکان بەخشینی پێگەیەکی تایبەتە بە منداڵ کە هەم منداڵەکە فێر دەکات، هەم کەشێکی ئارام بۆ دەوروبەری دەستەبەر دەکات.

وەرگێڕانی: محەممەد ئیسماعیل

***ئەم وتارە بەشێکە لە کتێبی (پەروەردەی ڕەگەزیی منداڵ) ی نووسەری تورک ئادەم گیونەش کە وەرگێڕدراوە و بەشێوەی زنجیرە وتار لە (ڕووداو) بڵاودەکرێتەوە.**



ڕووداو
ژمارە (366) دووشەممە 2015/7/6

# دوا ڕستەی کوڕی مەریەم

داستان مارف

بۆ تەنیات کردم
بەم خاچەوە بوومە داهۆڵ
بەفرم گرت بەفر
ژیان لەمندا کۆتایی هات
ڕیشۆڵەکان بمبوورن
گەنم لە مندا شین نابێت
ئاسمان لە مندا ئەستێرە لە ناوکیدا هەڵناگرێت
دەریا لە مندا هەناسەیەکی بۆ ماسییەکان نییە
ئای دەریا..
زیندانی شیرینی ماسییەکان
کە لەگەڵ ڕاوچیان دەستت تێکەڵە
وای مرۆڤ...
بێئاگا
چ قەپێک دەکەی بە زەویدا!
خۆشت قەپێلکی گەردوون

تا ڕادەی بێهۆشبوون ئازارم چەشت
تا تەوقی سەر
بە بزماردا ڕۆچووم
لەگەڵ شەمشەمە کوێرە ژیانم گۆڕییەوە
لە تاریکیدا نزام کرد...
بوومە مەلا
لەگەڵ ڤالسێکی )شۆستاکۆڤیچ ( حەی حەیم کرد
فتوام دا: ژماردنی دەنکی تەسبیح
بۆ ماچەکانی ژیان بێت و
ماڵێک لە تەزبیح چێبکەن
ئامۆژگاریم کردن
هەڵوەرین لەسەر جەستەیەک و
ئۆخژنێک بە تۆنی (مەرجان )
پاداشتی ساڵێک دڵنەیەشان و
تا ئەبەد سەبووری و
لەبیرچوونەوەی عەشقەکانی ڕابردووی هەیە.
لە خوتبەیەکدا ڕووتبوومەوە
شەرعی بوومەوە
وەک هاتنم
ڕۆیشتم...

لەخەو هەستام و (سێوە ) بەرەو پەنجەرەکەی بردم
نازانم ئەم نوستالژیایە بۆ ؟
"بە جلکی لەنگە خۆم نوێ دەکەمەوە
لای مەیفرۆشان کۆنترین مەی سەودا دەکەم
برینە کۆنەکان لەسەر ڕۆحم خۆیان نوێدەکەنەوە
ئەو هاوڕێیانەم خۆشدەوێت کە دەنگی ئەکۆردیۆن
بە موزیکی ئەرەبێسک ناگۆڕنەوە
هارمۆنیکام خۆشدەوێت بۆ هاوشانی دەنگێک
لە ڕەنگی فەیروز
باسکردنی ماچ و ڕاموسانم حەز لێیە.
گوێم لێی بێت
قڵیشی لێوی وشکم بۆ ماچکردن حەز لێیە.
بیبینم
پەرتبوونم بژمێرن
دەرزەن دەرزەن
بمشکێنن دروستمکەن
پارچەکانم پێکەوەنێن
فڕێم بدەن...
ئازیزان:
من لە خاچ دراوم
ئەزموونی نوێم نیشانبدەن

وەڵام ناداتەوە
ماندووبووم بەم خاچەوە
ساتێک هەیە وەک بروسکە
گەرم دادێم و لێوە لەرزەمە
بروسکەیەک ژنی ناو تابلۆکانی )ئاریان (م نیشان دەدات
وەختێک ژان گرتوونی
بروسکەیەک دەنگی داریوش دێنێتە گوێم
وەختێک گلەیی هەیە و هاوار لە خەڵکی دونیا دەکات
بروسکەیەک ناوی تۆم پێدەهێنێت
وەختێک لە سەرجێییکردندام لەگەڵ ئەو

بەم دڕکە تاجەوە
کە سەرمی تەقاندووە
خەون لە کەلەمدایە
فڕین...
پەرجوویەکم پێویستە
خاچ دەکەمە باڵ و دەفڕم
پێغەمبەرێک بەدەم فڕینەوە دوا ڕستەکانی بنووسێتەوە
دەبێتە شیعر
لە شیعرێکدا پۆترەیتت دەکێشم
لە شیعرێکدا دەتکەمە گۆرانی
لە شیعرێکدا بێ خاڵبەندی ئەزموونت دەکەم
(بە ڕەهایی)
تۆ ڕۆحی وشەکانمیت
درێژ بنووسم
یان کورت؟
کۆتا ڕستەی پێغەمبەرێکت پێدەڵێم بەدەم فڕینەوە
کۆتا ڕستەی لە خاچدراو
هەمان ڕستەی گومان لە بوون
هەمان ڕستەی تەقینەوەی ناخ و
بێدەنگی ئەبەدی
هەمان پرسیار و
ئازار و
تۆزێک ئومێد
(بۆ تەنیات کردم..!؟)

خاچیش نەبێت مردن هەر دەگات
کوژرانم دەبینیت؟
نا...
وەڵام نادەیتەوە.
خۆت نەبوویت
تەلیسم بوویت
ڕەنگ نەبوویت
گەرد بوویت
ڕوبار نەبوویت
غوبار بوویت.
منداڵم بە گەردوون
دار هەنارم خۆشدەوێت لە بەهاردا
نارنج لە هاویندا
مێو لە پایزدا
هەنجیر لە زستاندا
دەمەوێت بڵێم: ڕووتبوونەوەم خۆشدەوێت.
فلیقاوەی ناو تابلۆیەکی (دالی )م
سورەتی (عیشق)م و لەبیرکراوم
(یەحیا )م و مشتێک ئاوم بۆ تەعمید پێ ڕەوا نابینرێت
کێوی ئەنجیلوس ماڵمە و کابوس خەوی زڕاندووم

– سێوە: 1882– 1963 دەنگخۆش و ماقامبێژێکی میلیی کوردستانە.
– شۆستاکۆڤیچ موزیکدانەرێکی ڕوسییە، 1906– 1975.
– مەرجان فەرساد: گۆرانیبێژێکی فارسە کە بەشێوازی Pop Style گۆرانی دەڵێت.
– ئاریان ئەبوبەکر: وێنەکێشی ژنە سکپڕەکان، ئەو ژنانەی کە پێدەچێت بە مەراق دووگیان بن.
– سیلڤادۆر دالی: وێنەکێشێکی ئیسپانییە 1904– 1989:
– یەحیای تەعمیددەر: موژدەی هاتنی عیسای دەدا، خەلکی بۆ پاکبوونەوەیان لە تاوان دەهاتنە لای، یەحیاش لە ئاوی هەڵدەکێشان.

# هەژموونی شیعر



حەمە سەعید حەسەن

ڤیکتۆر هوگۆ دەڵێت: (ئەی ژن، تەنیا گوێ بۆ دڵی خۆت ڕادێرە! کتێبی دیکە مەخوێنەوە!) بەڵام خاتوونەشاعیر کە دەخوازێت ڕاستگۆیانە و بوێرانە، بە شیعر تەعبیر لە خودی خۆی بکات، (خۆی وەک شالوورێک دێتە پێش چاو، شالوورێک دەرگەی قەفەزی لێ کراوەتەوە، بەڵام کە هەوڵ دەدات ئازادانە بفڕێت، هەست دەکات، تاقە یەک باڵی هەیە،)[*] ئاخر کۆمەڵ باڵەکەی دیکەی لە بنەوە هەڵکێشاوە، ئاخر خەون شتێکە و واقیع شتێکی ترە. نیتشە گوتوویەتی: (مەگەر هەر لە خەونەکانماندا بە تەواوی ڕاستگۆ بین.) هێشتا لای ئێمە، ژن مەگەر لە خەوندا ڕاشکاوانە قسەی دڵی خۆی بکات.

ئەوە شیعر نییە، بەو زمانە نووسرابێت کە هەواڵ و ڕاپۆرتی پێ دەنووسرێت، ئەوە شیعر نییە، وەک سەرگوتار و دروشمی خۆپیشاندان، لە بیرۆکەی جوان و داوای ڕەوا تژی بێت. شۆڕش لە شیعردا، زادەی فیکری شۆڕشگێڕانە نییە، زیاتر پێوەندیی بە نوێکردنەوەی فۆرمەوە هەیە. شیعر واقیعێکە زادەی خەیاڵ، مەجازێکە جوانتر لە حەقیقەت و بە زمانێک دەنووسرێت، هەر دەڵێیت پەیڤەکانی لە ئاخاوتنی نێوانی پەری و فریشتەکانەوە وەرگیراون.

کەس هێندەی شاعیر ڕێز لە وشە ناگرێت، ئەوی بە پاساوی نوێکردنەوەی زمانەوە، بەد مامەڵە لەگەڵ وشەدا دەکات، شاعیر نییە، ئاخر شاعیر قەت وشە ئەتک ناکات. لوغە: زمانە و لەغوە: گەڕەلاوژەیە، شیعر گەڕەلاوژە نییە، زمانە، زمان لەوپەڕی چڕبوونەوەی خۆیدا. شیعر هەر زمان نییە و بەس، مانایشە، مانایەک کە بە هۆی زمانێکی هێور و ڕوون و چڕەوە خۆی نمایش دەکات، ئاخر شیعر حەزی بە هەڵچوون و درێژدادڕی و شیکردنەوە نییە. وەک چۆن شیعرێک هەیە لەڕێی پەخشانەوە خۆی نمایش دەکات، هەروایش پەخشانێک هەیە تەواو لە شیعر دەچێت.

وەک چۆن ئینسان گیرۆدەی ماددەیەکی هۆشبەر دەبێت و پێی ناکرێت خۆی لە بن هەژموونی دەرباز بکات، شاعیریش بە هەمان شێوە، دەکەوێتە بن چەپۆکی بەهێزی شیعرەوە. ئەوە هەر قسەیەکی سەرزارەکی نییە کە شاعیرانی مەزن دەڵێن، (ئێمە شیعر نانووسین، ئەوە شیعرە ئێمە دەنووسێتەوە،) ئاخر شاعیری ڕاستەقینە با بڕوایشی بە میتافیزیک نەبێت، هیچ گومانی لەوە نییە، شیعر بەدەر لە ویستی شاعیر، لە جێیەکی باڵاوە دێت و ڕەتکردنەوەی شتێکە وەک مەحاڵ، ئەوە بۆیە زۆربە، شیعر بە (ئیلهام) دەچوێنن و ئەوە تەنیا شاعیری ڕاستەقینەیشە، (ئیلهام)ی شیعری بۆ دێت. شاعیری لەو جۆرە کە دەگمەنە، ئەگەر سوور بشزانێت، بە نووسینی شیعرێک، ژیانی دەکەوێتە مەترسیی ڕاستەقینەوە، هەر دەینووسێت، لە سۆنگەی ئەوەوە نا، کە سڵ لە مردن ناکاتەوە، بەڵکوو لەبەر ئەوەی، وەک سیحری لێ کرابێت، توانای خۆدەربازکردن لە هەژموونی شیعرەکە شک نابات.

هاوسۆزییەک لە نێوان شاعیری نەریتخواز و خوێنەری کۆنەپارێزدا هەیە، دووەمیان چاوەڕێی چی دەکات و چۆن بۆ شیعر دەڕوانێت، یەکەمیان لەوەی بۆ دەنووسێت و نائومێدی ناکات. نە شاعیری وەها لە ڕێسا دێرینەکان لا دەدات، نە خوێنەری وایش، ژیان لە گۆڕاندا دەبینێت. نە شاعیری وا شتێکی جیاواز دەهێنێتە ئاراوە، نە خوێنەری وا، بڕوای بە فرەیی هەیە. شاعیری وا پرسیار ناوروژێنێت، وەڵام دەداتەوە، خوێنەری وا شەیدای وەڵامە حازربەدەستەکانە و حەزی لە گەڕان نییە بە دوای مانای تازەدا. شاعیری وا مۆچیاریی خوێنەر دەکات، بەڵگەی بۆ دەهێنێتەوە، هەواڵی بۆ دەگێڕێتەوە، باسی شتی دەرەکی و تیژتێپەڕی بۆ دەکات، بایەخ بە ناخ و بوون و بەهای نەمر نادات. خوێنەری وا هەر شتێک دژ بە چاوەڕوانییەکانی خۆی بوو، بە هەڵەی دەزانێت.

(گوێ لە نەی بگرە! چیرۆکی دەردی دژواری جودایی دەگێڕێتەوە.) نەی مەولانا خۆیەتی، باس لەوە دەکات، ڕۆحی لە قەفەزی جەستەیدا زیندانە و ئازادیی ئەوەی نییە، بۆ لای ڕێبەرەکەی بفڕێت. خەمی ئەو دابڕانەیەتی کە لێ ناگەڕێت بە کرۆک بگات، کە توانەوەیە لە ئەوینی خودادا. شاعیر و سۆفی لە وێستگەی گەڕان بە دوای کرۆکدا یەکانگیر دەبن. شاعیریش وەک سۆفی، لە هەوڵی بە پیرۆزکردنی مانایەکدا نییە، سەرقاڵی گەڕانێکی ئەبەدییە، ڕامبۆ گوتەنی: (ئەوە دەنووسێتەوە کە دەربڕینی وەک مەحاڵ وایە.) شاعیر کە لەوێیە، باسی ئێرەمان بۆ دەکات، وەک لێرە بێت، کە لێرەیە، باسی ئەوێمان بۆ دەکات، وەک لەوێ بێت. شاعیر باسی ئەو یادگارییانەمان بۆ دەکات کە لە کەناری چەمێک ڕوویان داوە، لەمێژە وشکی کردووە، شاعیر بە زمانی با، ماڵئاوایی لەو جێیانە دەکات، بێ خوداحافیزی جێی هێشتبوون.

شیعر گۆرانییەکە بۆ خۆشەویستیی ژیان، ئاخر شاعیر لە هەوڵی ئەوەدایە، باری خواری ژیان ڕاست بکاتەوە. شاعیر دەیەوێت بڵێت، ئەوە خۆشەویستییە درێژە بە ژیان دەدات، ئاخر پێی وایە، ئەگەر ئەوین نەبێت، ژیانیش درێژەی نابێت. شاعیر لە هەوڵی بڵند ڕۆنانی تەلاری شکۆی ئینساندایە، چونکە وای بۆ دەچێت، ژیان ئەوە ناهێنێت، بە شکۆیەکی ژێرپێخراوەوە، درێژەی پێ بدەین. شاعیر ئەوە بە ئیشی خۆی نازانێت، بەڵگە و پاساو بۆ گوتنەکانی بهێنێتەوە، بەڵام لەڕێی شیعرەوە، ئەوەمان پێ دەسەلمێنێت، ئەگەر وەک جەستەیش کۆتاییمان پێ هات، دەتوانین لە وشەدا بە نەمریی بمێنینەوە. شاعیر لۆرکا گوتەنی فێرمان دەکات، (با ئینسان سەروەختی لەدایکبوون سەری بەرەو خوارەوەیش بێت، وەلێ سەروەختی مردن، دەبێت وەک درەخت، سەری بڵندی بەرەو ئاسمان بێت.)

(*) عبده وازن، ذات الشاعرة.



گۆران محەممەد
goran.mohammed@rudaw.net

# شووتیكراسی

سەودا و مەعامەلەكردن بە دەستكەوت و پلە و پایەوە شتێكە، گەمەی دیموكراتییش شتێكی دیكەیە. ئەوەی لە كوردستاندا هەیە پرۆسەی دیموكراسی نییە، بازاڕكردنە بە دەستكەوتی حیزبییەوە، ئاخر هەموو ئەو حیزبانەی لە پێناوی چاوی كاڵی دیموكراتیدا ئێستا قوڕگیان بووەتە دەهۆڵی دڕاو، وا ئێستاكێ لۆش لۆش خەریكی سازش و سەودا و مەعامەلەن.


ئێوە زیندوو و من مردوو، دوایی هەر ئەوە دەبێ كە پێشتر نیاز بوو ببێ، بەڵام حیزبەكانی كوردستان هەوڵ دەدەن تا دوا چركە، قازانجی تایبەتیی زۆرتر لە بازاڕی نووسینەوەی دەستوور و مەسەلەی سەرۆكایەتیی هەرێمدا بەدەستبهێنن، فرسەتیش لەمە باشتر چنگ ناكەوێ، پۆستی سەرۆكی هەرێم، لای پارتی ئەڵماسە، ئێ خۆ دەبێ حیزبەكانی دی هەندێ زێڕیان وەچنگكەوێ.

ئاخر ئەگەر سەودا و مەعامەلە نەبێ، چ پێویست دەكات بەڕێز فەخرەدین قادر كە بەكوردیی دەبێ بە شانازیی ئاینیی بەتوانا، بازاڕگێڕی بە تەلەفۆنی سەرۆكی حكومەتەوە بكات، من بیستوومە كوڕ و كچ، بۆ سووككردنی یەكتری، پەیوەندییە تەلەفۆنییەكانیان تۆمار و بڵاودەكەنەوە، بەڵام ئەوەی سیاسەتكاران ئەم كارە بەیەك بكەن، نوێ بوو.

پۆستی سكرتێری پەرلەمان، بۆ كۆمەڵ عەوازە بوو، بۆشایی پڕكردنەوە بوو تا پۆستەكانی دیكە یەكلایی دەبنەوە، پێشتریش بۆ ساڵانی ساڵ، ڕێژەی نەگۆڕ بوو، كاك فرسەتێ هەبوو، سكرتێری هەمیشەیی بوو. پێدەچێ پۆست و مۆست لە كوردستاندا خۆ و شانس بێ، ئیتر سیاسەتیش هەر وا، ئاخر چ پێویست دەكا سەرۆكی پەرلەمان نمایشی درۆینەی دیموكراتییانە بكات، چ پێویست دەكات سەلەفی، سێڵفی لەگەڵ كۆمۆنیست بگرێ، چ پێویست دەكا سۆشیال دیموكرات، نوێنەری كۆماری سێدارە بێنێ، ئاخر كەینێ سیاسەت بە لۆژیكی شەلم كوێرم ناپارێزم بەڕێوەچووە؟

حیزبەكانی كوردستان كلاوچن بوونایە، پێویستیان بە بودجەی حكومەت نەدەما، ئاخر ئەوان لەسەر تیقی شەرەف و نامووسی یەكدی لەسەر دیموكراتی دەبەن، دوایی لە ژوورە تاریكەكانی خۆیان هەمیشە لەسەر زاریانە، سەودا و مەعامەلە دەكەن، هەرزەی عەوامیش، بەم بەزمە دەڵێ بەرەنگاربوونەوەی ملهوڕی لە كوردستاندا.

بەوەدا ڕەمەزانە و پارتی چاوی لە زۆرترین خێر و بێری سیاسییە، بۆیە جێگری سەرۆكی پارتی لە یەكگرتووەوە گفتوگۆكانی دەستپێكرد. ئەوە سەیر نییە كە پارتی بۆچی یەكەم دانوستاندنی لەگەڵ یەكگرتوو بوو، ئەوەیان مایەی سەرسوڕمانە كە لە یەكگرتووەوە بۆ گردەكە و بۆ یەكێتی و بۆ هەر شوێنێک دەچن، لە ئەنجامدا دەڵێن گفتوگۆكان زۆر ئیجابی بوون و بیروڕاكان لەیەكەوە نزیک بوون، لەسەر پرسە نیشتیمانی و هێڵە گشتییەكان هاوڕا بووین، ئەی قوربان ئەوە چەند مانگە ئەم شیر و تیرەتان لە یەک تیژدەكردەوە چی؟ سوعبەت بوو؟ ئاخر ئەگەر ڕەخنەكانتان لەیەكتری ڕاست بووبن، ئەوە ئەم قسانەی ئێستاتان درۆن، خۆ ئەگەر ئەم قسانەی ئێستاتان لە دڵەوە بێت، ئەوە ئەوسا درۆتان كردووە، یانی بەبارێكدا هەر درۆزنن. ئەوەی ئێوە دەیكەن سیاسەت نییە، شووتی فرۆشتنە، دیموكراسیش ڕێنیشاندەرتان نییە، ئاخر ئێوە سەر بە قوتابخانەی شووتیكراسین.



ڕێبوار كەریم وەلی
rebwar.karim@rudaw.net

# چارەسەر دابەشبوونە

بە قەناعەتی دۆست و دوژمن (هی دەرەكی و ناوخۆیی)، ئەگەر ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە 2003 هەلێكی مێژوویی بۆ كورد (نەک هەر لە هەرێمی كوردستان، بگرە لە تێكڕای بەشەكانی دیكەش) ڕەخساندبێ بۆ دیاریكردنی چارەنووسی خۆی، ئەوا هاتنی داعش و ڕووداوەكانی دوای ئەوە دەرفەتێكی زێڕینی بە كورد بەخشی تا لەسەر ئاستی دنیا بدرەوشێتەوە و هەمیش خاكی لەكیسچووی بست بە بست و بەخوێن بەدەست بهێنێتەوە، ئەو خاكەی كە بە هیچ بڕگە و ماددەیەكی دەستوور و هیچ ڕێككەوتنێك مسۆگەر نەدەكرا.

بەڵام لەپاڵ هەموو ئەوانەدا، هەر لەسەرەتاوە دەركەوت كە كورد بە ئاشكرا بەسەر دوو ڕوانگەدا دابەش بوونە. هەر ئەوەش وایكرد ڕووداوەكانی دوای هاتنی داعش تراژیدیای لێبكەوێتەوە و پریشكی ئاگری شەڕ گەیشتە كوردستانی باشووریش. چۆن ڕووی دا و بۆچی داعش لە دەروازەی بەغداوە بایدایەوە بۆ شەنگال و هەولێر! ڕۆژێک لە ژێر پەردەی گومان دێتەدەر، بەڵام ڕاستییەكەی ئەوەیە كە ئەم دەرفەتەش كەم كەم وا خەریكە كاڵ دەبێتەوە.

جارێكیان كاربەدەستێكی ئەمریكی لە دانیشتنێكی دۆستانەدا پرسیاری لێكردم: "بیر لە كوردستانێكی سەربەخۆ لە هەر چوار پارچەی كوردستان دەكەیەوە؟" بێ دوودڵی گوتم: نەخێر. بیر لە هەشت نۆ كوردستانی سەربەخۆ یان سەر بە ئەم و ئەو دەكەمەوە.

وەڵامەكەی من كابرای ئەمریكی تووشی سەرسوڕمان نەكرد و بە زەردەخەنەیەكەوە، گوتی: وەک وڵاتانی عەرەبی.

حەقیقەتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی كوردی یان ئەو كوردانەیش كە دژی وەستاونەتەوە، ئەوەیە كە سەرباری هەموو ئەو كارەساتانەی بەسەرمان هاتوون، ئەگەر لە سایكس پیكۆ كراین بە چوار پارچە، ئەوا ئەمڕۆ سەدەیەک دوای سایكس پیكۆ بەرەو پارچە پارچەبوونی زیاتریش دەچین. بە سەرنجدان لە مێژووی دوور و نزیكی كورد، بەتایبەتیش سەردەمی ئیمپراتۆرییەكان، ئەگەر ئیرادەی ناوخۆیی كورد و ململانێی نێوخۆییان نەبووایە، مەحاڵە توانرابا بە مەستەرەیەک میللەتێک دابەشی سەر چوار وڵات بكرێت. ئەوەی ئەوان ئەوێ ڕۆژێ كردیان، لە دابەشكردنی قەرتاڵە ترێیەک بەسەر چوارماڵدا ئاسانتر بوو!

سەرباری هەموو خوێنڕێژی، كاولكاری و دواتر ئاشتەوایی نێوان دوو بیركردنەوەی سەرەكی لە كوردستانی باشووردا، دەركەوت كە نە یەكتریان پێ لەناو دەبرێت و نە دەشتوانن هەتا سەر باڵادەستیی یەكتری قەبووڵ بكەن و بە دوو ئاراستەی جیاوازیشدا هەنگاو دەنێن. ئەگەر گوتنی ئەو قەولە لای كورد كوفر بێت، ئەوا با لێرەدا ئەو كوفرە بكەم كە سەردەمی دوو ئیدارەیی لە كوردستانی باشوور گەلێک لە ئێستا باشتر بوو. تێكەڵكردنەوەی ئیدارە مێژووییەكانی كوردستان هیچ سوودێكی نەبووە، چونكە ڕووكەش و درۆیین بوو. ئەو دوو ئیدارەیە بەرهەمی سیاسەتی دوو حیزب نەبووە، بگرە بیركردنەوە، باوەڕی ئاینی و عیرفانی، وەلائی ناوچەیی، ئەو حیزبانەی دروستكردووە و درێژە بە ژیانیان دەدات. ئەگەرنا و بە پێوەری كار و خزمەتكردن بووایە دەبوو پارتی ئەمڕۆ 70%ی دەنگی خەڵكی كوردستانی بهێنابایە، كەچی تەنها لە ناوچەی مێژوویی خۆیدا باڵادەستە و ئامادەش نییە ئەو باڵادەستییە ڕادەستی كەس بكات، وەک چۆن یەكێتی و گۆڕانیش لە ناوچەكەیاندا هەمان مامەڵە دەكەن.

لە مێژووی میللەتاندا و ئەوانەی تووشی ئەو پەرتەوازەییە سیاسی و كۆمەڵایەتییانە دەبن، كەسانێک پەیدا دەبن كە دواتر مێژوو بە دیكتاتۆر ناویان دەبات. ئاغا محەممەدخانی قاجار و دواتر ڕەزاشا لە ئێران، ستالین، بسمارک و ئاتاتورک و ...هتد، كەسانێک بوون كە بەزەبری هێز و كوشت و كوشتار، وڵاتەكانی خۆیان لە پارچە پارچەبوون پاراست، ئێمە لە مێژوودا كەسێكی وامان تێدا هەڵنەكەوت. بۆیە لەسەردەمی دیموكراسیدا كە دەرگا لەبەردەم هەموو جۆرە ماف و چارەسەرییەكدا واڵایە، دەكرێ بێ ئەوەی بیر لە بژارەی خراپ بكەینەوە و دووبارە و دەبارە مێژووی خۆمان بجووینەوە، بیر لە بژارەی دابەشكردنی ئیداری لەسەر بنەمای پێكەوە ژیان بكەینەوە. هەرلایە و دەستوور و سیستەمی خۆی، حكومەت و پەرلەمانی خۆی و لەشكری خۆی هەبێ و لەسەر ئاستی بەرزتریش هەردوو ئیدارە بە ڕێككەوتنێک جۆری پەیوەندییەكانی خۆیان دیاری بكەن.

ئەوە زوو یان درەنگ هەر ڕوودەدات جا باشتر وایە پێش ئەوەی دەستوور بنووسینەوە بیرێكی جیدی لێ بكەینەوە.



محەممەد حاجی كەریم

# مەترسیەكانی بەردەم ڕۆژئاوای كوردستان

هەنووكە زیاتر لە پێنج هەزار پێشمەرگەی ڕاهێنراو لە كوڕ و كچانی ڕۆژئاوای كوردستان، لە سەنگەرەكانی باشووری كوردستانەوە لە ڕووبەڕووبوونەوەی سەختدان لەگەڵ داعش. ماوەیەكە هەوڵێک هەیە بۆ گەڕانەوەی ئەو پێشمەرگانە بۆ ڕۆژئاوا، بۆ ئەوەی شانبەشانی هێزەكانی YPG و YPJ، ئەركی پاراستنی ئەو پارچەیەی كوردستان لە ئەستۆ بگرن. لەگەڵ ئەوەی ئەو خواستەی ئەنجوومەنی نیشتمانی كورد ENKS، ویستێكی جەماوەریی لە پشتە، وەلێ پارتی یەكێتیی دیموكراتی PYD قبووڵی نییە جگە لە هێزەكەی خۆی هیچ هێزێكی تر لە پاراستنی ڕۆژئاوای كوردستاندا بەشداربێ.

ئەو ڕەتكردنەوەیە، هەر بیانوویەكی لەپشت بێ لە جێی خۆیدا نییە، ئەوەی ئەمڕۆ لە هەموو شتێک گرنگترە، پاراستنی سەر و ماڵی خەڵكی سڤیلی ئەو پارچەیەی كوردستانە كە بە قۆناخێكی زۆر سەخت و مەترسیداردا تێدەپەڕێ.

ئەگەر مەسەلەكە ئەوەیە، ئەو هێزە بەرهەمی حیزبەكانی نێو ENKS یە و هێزێكی حزبییە، خۆ ناكرێ بڵێین YPG هێزێكی بێلایەنە. هەر شتێک لەبارەی بێلایەنیی YPG بگوترێ، لە تەفرەدانی جەماوەر بترازێ، شتیكی تر نییە.

پرسیار ئەوەیە، ئایا ئەو هێزەی PYD، پشتیوانییەكی میللی هەیە؟ من دەڵێم نەخێر. YPG هێزی هەمووان نییە و بەشێكە لە ململانێی سیاسی.

نكۆڵی لە جوامێری و ئازایەتی ئەو شەڕڤانانە ناكرێ، بەڵام ئەوە مانای ئەوە نییە پاراستنی ئەو پارچەیەی كوردستان لە هێرشی دڕندانەی داعش، هێز و پشتیوانی دیكەی پێویست نییە و تەنیا بە YPG دەكرێ. ڕەنگە كەسانێک بپرسن، چما كێشەیەک هەیە، ئەی ئەوە نییە ڕۆژئاوای كوردستان دەپارێزن؟

ڕاستە PYD بە تاكڕەویی خۆی، لە ڕێی ئەو هێزەوە ڕووبەڕووی داعش دەبێتەوە و مەبەستیەتی ئەو بەشەی كوردستانی لە دەست بمێنێتەوە، بەڵام ئایا ناكرێ بۆ پاراستنی زیاتری ناوچەكە و كەمكردنەوەی زیانەكان، لایەنی دیكەشی قبووڵ بێ؟

ڕەنگە جەوهەری مەسەلەكە ئەوەبێ، ڕازیبوون یان ڕازینەبوون، شتێک نەبێ لە دەست PYD، یان ورتر بڵێین PKK دابێ. دۆخەكە لەوە ئاڵۆزترە و پێدەچێ پێویستی بە ڕەزامەندی خەڵكی دیكە بێ.

نابێ ئێمە تەنیا دیوێک ببینین كە ئەویش بەرگرییە، دەبێ سەیری زیان و دەرهاوێشتەكانی پشت ئەو بەرگرییەش بكەین. دەكەوینە هەڵەوە ئەگەر ڕووكەشانە سەیری بارودۆخی ئەو بەشەی كوردستان بكەین و پێمانوابێ لە دەستێكی ئەمیندایە، بەداخەوە واقیعەكە شتێكی دیكەمان پێدەڵێت.

ئەوەی لە نزیكەوە چاودێریی ڕەوشەكە دەكات، باش دەزانێ مەترسییەكان زۆر لەوە گەورەترن و دۆخەكە زۆر لەوە شێواوترە كە دەبینرێت. ڕۆژئاوای كوردستان زۆر بە چڕی بووەتە ئامانجی داعش و هێزگەلی توندئاژۆ. ئازارەكانی هاونیشتمانیان ڕۆژ بە ڕۆژ قوڵتر دەبنەوە، قەیرانێكی گەورەی ئابووری، ئەمنی و سیاسی، تا بینەقاقەی ئەو وڵاتە ڕۆچووە.

چیرۆک و كاراكتەرەكانی هێندە زۆرن، هەر لایەنە بە قەبارەی خۆی دەستی لە شڵۆقكردنی گۆمەكەدا هەیە و هەوڵدەدات زۆرترین كاریگەری لە گۆڕەپانەكەدا هەبێ.

هێشتا لە ڕۆژئاوای كوردستاندا ڕژێمی سووریا (حزبی بەعس) نەكەوتووە. ڕێكخراوەكانی و یەكەكانی ئەمن و هەوڵگری بە ئاشكرا و بە هەماهەنگی لەگەڵ PYD كار دەكەن، تا ئەوێ گاڤێش زیندانەكانیان پڕن لە تێكۆشەرانی كورد. سوپای ئازاد لە ناوچەكانی سەرێكانیێ و گرێسپی و كۆبانێ و دەوروبەری عەفرین، لە كێبەرکێی سەختدایە لەگەڵ ڕژێمی سووریا و هەندێک لایەنی دیكە.

جەبهەتولنوسرە، وەک باڵی سووریای قاعیدە، دەوروبەری باشووری عەفرینی لە دەستدایە. بە كورتی ئێستا لەو ناوچەیەدا بە دەیان گرووپ و ڕێكخراوی تیرۆریستی ئامادەیی بەرچاویان هەیە، مەترسیدارترینیشیان داعشە كە لە شەڕی مان و نەماندایە لە گەڵ كورد.

ململانێی نێوان ئەو هەموو هێز و دەستانە وایكردووە، كێرڤی دەربەدەربوونی هاونیشتمانیانی ئەو پارچەیەی كوردستان بەرەو وڵاتانی دەوروبەر و ئەوروپا، ڕووی لە هەڵكشان بێ. دەگوترێ تا ئێستا لە كۆی پتر لە سێ ملیۆن و نیو، یەک ملیۆن كورد پەنابەری وڵاتانن.

ئەمە وایكردووە، ئێستا لە ڕۆژئاوای كوردستان كورد زۆرینە نەبێ، چونكە لەلایەكەوە بە لێشاو ماڵ و حاڵی خۆیان جێدەهێڵن، لەولاشەوە ئاوارە عەرەبەكانی ناوچەكانی دیكە شوێنیان دەگرنەوە. ئەوەی زیاتریش دۆخەكەی پەرێشان كردووە، پەیڕەوكردنی سیاسەتی بە زۆر سەپاندنی سەربازیی ناچارییە لە نێو گەنجاندا.

PYD بەهۆی سەپاندنی باج، بارگرانیەكی گەورەی خستووەتە سەر ملی خەڵكی، چاندن و مەڕداری باجێكی زۆری خراوەتە سەر. ئەمەش نەک هەر تەنگی بە جووتیار و كاسبكاران هەڵچنیوە، بەڵكو بە تەواوی مایەپووچ و بێ ئومێدی كردوون. PYD بە هۆی ئەو سیاسەتەوە، زیاتر بەری خەڵكی داوەتە كۆچبەری.

بینینی ئەو واقیعە، مانای دژایەتیكردنی PYD نییە، ئەوەندەی دەرخستنی ڕاستیەكە و ناكرێ لە ئاستیدا چاو بنوقێنین. ئەوانەی كوێرانە پشتیوانی لەو سیاسەتەی PYD دەكەن، یان ئاگاداری واقیع نین و ڕوانینێكی ڕوونیان بۆ ئەمڕۆ و ئاینده نییە، یان پەیوەندی بە ڕقلێبوونەوەی سیاسییەوە هەیە.

كورد لە سووریا لە بەردەم قوناخێكی دژواری مێژووییدایە، ئەگەر بە لێزانی و لۆژیكەوە مامەڵە نەكات، لە ناو ئەو هەموو ناكۆكی و ململانێیەی ناوچەكەدا بە ئاسانی و زیانێكی كەم دەربازی نابێ.

دەوڵەتانی دەڤەرەكە، بە تایبەت ئێران و توركیا، جڵەوی بەشێكی گەورەی ئەو ململانێیە دەكەن و ئامانجیان ئەوەیە كورد لە ژێر هەژموونیاندا بمێنێتەوە و بە هیچ نەگات. هەروەک هەوڵەكانی توركیا لەم چەند ڕۆژەدا زیاتر چڕبوونەتەوە بۆ ئەوەی ئەو پارچەیەی كوردستان زیاتر نوقمی برین و كارەسات بێ. دوور نییە بەهۆی جموجۆڵەكانی ئەم دواییەی توركیا، دۆخەكە سەر بكێشێ بۆ ئاڵۆزیی زیاتر.

پاوانخوازیی PYD، ئایندەیەكی ڕوونی بۆ هاونیشتمانیانی ڕۆژئاوای كوردستان لێ ناخوێندرێتەوە. ئەگەر دڕک و داڵی ناكۆكییەكان بەلاوە نەنێ و بەڕووی ئەوانی دیكەدا نەكرێتەوە، ئایندەی ئەو بەشەی كوردستان لە ئێستا باشتر نابێ و دەرفەتێكیش بۆ چارەسەری نامێنێتەوە.



د. ساقی بارزانی

# گرێكوێرەی سەرۆكایەتیی هەرێم

بابەتی سەرۆكایەتیی هەرێم لە كاتێكداهاتووەتە ئاراوە كە هەرێمی كوردستان و جیهان بە گۆڕانكاریی خێرا و یەک لە دوای یەكدا تێدەپەڕن و كوردستان لەناو گێژاوی قەیرانی ئابووری و سیاسیدا پەنگ دەخواتەوە. ئەمە بابەتێكی فرە گرنگە و ئەگەر ژیرانە مامەڵەی لەگەڵ نەكرێ، دەبێتە هۆكاری پەرتەوازیی ماڵی كورد و لە كیسدانی دەستكەوتە مێژووییەكان و دۆڕانی سیاسی لە ئاستی هەرێم و نێونەتەوەییدا و دواجار گەڕانەوە بۆ چوارگۆشەی یەكەم.

كورت و پوخت ئاراستەی ڕەوت و بزاوتی هزری و سیاسیی حیزبە كوردستانییەكان دابەشبوونەتە سەر دوو بەرە و جەمسەری هاودژ. بەرەیەک كە خۆی لەپاڵ هیلالی شیعیدا دەبینێتەوە ولایەنێكیش كە بەرەو ئاراستەیەكی نێونەتەوەیی دژە تیرۆر هەنگاو دەنێ. كێرڤی پاوانخوازی و ڕكەبەرایەتیی نێوان تاكەكان و حیزبە كوردییەكانیش گیرۆدەی ئەم لێكترازانە بوونە؛ بۆیە لەبەرهەستیاریی ئەم بابەتە دەخوازم هەڵوێستەیەک بكەم سەبارەت بە چارەسەری ئەم قەیرانە:

ئەزموون و تێفكرینی سیاسی چەندین ساڵەی دەسەڵاتی كوردی، لە بابەتە ستراتیژییەكاندا بە پێی پێویست دامەزراوەییانە بڕیاری نەداوە و كەموكوڕیی زۆری هەبووە. دەبووایە پرسی دەستوور و بەدامەزراوەكردنی داموودەزگاكانی كوردستان، چەندین ساڵ لەمەوبەر یەكلایی كرابانەوە و پلانی ستراتیژیی سیاسی و ئابووری دانرابا بۆ ئەوەی حكومەتێكی تۆكمە بە سیستمێكی سەردەمیانە هاتبا كایەوە بۆ جێبەجێكردنی ئەركەكانی.

كێماسییەكان بە پلەی یەک دەگەڕێنەوە بۆ نەبوونی ستراتیژییەتێكی نەتەوەیی هاوبەش و خوێندنەوەی ئاڵۆزی حیزبە سیاسییەكانی كوردستان لە هەمبەر قەیرانە یەک لە دوای یەكەكانی. سەرجەم حیزب و لایەنەكان بێ هەڵاواردن پشكدار بوونە لە خوڵقاندنی ئەم قەیرانانە و مامەڵەكردن لەگەڵ قەیرانە سیاسی و ئابوورییەكان تاكلایەنانە نەبووە و بێگومان لەناو حكومەتدا، سەرجەم حیزبەكان بەشداربوونە و كەسیش ناكرێ خۆی بێبەری بكات لە ئاست ئەم بەرپرسێتیە مێژووییە وهەموو حیزبەكان بەشدارن؛ چ لە چێكردنی قەیرانەكان و چ لە دۆزینەوەی چارەسەردا. هەروەک چۆن پشكداری سەركەوتنەكانن؛ لە كەموكورتییەكانیش بەشدارن. لە بەر ئەمە هیچ لایەنێک نكارێت پەنجەی تۆمەت و گومان بۆ لایەنێكی تر درێژ بكات.

## چارەسەرەكان:

بە ڕەچاوكردنی بارودۆخە نالەبارەكان و لەبەر ڕۆشنایی ئەم ڕەوشە ، پێدڤییە چارەسەرەكان، لە دووتۆی هەڵسەنگاندنێكی زانستییانە و ڕاستبینانەی دۆخەی هەنووكەی ئەم دەڤەرەدا بێ كە ئەمەش خۆی لە نیەتپاكیی هەمەلایەنەو دوورەپەرێزی لە خوڵقاندنی قەیراندا دەبینێتەوە، چونكە ئێمە بە بارێكی زۆر هەستیاردا تێدەپەڕین و هەڵەكان دەبنە هۆی لەباربردنی ئەم كەشە ئارامەی خوڵقاوە.

## چارەسەری نیشتمانی:

سازانی نیشتمانی بووەتە هۆكاری چاوپۆشینی هەموو حیزب و لایەنەكان لە زۆر بەرژەوەندیی تاكی و حیزبی بۆ بەرژەوەندیی گشتی و نیشتمانی. پێدڤییە ئەجێندای نیشتمانی پەیڕەو بكرێ و ئەجێندای حیزبی و دەرەكی وەلا بنرێ و حیزبەكان دابنیشن و دەست بكەنە دارشتنی پلانی سازانی نیشتمانی و دۆزینەوەی چارەسەرێكی گونجاو. هەرچەند سەرۆكی هەرێم ڕێكارە یاساییەكانی گرتووەتە بەر بۆ ئامادەكاریی بۆ هەڵبژاردن، بەڵام كاتەكەی زۆر كورتە و هەرێم بە بارێكی ناجێگیری سیاسی و ئابووریدا تێدەپەڕێ و ئەو هەڵبژاردنە ئەستەمە لە كاتی خۆیدا بكرێ، بۆیە تەنیا چارەسەر، دانوستاندن و سازانە و چاوپۆشینە لە بەرژەوەندییە حیزبییەكان و ڕەچاوكردنی بەرژەوەندییە نیشتمانییەكان. سیاسەتی حكومەتی یەكگرتووی هەرێم تا هەنووكە بریتی بووە لە سازان و پێكڤە كاركردن و چاوپۆشی لە بەرژەوەندییە حیزبییەكان بۆ بەرژەوەندیی گشتی، هەر بۆیە دەبێ هەموو لایەنەكان ڕژد و مكوڕ بن لەسەر بەردەوامبوون لە سیاسەتی دیالۆگ و دانوستاندن. پەرواێزكردن و گۆشەگیركردنی هیچ حیزب و لایەنێک بەرسڤی داواكارییەكانی گەل نییە. پێداچوونەوە بە پۆستە دابەشبووەكان و ڕێككەوتنە ستراتیژییەكانی نێوان حیزبەكان لە كوردستان و بەغدا تەنێ قەیرانگەلێكی تر دەخوڵقێنێ و بەشێک نابێت لە چارەسەرەكان. نەخاسمە كە لەپاش ماوەیەكی زۆر دانوستاندن، ڕێككەوتنەكان بەدی هاتوون.

## چارەسەری یاسایی:

زۆر پسپۆڕی یاسایی دووپاتدەكەنەوە كە ڕێكارە یاساییەكان بەربەستن لەبەردەم دووبارە خۆهەڵبژاردنەوەی سەرۆكی هەرێم، بەڵام ئایا دەرچوواندنی یاسایەكی تایبەت، یان گۆڕینی یاسا كۆنەكان لە پەرلەمان كارێكی ئەستەمە ؟ لە كاتێكدا كە دەستوور هێشتا جێكەوت نەكراوە و لە ڕێفراندۆمێكی ئازاد دا گەل دەنگی پێنەداوە. لەم كەین و بەینەدا گرنگ تاكی سەركردە نییە، بەڵكو گرنگ ئەو خەسڵەت و تایبەتمەندییانەیە كە دەبێ سەرۆكێكی ئەم سەردەمەی كورد هەیبێ بۆ ئەوەی بكارێت لەم قەیرانانەدا هەرێم بەرەو كەناری ئارامی و ئاسایش ببات. گرنگ ئەوەیە ئەو كەسایەتییەی كە دەبێتە سەرۆكی هەرێم، خاوەنی ئەزموونێكی زۆری سیاسی و میلیتاری بێ و لە ئاستی نێونەتەوەییشدا، خاوەن پێگەیەكی متمانەپێكراو بێ بۆ ئەوەی هەرێم لەم قەیرانانە ڕزگار بكات.

لەبەر ڕۆشنایی ئەو پێداویستییانەی سەرۆكایەتی و لە بەر هەستیاریی دۆخی ئێستا، دەكرێ بە دوور لە هیچ دەمارگرژییەكی حیزبی و تاكەكەسی و ناوچەگەری و بە ڕەچاوكردنی بەرژەوەندییە نیشتمانییەكان، هێشتا سوود لە ئەزموونی سیاسی و میلیتاریی سەرۆكی هەرێم وەربگرین تاكو دەگەینە كەنارێكی ئارام و كەشێكی لەبار بۆ چارەسەركردنی كێشە ناوخۆییەكان و سیستماتیككردنی حكومەت و هەرێم. ئەم قۆناغەش خۆی لە پاش ڕێفراندۆم و دەوڵەتێكی سەربەخۆ دەبینێتەوە كە ئەگەر لایەنەكان هاودەنگ و هاوڕا بن بەزوویی بەدی دێت. بە دڵنیاییەوە ئەو كاتە سەرۆكی هەرێم خۆی خوازیار دەبێ كە دابنیشێ و ئەزموونەكە بسپێرێ بە سیاسەتمەدارانی تازە پێگەیشتوو.

ئەم وتارانە گوزارشت لە ڕای نووسەرەكانیان دەكەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی ڕووداو نین.



د.ئازاد عەلی

# لە سلێمانی کاژێر چەندە؟

پاییزی رابردوو سەردانی سلێمانیم کرد، دوای ئەوەی کەمێک دیقەتی رەوشی شارەکەم دا، زۆر بیرەوەری و تێبینی و بیرۆکە لەو سەردانەدا لەلای من دروستبوون، لە کۆتایی سەردانەکەشدا زۆر حەپەسام و خەمگین بووم، بەتایبەتی دوای ئەوەی چوومە مۆزەخانەی ئەمنە سوورەکە، چونکە بەشێوەیەکی زۆر حیزبییانە دەهاتە بەرچاو. تەنانەت شەهیدانی نەمری سلێمانیش لە شەهیدانی کوردستان جیاکرابوونەوە. ساڵی رابردوو کاتێک سلێمانیم بەجێهێشت، زۆر بە خەمگینی و دڵتەنگییەوە وتارێکم بە نێونیشانی (سلێمانی خۆی گەمارۆداوە) بڵاوکردەوە. دوای چەند مانگێک زۆر نیشانەی خۆپەرستی کولتووری ناوچەیی دەرکەوتن، ئەمڕۆ ئێمە لێکۆڵینەوە و ئامار پێشکەش ناکەین، بەڵام ئەوەی جارێکی دیکە زۆر بەهێزەوە سەرنجی راکێشام، ئەوەبوو کە چەند رۆژ پێش ئێستا، لە تەلەڤزیۆنێکەوە کە بنکەی لە سلێمانییە بینیم دەیگوت (کاتژمێر هەشتە بە کاتی سلێمانی)، باشە خوێنەرێک دەڵێت ئایا هەڵەکە لە چیدایە؟ کێشەکە لە ژماردنی کاژێردا نییە، کێشە لە ئەندازیاری رۆشنبیری و ئەو سیاسەتەدایە کە ئەو قسەیەی زۆر بە ئاسانی گوت، کێشەکە لە بنچینەی نەخۆشی و ناتەندروستی بیروباوەڕی سیاسی و کولتووریدایە؟! ئەگەر هەندێک کەس تێنەگەیشتبن کە ئەمڕۆ ژماردنی کات بەکاتی سلێمانی چ نامە و واتایەک دەگەیێنێ، ئەوا بە وردی شرۆڤەی دەکەم.

راستییەکی مێژوویی هەیە سەبارەت بە شار و ناوچەکانی کوردستان و دەبێ بگوترێت، ئەو راستییەش ئەوەیە کە هەموو ناوچە و شارەکانی کوردستان لە سەردەمێک لە سەردەمەکاندا خاوەن دەسەڵات و رۆشنبیری بوون، بۆ نموونە پێش هەزار ساڵ دەوڵەتی کوردی هەبوو بەناوی دەوڵەتی مەروانی یان دۆستکی کە شاری فارقین پایتەختی بوو، دەوڵەتێکی کوردی بووە بەپێی هەموو پێوەرە زانستییەکان. دواتریش شاری بەتلیس رۆڵێکی گەورەی لە مێژووی سیاسی کورددا گێڕا، بەڵام ئەوەی نادیارە و کەم زانراوە، ئەوەیە کە شەرەفخانی بەتلیسی و زۆر لەمێژوونووسان، نووسیویانە کە ئامێدی نزیکەی 400 ساڵ ناوەندی زانین و وێژەی کوردی بووە لە سەرانسەری کوردستان، هەروەهاش نێوداربوو بە پایتەختی میرنشینی بادینان. مرۆڤ دەتوانێ باسی میرنشینی بۆتانیش بکات. هەروەها شەمزینان کە بیروباوەڕەکانی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لەوێ پەیدابوون. ساڵی 1927 حیزبی خۆیبوون لە قامشلۆ دامەزرا و ساڵی 1946 کۆماری کوردستان لە مەهاباد راگەیێندرا.

ئەگەر باسی رۆڵی شارەکانی کوردستان بکەین، دەبێ رۆڵی شارەزوور و رواندز لە بزووتنەوەی نیشتمانیی کوردیدا لەبیر نەکەین.

سلێمانی کە پێش 200 ساڵ دروستکراوە و جێگەی خۆی لە مێژووی کوردستاندا گرتووە، رۆڵێکی زۆر پیرۆزی هەبووە لە بزاڤی نیشتمانی و کولتووریی کورددا، بەڵام رۆڵەکەی هەر چۆنێک بێت، رۆڵی لە زۆر شار و ناوچەی دیکە زۆرتر نییە.

لەگەڵ ئەوەشدا ئێستا نابیستین کەس بڵێت: بەکاتی ئامێدی، یان بە کاتی رواندز، یاخود بەکاتی جزیرێ. بۆچی؟ ئەو شارانە رۆڵی خۆیان لەبیرکردووە؟

بەپێی خوێندنەوەی من، گرفتەکە لەو چەند وشەیەدا نییە، بەڵکو گرفتەکە لە سیستەمی کولتووری و سیاسیدایە. ئەمڕۆ کەموکورتییەک لە کولتووری سیاسی ئێمەدا روودەدات، ئەوە شکستێکە لەلای خاوەن بیرە سیاسییەکانەوە دروستبووە و، پێویستە زوو دیاری بکرێت و چارەسەر بکرێت. سلێمانی یەکێکە لە پێنج شارە چالاکەکەی هەرێمی کوردستان و یەکێکە لە بیست شار کە لە کوردستان خاوەن مێژوویەکی سیاسین، هەروەها دووبارەی دەکەمەوە کە سلێمانی شوێنێکی گرنگ و رێزداری هەیە لەلای هەموو کوردپەروەرێک، بەڵام ئەوە رێگە لەوە ناگرێت باس لەو شارچێتی و خۆهەڵخەڵەتاندنەی هەندێک کەس نەکەین رەخنەی لێ نەگرین. چونکە لەڕووی جوگرافییەوە کاتی سلێمانی و هەولێر هەر یەکە، بەڵام لەڕووی سیاسییەوە هەولێر پایتەختە، ئەگەر پێویستی ئەوەبێت، دەبێ کاتەکە بەناوی هەولێرەوە بگوترێت، بەڵام دیارە لەڕووی جیۆپۆلیتیکییەوە هەندێک کەس لە سلێمانی بەخۆپەرستییەکی سیاسی خۆیان گەمارۆداوە، زۆر دوورتر لەسنووری ئەو شارە هیچ نابینن.

بەڕای من ئەو هەست و هەڵوێستانەی هەندێجار لە سلێمانی دەردەکەون، ئەگەر تەسکیش بن، پێویستیان بە خوێندنەوەیەکی نوێیە، مرۆڤ هیوادارە کە سیاسەتکار، رۆشنبیر و میدیاکارانی سلێمانی زۆر بەدیقەتەوە تەماشای رەوشی جیهان و ناوچەکە بکەن، زۆر باش رووداوەکانی ئەو جەنگە ببینن کە بە جەنگی جیهانیی سێیەم ناو دەبرێت. هەندێک دوورتر لەسنووری شاری سلێمانی تەماشا بکەن، زۆر بە وردی گوێبدەنە دەنگەکانی گۆڕانکاری لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست، بۆ ئەوەی هەموومان بگەڕێینەوە و بڵێین: کاژێر چەندە بەکاتی کوردستان؟



هێمن عەبدوڵڵا
hemen@rudaw.net

# سازانی پارتی و پەکەکە

مەسروور بارزانی لە هەڤپەیڤینێکدا دەڵێت ئەمریکییەکان هانی هاریکاریی نێوان یەپەگە و پێشمەرگەی رۆژئاوای کوردستان دەدەن. لە قسەکانی گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکاشدا بۆ (رووداو)، کە هەفتەی رابردوو لە واشنتن کردی، وا دەردەکەوێت کە ویلایەتە یەکگرتووەکان پێی گرنگە لە رۆژئاوای کوردستانیش لە شەڕی دژی داعشدا هاوکاریی کورد بکات، بەمەرجێک ئەو هاوکارییە بۆ هێزێکی هاوبەشی کوردستانی بێت نەک تەنیا بۆ یەپەگە. بەڵام لەکاتێکدا کە پارتی و پەکەکە شیر و تیر لەیەک دەسوون و شەڕی ساردی نێوانیان رۆژ بە رۆژ توندتر دەبێت، بیرکردنەوە لە نزیکبوونەوەی یەپەگە و پێشمەرگەی رۆژئاوا واقیعبینانەیە؟

لەماوەی یەک ساڵدا دوو نموونە هەن کە دەریدەخەن پێکەوەکارکردن لە شەڕی داعش و ئەو هەڕەشانەش کە لەئایندەدا یەخەی پارچەکانی کوردستان دەگرن، واقیعبینانەیە. ئەزموونی یەکەم لەدوای گیرانی شنگال و گەمارۆدانی چیای شنگال بوو. ئەو دەریچەیەی لە رۆژئاوای کوردستان کرایەوە و بەهەماهەنگی شەڕڤان و پێشمەرگە فریای کوردی ئەو ناوچەیە کەوتن، بەرهەمەکەی ئەوەبوو کە گەمارۆکە شکێندرا و سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەسەر چیای شنگالەوە پەیامی سەرکەوتنەکەی خوێندەوە.

ئەزموونی دووەم لە کۆبانێ بوو. لەو شوێنەی داعش بەدیوێکدا و دەوڵەتی تورکیا بە دیوەکەی دیکەدا گەمارۆی دانیشتووانی شارەکە و شەڕڤانانیان دابوو، بەهاناوەهاتنی پێشمەرگە بە چەکی قورسەوە وایکرد چیرۆکی بەرگریی شارەکە کۆتاییەکی تراژیدی نەبێت.

دەکرێ بە هەمان پێوەر تەماشای ئەزموونی باشووری کوردستانیش بکەین. لە شەڕی دژی داعشدا هەرچەندە هێزەکانی حەفتا و هەشتای سەر بە پارتی و یەکێتی هەر مابوون و ماون، بەڵام وەزیرێکی سەر بە بزووتنەوەی گۆڕان و فەرماندەیەکی گشتیی هێزە چەکدارەکان کە پارتییە و فەرماندە ئازاکان لە گەرمیان و کەرکووک کە زۆریان سەر بە یەکێتین، بە یەکدەستی توانییان داعش لە ئەفسانەی دڕندایەتی و شکستنەناسییەوە بکەنە هێزێکی چاوشکاو لەسەر دەستی پێشمەرگە. نهێنیی گەورەی سەرکەوتنەکەش لەوەدا بوو کە لەجیاتی کەللەرەقی، پارتی و یەکێتی بڕیاری راستی ئەوەیان دا کە شەڕی مان و نەمان پێکەوە بکەن.

داعش بەو چاوشکاویەوە لە باشوور و رۆژئاوای کوردستان سوودی لە کەلێنێکی ناهاودەنگیی کورد وەرگرت و دزەی کردە نێو کۆبانێ. هەرچەندە دیمەنەکانی ناو کۆبانێ خەمهێنەر بوون، بەڵام نەدەبووایە هەڵسەنگاندنمان بۆ رووداوەکە هێندە سۆزدارانە بێت. هەڵسەنگاندنی عەقڵانی کە دەبووایە بیکەین هەمان ئەو قسەیە بوو کە ئەمریکییەکان دەیکەن و مەسروور بارزانیش گوتییەوە.

ئەوەی روویدا ئەنجامی نەبوونی هەماهەنگیی نێوان یەپەگە و پێشمەرگە بوو لە رۆژئاوای کوردستان. چونکە دەرکەوتووە یەپەگە بەتەنیا ناتوانێت رۆژئاوای کوردستان بپارێزێ و دەبێ هێزێکی دیکە هەبێت هاوکاریی بکات. نابێ ئەو هێزەش سوپای ئازادی سووریا بێت. بەڵکو هێزێک بێت کە متمانەی پێبکرێت و وەکو کاتی رووداوەکەی ئەمدواییەی کۆبانێ نەبێتە پاژنەی ئاشیل.

میکانیزمی بەشدارکردنی ئەو هێزە کاتی خۆی لە رێککەوتننامەی هەولێردا لەنێوان لایەنەکانی رۆژئاوای کوردستان بڕیاری لەسەردرا و هەرگیز جێبەجێ نەکرا. بەڵام هێشتاش درەنگ نەبووە و لەجیاتی ئەوەی ئۆباڵی ئەو کارەساتانەی دوای ئەوە روویاندا بخرێتە ئەستۆی ئەو لایەنەی خۆی لە رێککەوتنەکە دزییەوە، باشترە هەمووان بیر لەوە بکەنەوە کە چۆن ئەو هەماهەنگییە لەنێوانیان دروست ببێت. تاوەکو هەم ئەمریکا و هاوپەیمانان بتوانن پشتیوانی لە ئەزموونی رۆژئاوای کوردستان بکەن، هەم رێگەش لەوە بگیرێت کە ئەو پارچەیەی کوردستان تووشی کارەسات ببێتەوە.



بەرزان عەلی حەمە

# لە رووداو مەنووسە!

خەڵک لە کوردستان زوو زوو پیشەیان دەگۆڕن، بەڵام لەپاڵ هەموو پیشەیەکیاندا، دەست لە کۆنترین پیشەی خۆیان کە سیاسەتە هەڵناگرن. دووسەد ساڵ پێش ئێستا کلۆدیۆس ریچ لە گەشتەکەیدا بۆ کوردستان، هەمان تێبینی هەبووە، ئەگەرچی سیاسەت لە ناوەڕۆکدا زانست و تیۆر و هاوکێشەیە، بەڵام لەناو کورددا قسەکردن لەسەر حیزب و سەرکردەی پارتەکان، یاخود رەخنەگرتن لە کەموکورتییەکانی دەوڵەت، یان وەسف و سەنا و هەجوی سەرکردەکانیش، پێی دەگوترێ سیاسەت!

کاتێک لە ماڵی کوردێکدا ئەندامانی خێزان لەمەڕ رقلێبوون یان خۆشویستنی سەرکردەیەک، دەبێتە گفتوگۆ یان هەلایان، باوک یان گەورەی خێزانەکە دەڵێت: ناوی خوای لێ بێنن و باسی سیاسەت مەکەن. کە لە زانکۆ بووم، هاوپۆلێکم شتێکی هەڵەی لەسەر مەحموود سەنگاوی گوت و منیش بۆم راست کردەوە، مامۆستاکەمان گوتی باسی سیاسەت مەکەن، چما قسەکردن لەسەر مەحموود سەنگاوی پێیدەگوترێ سیاسەت؟ وەک چۆن قسەکردن لەسەر دەرزی و حەب و شرووب پێی ناگوترێ شرۆڤەی زانستی پزیشکی، ئاواش نابێت قسەکردن لەسەر یەکێتی و پارتی و گۆڕان و ئیسلامییەکان و مەحموود سەنگاوییەکانیش، پێی بگوترێ سیاسەت. نابێت هەر کەس گوێی لە هەواڵەکانی کاژێر هەشت گرت، پێی بگوترێ سیاسی و هەر کەسێکیش رۆژنامەی ئاوێنە و هاوڵاتی و رووداوی لە چایخانە جەنجاڵەکە خوێندەوە، پێی بگوترێ چاودێری سیاسی، چما ئەوان دەزانن سیاسەتی چایخانە و چایخانەی سیاسی جودایە؟!

بەهۆی ئەوەی کە زۆربەی خوێندەوارەکانی کورد بە شیعر دەستیان بە نووسین کردووە، شیعریش ئیلهام و ئیحساس و سۆز و هەندێکیش کرۆزانەوەی تێدایە. پاشان بەهۆی سروشتە هەمیشەییەکەی کوردەوە کە پیشە گۆڕینە، بەشێکی زۆر لەمانە بوونەتە رۆژنامەنووس، ئیتر هەست و گریان و ئیحساسی شاعیرانەی خۆیان تێکەڵ بە پیشەی رۆژنامەگەری کردووە، هەربۆیە کە سەیری بەشی زۆری میدیای کوردی دەکەی، هێندە عاتیفەت دەبزوێنێ، نیو هێندە ئەقڵ و دەماغت ناجوڵێنێ، هێندەی دەتخاتە گریان، نیو هێندە ناتهزرێنێ!

من کە گوتم خەڵکی کوردستان زوو زوو پیشە دەگۆڕن، زۆرتر بۆ ئەوەم بوو کە بڵێم: زۆربەی تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردی، لەبەر ئەوەی بە نەشارەزایی و بە هەڵە، هەموو پیشەکانیان تاقی کردووەتەوە، بۆیە ماف دەدەن بە خۆیان کە قسەیان لەسەر هەموو شتێک هەبێت، تەنانەت لەسەر ئەم وتارە و شوێنی بڵاوکردنەوەکەشی، چونکە ئەم جۆرە دونیابینییە کە زۆرتر گچکە نووسەرە تازەفۆنت و کۆنە شاعیرە شکستخواردووەکانی دونیای ئەدەبی کوردی، پەرەی پێ دەدەن، بەتایبەت ئەوانەیان کە زوو زوو بە من دەڵێن لە رووداو مەنووسە، وای کردووە کە زۆربەی تاکەکانی میللەت پێیانوابێ، پێش ئەوەی سەرکردەکان هەبن، ئەمان سیاسی بوون، پێش ئەوەی میدیاکان بێن، ئەمان رۆژنامەنووس بوون، بەڵام هەرگیز کەس ناڵێت پێش ئەوەی پزیشکەکان هەبن ئێمە نەخۆش بووین، دەنا کۆمەڵگەیەک کە هەموو پیشەکان تێیدا تێکەڵ بووبێ، دەبێت پێی بگوترێ کۆمەڵگەیەکی نەخۆش، تووڕە مەبە، دەی خۆ نەخۆشی شوورەیی نییە، لاوازییە، لاوازیش شوورەیی نییە، بێ بەرهەمییە، بەڵام قوربان خۆ لەمەیاندا کۆکیت لەگەڵم کە بێ بەرهەمی شوورەییە؟!



هێمن ئەسکەندەر

# بەدیلی یەکێتی بۆ پارتی هەر یەکێتییە

تا دێت لە رۆژەکانی کۆتایی ولایەتی سەرۆکی هەرێمی کوردستان نزیک دەبینەوە و کێشمەکێشە سیاسییەکان توندتر و گەرموگوڕیی و ها و کێشە سیاسییەکان و خیتابی حیزبەکان زیاتر دەبێت. بزووتنەوەی گۆڕان جیا لە هەموو پارتە سیاسییەکانی دیکە و لە پێشهاتێکی نوێدا لەگەڵ ئەوەی کە لە حکومەت شەریکە و قۆناغی ئۆپۆزسیۆنبوونی تێپەڕاند هەروەک لە بانگەشەکانی هەڵبژاردندا دەیگوت بەرەو دەسەڵات دەچین و بەکردار چووە دەسەڵات، بەڵام لە پێشکەشکردنی پرۆژە یاسای هەمواری یاسای سەرۆکایەتی وەکو ئۆپۆزسیۆنێکی سەرسەختی پارتی مامەڵەی کرد و تەوافوقی سیاسیی نێوان خۆی و پارتی شکاند، پێموایە گۆڕان ویستی پارتی لە پێگەیەکی لاوازدا بهێنێتە ناو گفتوگۆکانی پرسی سەرۆکایەتی هەرێم، چونکە لە ئەلف و بێی کاری سیاسی ئەوەیە کە تا بکرێت دانوستاندن لەگەڵ بەرامبەرەکەت لەوکاتەدا بێت کە ئەو لاوازە تا ناچار بێت بێتە ناو پرۆژەی تۆ و ئەو بێ پرۆژە بێت، ئەم هەنگاوەی گۆڕان تا ئێرە سیاسیانە بوو، بەڵام گۆڕان هەر زوو لە خۆبایی بوو و دوو هەڵەی کرد:

یەکەم، بە هێنانی کونسوڵەکانی وڵاتان بۆ نێو هۆڵی پەرلەمان و بەشداریی ئێران سەرکێشی بوو کە نەیتوانی باش بەبازاڕکردنی سیاسی بۆ بکات.

دووەم، لەوکاتەی کە یەکگرتوو داوای کۆبوونەوەی پێنج قۆڵیی کرد و سەردانی لایەنەکانی کرد، گۆڕان گوتیان کە ئامادەن بچنە ئەو کۆبوونەوەیە، بەڵام دەبێت پارتی دیموکراتی کوردستان بە پرۆژەوە بێتە کۆبوونەوەکە و بەمەش کۆبوونەوەکە دواخرا و ئێستا پارتی دیموکرات دەستی کردووە بە سەردانەکانی بۆ لای پارتەکان و پارتی جیا لە داواکارییەکەی یەکگرتوو، دەڵێت پرسی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان پرسی هەموو خەڵک و پێکهاتەکانە و بەمەش پارتی ئێستا خاوەنی پرۆژەی خۆیەتی و بازنەی یەکلاکردنەوەی کێشەکەش لە پێنج قۆڵی گەورەتر دەکات بۆ چەندین قۆڵی کە لەمەیاندا پارتی براوە دەبێت لەسەر گۆڕان، بەتایبەتی ئێستا گۆڕان خەریکە کۆتاکانی پەرلەمان لەخۆی دووردەخاتەوە.

یەکێتی نیشتمانی کوردستان دوو جار گۆڕانی لەخشتە برد، جارێک کە رێگای لە گۆڕان گرت لە وەرگرتنی پۆستی پارێزگاری سلێمانی لەکاتێکدا براوەی یەکەمیش بوو. جاری دووەم لە پرسی هەمواری یاسای سەرۆکایەتی کارەکەی بە گۆڕان کرد و گۆڕانی خستە بەردەم رێگایەک کە ئەوسەری دیار نییە و تۆڵەی 30/6/2013 ی لە گۆڕان کردەوە و ئێستاش لە دوای کۆبوونەوەی لەگەڵ شاندی پارتی، یەکێتی دەڵێت: ئێمە لەسەر پرسەکان لەگەڵ پارتی لە خاڵە سەرەکییەکاندا کۆکین و دەمانەوێت لە پرسی ئابووری و ئاسایش و سیاسەتی بەڕێوەبردنی هەرێمی کوردستان ئاگادار و شەریک بین، بە تێگەیشتنی من ئێستا یەکێتی و پارتی بیر لە حکومەتی زۆرینە و وەدەرنانی گۆڕان دەکەنەوە لە حکومەت و سەرۆکایەتی پەرلەمان. وتەی هەندێک لە بەرپرسەکانی پارتی کە دەڵێن گۆڕان بە 24 کورسی ئەگەر بە سازان نەبووایە نەیدەتوانی سەرۆکی پەرلەمان ببات، روونە. بۆیە یەکێتی نیشتمانی براوەی یەکەم دەبێت لەم بارودۆخە و بە وەدەرنانی گۆڕان لە حکومەت، یەکێتی دەبێتە خاوەن پشکی دووەم لە کێکی حکومەت و هەردووکیشیان (پارتی و یەکێتی) ماوەی چەندین ساڵە حوکمڕانیی ئەم وڵاتەیان بە شەراکەت کردووە و لە کۆدەکانی یەکتری باشتر شارەزان. پارتیش کە دەیویست بازنەی هاوپەیمانیی ستراتیژی فراوانتر بکات و گۆڕان داخیل بکات، کە بێگومان لەسەر حیسابی بەشی یەکێتی دەبوو، بۆی نەکرا و ئێستا دەرکەوت بەدیلی یەکێتی بۆ پارتی هەر یەکێتییە.



ئاسۆ

بێستون عوسمان
bestoon.othman@rudaw.net

# سەرۆکایەتی بخەنە ریفراندۆمەوە

کوردستان لەبەردەم بڕیارێکی زۆر هەستیاردایە. کورد بۆ یەکەم جار لە مێژوویدا دەستوورێکی هاوچەرخ دەنووسێت. دەستوور رێککەوتنی کۆمەڵگەیە لەسەر کۆمەڵێک بنەمای هاوبەش کە کاریگەرییان لەسەر ژیانی هەموو تاکێک دەبێت. کەوابوو دیاریکردنی ئەو بنەمایانە پێویستە لەسەر بنەمای هاودەنگیی سەرجەم تاکەکانی ئەو کۆمەڵگایە بێت، نەک پارتەکان.

دوو بابەتی زۆر گرنگ هەن کە پێویست بە گەڕانەوە بۆ دەنگی گەل دەکات پێش جێگیرکردنیان لە هیچ دەقێکی یاساییدا. یەکەمیان مەسەلەی شێوازی بەڕێوەبردنی وڵات و ئەگەرەکانی سیستەمی سەرۆکایەتی یان پەرلەمانی. دووەمیشیان پرسی ئاینیبوون یان عەلمانیبوونی دەستوورەکەیە.

پێش هەموو شتێک بە بۆچوونی من ئێستا هەتا بڵێی کاتێکی هەڵەیە بۆ بڕیاردان لەسەر دەستوور. لەبەر ئەوەی ئەو پرسە راستەوخۆ گرێدراوە بە قەیرانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانەوە. کاریگەریی شەخسی مەسعود بارزانی باندۆری دەبێت لەسەر شێوازی نووسینەوەی دەستوور. بەڵام نووسینی دەستوور لەکاتێکدا کە ماوەی ویلایەتی سەرۆکی هەرێم کەمتر لە دوو مانگی ماوە، کرۆکی بابەتەکە دەگۆڕێت لە نووسینی دەستوورەوە بۆ چارەسەری قەیرانی سەرۆکایەتی.

دەبووا ئەو بابەتە زۆر پێشتر یەکلاکرابایەوە، نەک پارتەکان پشتگوێی بخەن. ئێستاش کە کەوتووینەتە ئەمری واقیعەوە، راستترین هەنگاو گەڕانەوەیە بۆ بڕیاری گەل لەڕێگەی ریفراندۆمەوە.

لە سیستەمە دیموکراسییەکاندا تەنها بڕیارێک کە قابیل نییە بۆ تانەلێدان بڕیاری گەلە. بڕیارێک کە گەل راستەوخۆ لەڕێگەی دەنگدانەوە بەشداربووە تێیدا.

بگەڕێنەوە بۆ گەل، بپرسن خەڵکی چ جۆرە سیستەمێکیان دەوێت؟ سەرۆکایەتی، نیمچە سەرۆکایەتی، یان پەرلەمانی؟ سەرۆک بۆ چەند ساڵ و چەند جار هەڵبژێردرێت؟ بزانن خەڵکی دەیەوێت سەرچاوەی یاسادانان شەرعی ئیسلام بێت یان بەها مرۆییە گەردوونییەکان؟ پێش ئەوەی دەستوور بنووسنەوە، پێش ئەوەی بیخەنە دەنگدانەوە لە پەرلەمان و بچێتە بەردەم سەرۆکی هەرێم، لەڕێگەی ریفراندۆمێکەوە ئەم مەسەلانە لەگەڵ گەل یەکلا بکەنەوە و گەل هەرشتێکی گوت هەموو رێزی لێبگرن و بەهەموو تواناتان پشتگیری لەو بڕیارە بکەن.

هەر بڕیارێک لە ئەنجامی ریفراندۆم هاتبێتە کایەوە و دەنگی زیاتر لەنیوەی کۆمەڵگەی لەگەڵ بێت، شەرعییەتی تەواوی هەیە. نەک هەر لەسەر ئاستی نیشتیمانی، بەڵکو لەسەر ئاستی ناوچەیی و نێودەوڵەتیش.

لێرەدا دەمەوێت باسەکە ببەستمەوە بە پرسی سوپای نیشتیمانی و ریفۆرمی ئابووری و باسی سەربەخۆییەوە. ئەنجامدانی ریفراندۆم، راهێنانی کۆمەڵگا لەگەڵ گەڕانەوە بۆ بڕیاری، کاریگەری ئەرێنی دەبێت لەسەر یەکلاکردنەوەی هەریەکێک لەو پرسانە کە هەریەکێکیان تەحەددایەکی گەورەن لەبەردەم وڵاتدا.

بەکوردییەکەی دەمەوێت بڵێم، مادەم سیاسەتی کوردی دابەش بووە بەسەر پێنج پارچەدا و هیچیەک یان دووان لەو پێنج هێزە ناتوانن بەتەنها پرسەکان یەکلایی بکەنەوە، بۆ سەرجەم بابەتە حەیاتییەکان بگەڕێنەوە بۆ رای گەل. ئەمە هەم لەنێو کوردستاندا شەرعییەت دەدات بەهەموو بڕیارەکان، هەم لەسەر ئاستی جیهانی پێگەی کورد و توانای دانوستاندنی بەهێز دەکات.

WWW.RUDAW.NET

RÛDAW
Rudaw Media Network
Rudaw readers know more



هیوا جەمال:

## ئازادی کارکردنم لە رووداو زیاترە تاوەکو کەی ئێن ئێن

« 12

خاوەنی ئیمتیاز : تۆڕی میدیایی رووداو
سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam@rudaw.net
جێگری سەرنووسەر : سالّح قادر rodan@rudaw.net
بەڕێوەبەرانی نووسین: نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net
هیڤیدار ئەحمەد hevidar@rudaw.net
بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیمەتی himati@rudaw.net
ئەندامی شانازی ستاف : عەبدوڵلا قرگەیی
دیزاینەران : بەختیار مستەفا ، هونەر مەرجان ، شاهۆ محەممەد

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی رووداو دەریدەکات
نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی 07501130997
ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی رووناکی
Tel: 0750 486 34 12 - 0750 488 56 96
rudaw@rudaw.net





